

**کاتارینا بلوم**
**بەدبەکارهێنانی میدیا**
**لە ئاستێکی ترسناکدا**


warvin.press@yahoo.com


# WARVIN.ORG


خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**لەنجە عەبدوڵڵا**

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

**تەنیا کوردی**

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

**بەهرە حەمەڕەش**

behre2009@yahoo.com

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی
ڕێباز عەبدوڵلا
٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦

**راوێژکاری یاسایی:**

فەوزیە فەقێ رەشید

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506
Normal: 0662647813

**راوێژکاری دەروونی:**

د. توانا عەبدولڕەحمان

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com



www.netewe.com

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ وارڤین:

# بڕیارەکانی حزب مۆرکی عەقڵیەتی پیاوسالاری پێوەیە

**دکتۆر جوان ئیحسان کەسایەتی دیاری ژن لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین باس لە ڕێگرییەکانی بەردەم بەرەو سەرکردایەتی چوونی ژن لەو حزبەدا دەکات، ئەو دەڵێ: «ئەگەر سەیربکەین، تا کاندیدێکی ژن هەبێت، چوار کاندیدی پیاو هەیە، ئەوە کێشە بۆ ژن دروست دەکات، هەروەها کاتێک پرسی کاندیدێک دێتە پێشەوە، ئەوا زیاتر بۆ پیاوەکان مۆر دەکرێت».**

**وارڤین: بەوپێیەی ئێوە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیت. وەک دەزانن حزبەکەتان لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆنگرەی یەکەمی خۆی سازکرد و کۆنگرەی دووهەم و سێهەمیشی لەدەیەی یەکەمی ئەم هەزارەیە بەدوادا هات، بەڵام پێش کۆنگرەی سێهەم غیابی ژن لەسەرکردایەتی یەکێتی وەک حزبێکی سۆسیال دیموکرات زۆر زەق بوو، هۆیەکەی چی بوو؟**

د. جوان: هەر لەسەرەتاوە یەکێتی پلانی هەبوو ژن بباتە سەرکردایەتی، دەشێت زەمینە زۆرخۆشنەبووبێت لەو سەردەمەداو ئەو هەڤاڵە ژنانەی خۆیان کاندید کردبێت، دەنگێکی وایاننەهێنابێت. کێشەکەش لەناو هەڤاڵە ژنەکاندا نییە، کێشە لەناو ئەو هەڤاڵانەی دیکەیە کە پیاون، ئەوەش لەبەر پرسی پیاوسالارییەکەیە کە بڕوایان بەجدیەتی ژنان نییە لەڕووی کارکردن لەکایەی سیاسی. لەدوای ئازادی عێراقەوە کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەڕاستی ڕۆڵیان هەبووە. باسکردن لەسەر ئەم بابەتانە زەمینەیەکی باشی خۆشکرد و کاریگەری لەسەر زیادکردنی کاندیدی ژن لەکۆنگرەی سێ هەبوو. خاڵێکی دیکە دەبێ زۆر لەبەرچاومان بێت، ئەوەیە کە کەسی یەکەمی ناو حزب ڕۆڵێکی زۆرگەورەی هەیەو من وەک کەس باسی ناکەم، بەڵکو وەک سکرتێری حزبەکەم باسی لێدەکەم و لەزۆربەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان دووپاتیدەکاتەوە کەدەبێت ژنان و گەنجان ڕۆڵیان هەبێت. ئەمە وایکرد، هەندێک عەقڵیەتی سیاسی، یا کادری سیاسی بەو شێوەیە بیربکەنەوەو وایانلێبکات بەو ڕەوتە بیرنەکەنەوە، بەراشکاوی بڵێم هەڤاڵ مام جەلال ئەو دەرگایەی کردەوە بۆ خۆکاندیدکردنی ژن، ئەگەر پێشووتریش هەبووبێت وەک حزبێکی سۆسیال دیموکرات هاندانێکی زیاتر دەبێ بۆی.

**وارڤین: وەک ئاگادارن قۆناغەکانی پێشوو زیاترقۆناغی شەڕی ناوخۆ و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی بوو. ئایا ئەوە واینەکردبوو کە ئەو پیاوانەی سەرکردایەتییان گرتبووە دەست و شەرعیەتی شۆڕشیگێڕییان لە خەباتی شار قۆستبووەوە بۆ قۆرغکردنی دەسەڵات و برەودان بەعەقڵیەتی پیاوسالاری؟**

د. جوان: ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، ئەو قوناغانەی بڕیومانە بەشەڕی ناوخۆش قۆناغێکی تاڵ و ئەزموونێکی تاڵ بوو، شەڕی ناخۆ تەواوبووەو دووبارەش نابێتەوە. هۆکارەکان زۆرن سیاسی، ئابووری، یاخود کەلتووری و هەموو ئەمانە کۆمەڵە لێکتێنەگەیشتن بووبێت، ڕەنگە بوارنەدان بەیەک، شەڕی ناوخۆی دروستکردبێت، بەڵام ئەگەر بیبەستنەوە بەشەخس یاخود، بەسەرهاتێک بەتەنیا زۆر سەرکەوتوو نابین لەتێگەیشتنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە.

**وارڤین: یەکێتی نیشتمانی دوای تەمەنێک لەپاڵێوراوێتی بۆ سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ دواتر توانی ببێتە ئەندامی کارای ئەو**



د. جوان ئیحسان

فۆتۆ: وارڤین

www.netewe.com

**ڕێکخراوە، ئەو ئەندامێتییە لەڕووی دیسپلینی حزبی و شێوازی بیرکردنەوەو دارشتنی پرۆگرامی یەکێتی تاچەند ڕەنگیداوەتەوە؟**

د. جوان: خۆی ئەندامبوون لەو ڕێکخراوەداو ئەو حزبانەی لەو ڕێکخراوەشن لەناوخۆدا پەیڕەوپرۆگرامێکی نەرمونیانیان هەیە. یەکێتی نیشتمانیش ئەندامە لەو ڕێکخراوەداو خۆیشی هەڵگری ئەو فکرەیە، ئەمەش وایلێکردووە ئەوەندەی دیکە وابەستە بێت و سوود لەئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەوان وەرگرێت.

**وارڤین: ئایا ژنانی کارامە لەنێو یەکێتیدا نین تابتوانن پۆستە باڵا حزبییەکان وەربگرن یاخود پیاوسالاری سەرکردایەتی هێشتا قبووڵی نییە ژنێک لەتەکیدا دانیشێت و بەشداربێت لەبڕیارەکان؟**

د. جوان: کارکردن لەبواری سیاسەتدا کەسایەتییەکی بەتوانای دەوێ کە بتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و جەماوەر بەڕێوەبەرێت. ئەمە لەجیهاندا وردەوردە دەرکەوتووە، پێشتر دەمانبیست تانسۆچیلەر لە تورکیا، یاخود چەند ژنێکی دیکە، بەڵام تاگەیشتە ئەم قۆناغە گۆڕانکارییەکی باش بوو. پێشموایە قۆناغ بەقۆناغ دەبێ. ئەوە یەکێک بوو لەو شتانەی کە هەستمانپێکرد، بەڵام سەبارەت بەکارکردنی سیاسی، پێویستە بگوترێت کە پێشتر بوار تەنیا بەپیاو دراوە کار بکات، ئەگەر ئێستاش سەیرکەین تاکاندیدێکی ژن هەیە چوار کاندیدی پیاو هەن. ئەوە کێشە بۆ ژن دروستدەکات. کاتێک کاندیدێک دێتەپێشەوە زیاتر بۆ پیاوەکان مۆر دەکرێت، هۆکاریش پیاوەکانە. لەئێستادا ئەوان زاڵن، ئەوان بڕیار وەردەگرن، ئەوان دەستیاندەڕواو عەقڵیەتی پیاوسالاری زاڵە. لەڕاستیدا دەبێت لەشەڕدا بین و ئەوە بسەلمێنین کە هەین.

**وارڤین: لەکۆنگرەی سێدا سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جەلال تاڵەبانی، هیوای خواست لە کۆنگرەی داهاتوودا ژنێک بۆ پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی کاندید بکرێت، بەڵام ئەی بۆ ئەم کۆنگرەیە ژنێک نەکرایە جێگری سکرتێری گشتی؟**

د. جوان: پێموابێت ئەمەش قۆناغ بە قۆناغە. وەک دەزانن پێشتر ژن نەچووەتە سەرکردایەتی یەکێتی. لەگەڵ ئەوەش ژنمان هەیە لەمەکتەبی سیاسیدا، هەڤاڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدمان هەیەو بەبڕوای من لەکۆنگرەیەکی دیکەدا باشتر و زیاتر هەست بەئامادەیی ژنان دەکەین.

**وارڤین: سەرەڕای ئەو پەیڕەوە سۆسیال دیموکراتییانەی یەکێتی و پەروەردەکردنی کادیر و ئەندامانی حزب لەسەری، بۆچی یەکیەتی بۆ سەرخستنی ژن پەنای بردەبەر کۆتا. ئایا کۆتا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هێشتا سەرکەوتنی ژن لەسەر بنەمای شایستەی خۆی نییە، یاخود مافێکە پێیدەبەخشرێت؟**

د. جوان: لەئێستادا بەپێویستی دەزانم سیستەمی کۆتا هەبێت، یاریدەدەرێکەو وەک ئەوە وایە ژن بگاتە شوێنێک، کە مافی نەخورێت. سیستەمی کۆتاش کاتییە. دەبێ زەمینە خۆشبکەین بۆ سێ ساڵی دیکەو ئیتر کۆتا بەکارنەهێنین.

**وارڤین: حزبە ئیسلامییەکانی لەهەرێمی کوردستان ڕێکخراوی تایبەت بەژنانیان هەیە. بەڕای تۆ ئەو ڕێکخراوانە تاچەند توانیویانە دیوی ڕاستەقینەی پرسی ژن بخەنەڕوو و داکۆکی لێبکەن؟**

د. جوان: لەڕاستیدا ئاگاداری کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنانم. ژنانی ناو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان لەبواری خۆیاندا چالاکن. لەگەڵ جەماوەری خۆیان چالاکن، ئەوان لەپێگەیەکدا کاردەکەن دوورە لەپێگەی حزبە عەلمانییەکان و خزمەتی جەماوەری خۆیان دەکەن.

**وارڤین: ٢٠ ساڵە ڕێکخراوەکانی ژنان هەریەکەو بەئاراستەیەکدا کار دەکات. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموویان لەسەر ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ بەسیاسی و یاساییکردنی پرسی ژن کار بکەن و ئەو پرسە لەپاشکۆیەتی پرسی کۆمەڵایەتی دەرباز بکەن؟**

د. جوان: پێموابێت ڕێکخراوەکانی ژنان کار بۆ ژن دەکەن. ئەگەر لەکارکردنیاندا بەجیاوازی کاربکەن، جوانییەکەیان لەوەدا دەبینم. جگە لەفرەژنی و هەندێک بابەتی دیکە، ڕێکخراوەکانی ژنانی نێو حزبەسیاسییە ئیسلامییەکان وەک پێویست نایەنە پێشەوە، بەڵام زۆر لەپرسەکانی دیکەدا هاوڕان.

**وارڤین: بەپێی ئامارەکان ڕێژەی توندوتیژی لە ٢٠٠٩-٢٠١٠ دا ڕووی لە هەڵکشان کردووە. هۆکار چییە؟**

د. جوان: لەڕاستیشدا توندوتیژی لەهەموو جیهان تائێستا بوونی هەیە. لەکوردستانیش دەیگەڕێنمەوە بۆ باری ئابووری قورس، هاتنەناوەوەی میدیا، ئەنتەرنێت، مۆبایل، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکان، هەروەها تێکەڵبوون بەکەلچەری زۆر، لەڕاستیدا پێویستی بەڕێکخستنەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بەکۆمەڵێ کەرستەی کلاسیکی کۆن کاردەکەین، کە بەسەرچوونە. ئەم حاڵەتە لەکۆمەڵناسیدا ناودەبرێت «گاپ» واتا بۆشایی لەنێوان پێشکەوتن لەبواری تەکنەلۆجیاو پاشەکشێ لەبواری ڕۆشنبیریدا. چەندەها کێشەی لێدەکەوێتەوە، یەکێک لەوانە توندوتیژییە، ئەمەش پێویستی بەشۆڕشێک هەیە، کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت.

هەڤپەیڤین: شارا غەریب

پرۆفایل:
- د. جوان ئیحسان فەوزی
- ١٩٧٥ لەسلێمانی لەدایکبووە.
- سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە.
- ١٩٩٧بەشی کۆمەڵناسی تەواو کردووە.
- دواتر لەبەشی زانستی تاواندا ٢٠٠٠ توانیویەتی تێزی ماستەرەکەی بنووسێت.
- ٢٠٠٩ دکتۆرای وەرگرتووە. تێزی دکتۆراکەی لەبارەی «بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر» بووەو ئێستاش مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی.
- ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

### پرۆفیسۆر ئەحمەد ئوزەر، لەبارەی شەڕی دەوڵەتی تورک و پەکەکە:

# لە تورکیا بەزمانی شەڕ داوای ئاشتی دەکرێت

وارڤین — ئامەد: پرۆفیسۆر ئەحمەد ئوزەر لە تورکیا کەسایەتییەکی بەناوبانگە داوای لە بەرپرسانی تورکیاو پەکەکە کرد بۆ چارەسەری پرسی کورد دەست لەزمانی شەڕ هەڵبگرن و زمانی ئاشتی بەکاربێنن. ئوزەر، گوتی: **«لەشوێنێک کە شەڕی برایەتی هەبێت، ئەو شەڕە هیچ براوەیەکی نییە. خراپترین ئاشتی لەباشترین شەڕ باشترە»**.

پرۆفیسۆر ئوزەر، ئێستا لەزانکۆی سلێمان دمیرەلی تورکیا وانەی کۆمەڵناسی دەڵێتەوە لەبارەی ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەو ئاگربەستەی لەلایەن پەکەکەوە ڕاگەیەندراوە قسەی بۆ وارڤین کرد.



ئەحمەد ئوزەر — فۆتۆ: وارڤین

**وارڤین: لەنەوەدەکاندا بەملیۆنان کورد ناچارکران کە ڕوولە شارەکانی تورکیا بکەن. ئایا ئەو کۆچبەرییە زمان و چاندی کوردی بەخێرایی سڕییەوە؟**

ئوزەر: کۆچبەری لەبواری سڕینەوەی زمان و ناسنامەدا بەپێچەوانە هەڵگەڕایەوە. ئەو گوندییانەی کە ئاوارەی شارو شارۆچەکە گەورەکان بوون، لەوێ ناتوانن ببنە شاری لەنێوان گوندیبوون و شارییبووندا مانەوەو لەدەرفەتە گەورەکانی شار بێبەشکران. لەبەرئەوەش هیوابڕاو بوون. چونکە لەشوێنی باوک وباپیری خۆیان دروکەوتنەوە، ئازارێکی زۆریان چێشت. بەڵام سەرەڕای ئەو تەنگوچەڵەمەیە کەسانێک پێگەیین کە دەرفەتی گەورەش بڕەخسێنن.

**وارڤین: زۆرێک لە تورکەکان لەوبڕوایەدان ئەو کوردانەی کەلە شارەکانی مێرسین، ئەستەنبوڵ و ئەدەنە دەژین، ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو شارانەیان تێکداوە. تۆیش وابیر دەکەیتەوە؟**

ئوزەر: نەخێر، ژیانی کۆمەڵایەتییان تێکنەداوە. بەپێچەوانەی ئەو قسانەوە کوردە کۆچبەرەکان دینامیزمێکی باشیان هێنایە شار. بوونە هێزی هەرزانی کار. بەڵام دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی شار بەبێئەوەی بەرپرسیارێتی و ئەرکی خۆیان لەهەمبەری کۆچبەران جێبەجێ بکەن، داوایان لەکۆچبەران کرد کە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەو جۆرە نزیکبوونەوە هەرگیز دادوەرانە نییە.

**وارڤین: ئەگەر ئەو کوردانەی کەلە شارەکانی تورکیا دەژین بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان، ڕەوشێکی چۆن دروست دەبێت؟**

ئوزەر: بەبڕوای من ژیانێکی زۆر خۆش دروستدەبێت.

**وارڤین: رات لەبارەی درێژکردنەوەی ئاگربەستی پەکەکەو هێرشەکەی تەقسیمەوە چییە؟ پێویستە لایەنی کورد و تورک چۆن بۆ ئاشتی هەنگاو هەڵبگرن؟**

ئوزەر: بەڕای من دەبێ بەرلەهەموو شتێک ژێرخانی سایکۆلۆژی بۆ ئەو پرسە خۆشبکرێت. ئەگەر ئەوە بکرێت، هەنگاوە پراکتیکییەکان زۆربەخێرایی و ئاسانی هەڵدەگیرێن. ئامادەکردنی ژێرخانی سایکۆلۆژی کلیلی چارەسەرییە. مەبەستم لەئامادەکردنی ژێرخان، نیەت، یەکدڵی، زمانی ئاشتی، سڕینەوەی ترسی پارچەبوونی تورکیا، لەناوبردنی زانیاریی ناتەواو و تێگەیاندنی هەڵەیە. فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانۆئیل کانت گوتوویەتی: **«مەبەست نیوەی کردارە»**. ئەگەر بەرپرسان نەیانەوێت ئەو پرسە چارەسەر بکەن و وەک ئەوەی دەیانەوێت چارەسەری بکەن بەگەلی نیشانبدەن، ئەوە لەشوێنێک کۆتایی پێدێت. لەبەرئەوەش مەرجی یەکەمی چارەسەری مەبەست و ڕاستبوونی هەردوولایەنە. دەبێ هەردوولا بەڕاستی بجووڵێنەوە.

**وارڤین: یەکدڵی بۆچی ئەوەندە گرنگە؟**



www.netewe.com

# شەڕی براکان براوەی نییە

ئۆزەر: تەنیا خاڵی سەرەکی و تاقانە کە بێمتمانەیی نێوان هەردوولا لابەرێت یەکدڵییە. هەتا یەکدڵی نەبێت، ئەو بێبڕوایی و بێمتمانەییەی کەبەهۆی ٢٦ ساڵ شەڕی بەردەوامەوە دروستبووە، کۆتایی نایەت. حوکمە پێشوەختەکان لەناوناچن. مرۆڤ لەداواکاری لایەنەکان تێدەگات. ئەوە شتێکی سروشتییە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت لەداواکارییە باڵاکاندا یەکبگرێت، هیچ نەبێ دەبێ بتوانێت لەداخوازە نزمەکاندا یەکبگرێت. تەنیا ڕێگەی ئەوەش یەکدڵییە. واتە دەبێ برا تورکەکانمان لەو ئازارانەی کە ساڵانێکە کورد پێوەی دەناڵێنێ تێبگەن و خۆیان لەجێی دابنێن. هاووڵاتیانی کوردی ئێمەش دەبێ ئاگایان لەحەساسییەتی تورکان هەبێت و بەپێی ئەو حەساسییەتانە هەڵسووکەوت بکەن. لەو بوارەدا پارتە سیاسییەکان، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگان دەبێ بەبەرپرسیارێتییەوە بجووڵێنەوە.

**وارڤین: بۆ ئەوەی ئاشتی پێکبێت، دەبێ زمانێکی چۆن بەکاربێت و دەست لەکام زمانیش هەڵبگیرێت؟**

ئۆزەر: یەکێک لەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ بەرەو ئاشتی دەبات زمان و بەکارهێنانیەتی. کاتێک ئێمە لەم وڵاتە باسی ئاشتیش دەکەین، زمانی شەڕ بەکاردێنین. مەگەر مرۆڤ دەتوانێت بەزمانێکی وەها بگەیەنێتە ئەنجامێکی باش؟ نە. چونکە زمانی شەڕ ئاشتی ژاراوی دەکات. دەبێ هەموو کەس خۆی لەو ژارە بپارێزێت. زمانێک کە بەچەمکگەلی مردن، کوشتن، سەرکەوتن، دۆڕان، تیرۆریست، شەڕڤان و پارچەکردنی وڵات پڕبێت، چۆن ئاشتی دێنێت؟ دەبێ ئەوە لەبیرنەکرێت: لەشوێنێک کە شەڕی برایەتی هەبێ، ئەو شەڕە هیچ براوەیەکی نییە. دەبێ بەبیرتان بهێنمەوە کە شتێک بەناوی شەڕێکی باش و ئاشتییەکی خراپ، نییە. خراپترین ئاشتی هەزارانجار لەباشترین شەڕ باشترە.

**وارڤین: رستەی «ئاشتی لەشەڕ زەحمەتترە» چۆن شرۆڤە دەکەی؟**

ئۆزەر: لەم سەردەمەدا چیتر بەکارهێنانی چەک وەک مەعریفەت ناودێر ناکرێت. مەعریفەت شەڕکردن نییە. مەعریفەت بنیاتنانی ئاشتییە. ئەوەش فیداکاری گەورەی دەوێت. پێویستە هەموو لایەنەکان بەدروشمی **«پیرۆزترین شت ژیاندنی مرۆڤەکانە»** هەڵسووکەوت بکەن. بۆ ئەوەش چییان لەدەستبێ دەبێ بیکەن.

**وارڤین: لەکۆمەڵگادا قسەو راستی هەندێک لە یەک دوورن. کورد دەیانەوێ مافە هەرە مرۆڤییەکانی خۆیان بەدەستبێنن و تورکیش ئەوە وەک «پارچەبوونی وڵات» ناودێر دەکات. ئەوە تێگەیشتنە چۆن لەگۆڕەپانەکە لادەبرێت؟**

ئۆزەر: بەرلەهەر شتێک دەبێ ترسی **«پارچەبوونی وڵات»** لەناو کۆمەڵگادا نەمێنێت. ئەو تێگەیشتن و حوکمەپێشوەختە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمی و ئەو شەڕەدا هاتووەتە ئاراوە کەبە دەیانساڵە بەردەوامە. تا ئەو تێگەیشتنە لەناونەچێ مومکین نییە کە ئاشتی پێکبێت. هەتا ئەگەر بەرپرسانی گەورەش ڕێکبکەون، کۆمەڵگاکان ئاشت نابنەوە. چونکە ڕێککەوتنەکە دیسان تێکدەچێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەسێکیش پارچەبوون نەخوازێت، لەکۆمەڵگای تورکیا وەها لێیتێدەگەن کە تورکیا پارچە دەبێت. لەبەرئەوەش ئەگەر سبەی و دووسبەی کاردانەوە دروست ببن و هەندێک کەس ئەوە وەک هێڵی سوور لێبکەن، ئەو تێگەیشتنە بەخێرایی پێشدەکەوێت و مەترسی گەورەتری لێدەکەوێتەوە. راستییەکیش هەیە کە گەلانی کورد و تورک لەناو ڕەوڕەوەی مێژوودا لەگەڵێک بواردا پێکەوەن.

**وارڤین: ئێوەش زەواجی کورد و تورک وەک بێبنەمابوونی دابەشبوونی تورکیا دەنرخێنن؟**

ئۆزەر: ئەوە یەکێک لە فاکتەرەکانە. مرۆڤ




ژمارەیەک لە ژەنەراڵ و بەرپرسانی پلە یەکی سوپای تورکیا

www.netewe.com



چیاکانی باکوور، دەستەیەک لە کچە گەریلاکانی پەکەکە فۆتۆ: هـ.پ.گ

دەتوانێ لەناو بنەماڵەیەکی کورددا بووکێکی تورک و لەناو بنەماڵەیەکی تورکیشدا بووکێکی کورد ببینێت. هەروەها ئەمڕۆ کورد و تورک لەم کۆمەڵگایە لەناو یەکدا دەژن. دیمۆگرافیای شارەکان گۆڕاوە. لەئەمڕۆدا ئامەد شاری هەرەگەورەی کورد نییە، بەڵکو ئەستەنبوڵە. لەشارگەلی وەک ئەدەنە، مێرسین و ئیزمیریش وایە. کورد لەجێی هەولێر، مەهاباد و دهۆک، شارەکانی ئەدەنە، مێرسین و ئەستەنبوڵی هەڵبژاردووە. شتێکی دیکەش تیکەڵاوی ئابوورییە. ئەمڕۆ گەلەک لەکۆمپانیا گەورەکانی ڕۆژئاوا لقیان لەشارە کوردنشینەکانی وەک وان، ئامەد، وان، باتمان و گەلەک شاری دی هەیە. هەروەها گەلەک سەرمایەداری کوردیش لەشارەکانی تورکیا وەک ئەنتالیا، ئەستەنبوڵ و ئیزمیر چەندین کۆمپانیای گەورەیان هەیە. لەگەڵ ئەو خاڵانە، گرێدانە مێژوویی، کەلتووری و ئایینییەکانیش زۆر گرنگن. بۆیە ئەگەر دیموکراسییەکی راستەقینە پێکبێت، مرۆڤ بۆیدەردەکەوێت کە پارچەبوونی وڵات هیچ بنەمایەکی نییە.

**وارڤین: ئێوە لەبارەی چەمکی پارچەبوونی تورکیاوە لێکۆڵینەوەیەکتان کردبوو. گەیشتیتە چ ئەنجامێک؟**

ئوزەر: دوو ساڵ لەمەوپێش کردمان. بەپێی لێکۆڵینەوەکەمان ٨٧٪ی کورد گوتیان: **«ئێمە نامانەوێت لەکۆماری تورکیا جیاببینەوە. دەمانەوێ پێکەوە بژین»**. لەچوارچێوەی هەمان لێکۆڵینەوەدا، ئێمە لەو تورکانەی کەلە ڕۆژئاوای تورکیا دەژین پرسیاری **«کورد دەیانەوێت چی بکەن؟»**مان کردووە. ٧٧٪ی تورک گوتیان **«کورد دەیانەوێت لەئێمە جیاببنەوە، دەیانەوێ وڵات پارچە بکەن»**. لەبەرئەوەش یان لەمبارەیەوە زانیاری کەم دراوەو یانیش کۆمەڵگا بەهەڵە ئاگادار کراوەتەوە. بڕوانن لەتورکیا ئایدۆلۆژیای ڕەسمی بەساڵانە گوتوویەتی **«کورد نییە، زمانێکیش بەناوی کوردی نییە»**، بەڵام ئێستا بەرپرسانی فەرمی دەوڵەت دەڵێن **«کورد هەیە، دەبێ ئێمە ئەم کێشەیە لەناو دیموکراسیدا چارەسەر بکەین»**. بەڵام ئەمجارە بەهۆی ئەو قسانەی بەرپرسانی دەوڵەتەوە کێشە ڕوودەدات. بەشێوەیەکی کۆمەڵناسانە مرۆڤ سەیری پرسەکە بکات، ٨٠ ساڵە لەتورکیا درۆیەکی گەورە بەگەل گوتراوە. لەبەرئەوەش گۆڕینی ئەو درۆیە لەماوەی ٨٠ ڕۆژدا جێگیر نابێت. دەبێ پارتە بەرهەڵستکارەکان، زانکۆ، ڕۆشنبیر و هەموو بەرپرسانی کۆمەڵگا، گەل لەو ڕاستییانە ئاگادار بکاتەوە.

ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی تورک دەبینەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەبێ زانیاری دروست ڕابگەیەندرێت. لەبنەڕەتی ئەو نەتەوەپەرستی و تورکپەرستییەدا زانیاری کەم و بێبنەماو ناڕاست هەیە. پاش ئەوەی ڕاستی بەکۆمەڵگا گوتراو ڕوونکرایەوە، مرۆڤ دەتوانێ هەنگاوی بەرچاو هەڵبگرێت.

ئەحمەد ئوزەر کێیە؟

ساڵی ١٩٦٠ لە وان لەدایکبووەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە. ١٩٧٧ دواناوەندی لەئامەد خوێندووە. ١٩٧٩ ئەنستیتۆی پەروەردەیی وانی تەواو کردووە. ١٩٨٥ لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی هاجەتەپە پلەی یەکەمی خوێندنی بەدەستهێناوە. ماستەری لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی ئورتادوگۆ و تەکنیکیشی لەبەشی فەلسەفەی زانیاری و سیاسەتدا تەواو کردووە. لەنەوەدەکاندا ٧ ساڵ وەک سکرتێری گشتی یەکێتی شارەوانییەکانی پرۆژەی ئاناتۆلیای باشوور ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵات کاری کردووە. لەساڵی ١٩٩٣دا لە ئیسرائیل لە ١٩٩٤ لەئەڵمانیاو ئیتالیا لەبارەی بەڕێوەبردنی هەرێمییەوە لێکۆڵینەوەی کردووە.

**ئامەد: دیلار سەولەدار**

www.netewe.com

## ڕاوێژکارێکی تاڵەبانی بۆ وارڤین:

# قاعیدە لە عێراق وەچەیەکی بێناسنامە دەخاتەوە

وارڤین- بەغداد: ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بۆ کاروباری ژنان سەلما جبو، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین هۆشداری لەبارەی بازرگانیکردن بەکچان و ژنانی عێراقەوە داو ڕایگەیاند، زیاتر لە ٢٠ منداڵی بێناسنامە دۆزراونەتەوە، کە وەچەی ئەو ژنانەن لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە.

ئەو ژنە چالاکوانەی بواری مافەکانی ژنان داوایکرد، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕێگەی یاسایەکی تایبەتەوە پرسی ئەو منداڵە بێناسنامانە چارەسەر بکات، کە دایکەکانیان ناچارکراون ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە پێکبهێنن، لەبەر داهاتووی منداڵەکان ناسنامەیان پێبدرێت.

سەلما جبو، ئەوەشی ئاشکراکرد، باندەکانی بازرگانیکردن بەژنان و کچانی عێراق، کاری خۆیان فراوانتر کردووەو لەئێستادا ئەو باندانە بازرگانی بەکچان و ژنانی عێراقییەوە دەکەن و لەبەرامبەر بڕێک پارەدا ئەو کچ و ژنانە وەک کاڵای بازرگانی دەنێرن بۆ بازاڕی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپا.

سەبارەت بەپرسی منداڵە بێباوک و بێناسنامەکان سەلما جبو، گوتی: **«ئەوە کێشەیەکی نوێیە ڕووبەڕووی عێراق بوووەتەوەو ئەو منداڵانە کە ژمارەیان لەبیست منداڵ زیاترە، ئێستا نازانن باوکیان کێیە، ئەمەش لەئێستاو دوارۆژدا کێشەیەو دایکی ئەو منداڵانەش بەناوی ئاینەوە فشاریان خراوەتەسەر بۆ ئەوەی وەچە بخەنەوەو بەشێوەیەکی ڕەسمیش هیچ شتێکیان نییە، کە بیسەلمێنێت باوکی منداڵەکانیان کێیە».**

هەروەها گوتی **«لەڕووی یاساییەوە کارێکی ئەستەمە ناسنامە بۆ ئەو منداڵانە دروست بکرێت، چونکە تائێستا ناسنامەی باوکیان نادیارەو باوکەکانیان یان ڕایانکردووە، یاخود لەناو چوونە. تەنانەت ژنەکانیش چارەنووسیان نازانن».**

سەبارەت بەپرسی فرەژنی لەناو ئەندامانی قاعیدە سەلما جبو، گوتی: **«تائێستا ئاماری دروست لەبەردەستدا نییەو ئەوەی تائێستا بۆمان ڕوونبووەتەوە ئەوەیە، کە ژنان ناچارکراون سەر بەهەوێ مێرد بکەن و لەوەشدا ئەندامانی قاعیدە هیچ بوارێکیان بۆ ژنان نەهێشتووەتەوە قسەی خۆیان بکەن».**

ئەو ژنە چالاکوانە داواشیکرد، **ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەنجومەنی نوێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پەلە بکەن لەچارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە، چونکە کاتێک تەمەنی ئەو منداڵانە گەیشتە شەش ساڵ پێویستیان بەناسنامە دەبێ بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت بچنە قوتابخانە».**



سەبارەت بەپرسی بازرگانیکردن بەژنان و کچانی عێراقەوە جبو، گوتی **«بەهۆی ئەو ڕەوشەی بەسەر عێراقدا هاتووە، ژنان و کچانی ئەم وڵاتە ناچار بوونە بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان ڕادەستی بازرگانانی گۆشتی سپی بکەن و ئەمەش پێویستی بەوە هەیە، سنوورێکی بۆ دابنرێت و ڕەوشی ژنانی عێراق بەرەو باشتر ببردرێت».**

سەلما جبو، ئاشکراشیکرد، ئەو باندانە لەڕێگەی چەند وڵاتێکی وەک سوریا، لوبنان، وڵاتانی کەنداو کچان و ژنانی عێراق ڕەوانەی ئەوروپا دەکەن بۆ ئەوەی لەوێ وەک کاڵا بازرگانییان پێوە بکەن، ئەمەش لەحاڵەت تێپەڕیکردووەو خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی بەرچاو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەترسییەکەی زیاتر دەبێت.

**بەغدا: حەلا ڕۆستەم**

# فەوزی هەریری چی بە وەزیری پلاندانانی عێراق گوت؟



لەگفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین وەزیری پیشەسازی عێراق و ئەندامی دەستەی باڵای سەرژمێری فەوزی فەرەنسۆ هەریری، رایگەیاند هەموو رێوشوێنەکانی تایبەت بەئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری لەعێراق تەواوکراون و سەرژمێری پەیوەندی نییە بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوەو کورد بەهیچ شێوەیەک خەڵکی نەناردووە بۆ ناوچە دابڕاوەکان. سەبارەت بەلابردنی پرسیاری نەتەوە لەخانەی سەرژمێریدا گوتی **«ئەوە بۆچوونی وەزیری پلاندانان بووەو ئێمە پێمانگوتووە پاشگەز بێتەوە، چونکە بۆچوونەکەی پێچەوانەی دەستوورە»**.

**وارڤین: ئامادەکارییەکانی حکوومەتی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی سەرژمێری چین؟**

هەریری: لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی عێراقدا بەوردی باس لەئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری کراوەو بەوردی لەڕووی هونەرییەوە کاری لەسەر کراوەو مەشق و راهێنان بەمامۆستایان کراوەو قۆناغەکانی ئامادەکاری بۆ پرۆسەکە کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام ئەوەی حکوومەت چەندە ئامادەیە پرۆسەکە بەڕێوەبەرێت، ئەگەر لایەنێک لەلایەنەکان کشایەوە، ئەوا بڕیارێکی سیاسییەو دەمێنێتەوە سەر حکوومەت.

**وارڤین: ئایا سەرژمێری دانیشتووان بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی کەرکووک. یان مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیش پەیوەندی هەیە بەو ناوچانەوەو دواقۆناغی ئەو مادەیە رێگەچارەی راپرسی دەستنیشانکردووە؟**

هەریری: پێویستە ئێمە ئەو دوو پرسە لەیەکتر جیابکەینەوە، چونکە تێکەڵکردنی مادەی ١٤٠و پرسی سەرژمێری کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەوانەی دژایەتی مادەی ١٤٠ دەکەن بەهەمانشێوەش دژی بەڕێوەچوونی سەرژمێرین. ئامانجمان لەسەرژمێری ئەوەیە ژمارەی تاکی عێراقی بزانین، کێ لەعێراق دەژیت، جا لەهەرکوێ بێت لەبەغدا، موسڵ یان لەئەنبار بێت. بۆیە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دژی ئەوە وەستامەوە، کە ئەو دوو پرسە تێکەڵ بەیەکتر بکرێن، چونکە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. پرسی مادەی ١٤٠ پەیوەندی هەیە بەکەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانەوەو ئەمەش دەبێ لەرێگەی ئەو راپرسییەوەیە کە گەل لەهەر کوێیەک بێ دەستنیشانیدەکات و ئەنجامەکەی دیاریدەکات. سەرژمێری لەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایەو گریمان زۆرینەی کەرکوک خۆی بە عەرەب نووسی، کاتێ راپرسی بکرێت، ئایا ئێوە دەتانەوێت بخرێنەسەر هەرێمی کوردستان یا بەغدا، ئەوان بڕیاریاندا بخرێنەسەر هەرێم، ئەوا بڕیاری خەڵکەو هیچ شتێکی نهێنی بۆ زانینی نەتەوەی کەرکوک لەئارادا نییە، بەڵکو ئامانج بەڕێوەچوونی راپرسییەو ئەوەش لەبەرژەوەندی خەڵکە.

**وارڤین: وەڵامتان بۆ ئەو دەنگۆیانە چییە، کە دەڵێن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتووانی کورد خەڵکی راکێشاوەتە ناوچە دابڕاوەکان؟**

هەریری: هەندێک نەیاری ئەو پرۆسەیە هەن ئەو تۆمەتە بێبنەمایانە دەبەخشنەوە. ئەمە هیچ بنەمایەکی راستییان تێدا نییەو لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا هەندێک شتم روونکردەوە. بۆنموونە: تۆمەتی ئەوە دراوەتە پاڵ کورد کە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکانی شەنگال و شێخان زیاد بووە، من ئەوەم روونکردووەتەوە کە ئەو تۆمەتە دوورە لەراستییەوە، چونکە زیاتر لە ٣٠ هەزار خێزانی کوردی ناو موسڵ ناچارکراون ماڵوحاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و رووبکەنە ئەو ناوچانە. ئەو خێزانانە پێناسی باری شارستانی و شوێنی لەدایکبوونیان موسڵەو ئێستا بەناچاری لەوێ دەژین. سەبارەت بەکەرکوکیش ئێمە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢ لەهەرێمی کوردستان چەندین کەمپی ئاوارەکانی کەرکوکمان هەبوون، حکوومەتی هەرێم دەیویست کەمپیان بۆ دروستبکات، بەڵام ئەوان رەتیانکردەوەو پێیانباشبوو لەژێرخێمەدا بژین تا ئەوکاتەی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵوحاڵی خۆیان و هەمووشیان کە گەڕاونەتەوە بەڵگەنامەی کەرکوکیبوونیان پێیە.

**وارڤین: کورد داوای کرد خانەی نەتەوە لەفۆرمی گشتی سەرژمێری لانەدرێت، ئایا ئەو داوایە لەلایەن لایەنەکانی دیکەوە بەهەند وەرگیرا؟**

هەریری: ئەو پرسە عەلی بابان وەزیری پلاندانان ورووژاندی و خستییەبەرباس، بەڵام ئەو قسەیە پێچەوانەی یاساو دەستووری وڵاتەو ئێمە وتووێژمان لەبارەیەوە کردو بە عەلی بابانمان گوت **«تۆ وەزیری جێبەجێکاری و لایەنی یاسادانەر نیت و لەسەرت پێویستە یاسا جێبەجێی بکەیت و ئەگەر کێشەشت هەیە ئەوا لەڕووی یاساییەوە کوتلە سیاسییەکان و یاسادانەران ئەو پرسە چارەسەر دەکەن. رایەک هەیە کە دەڵێ پێویستە خانەی نەتەوە بمێنێت و رایەکی دیکەش دەڵی لاببرێت، تۆ لایەنی بڕیاردەر نییت لەبارەی ئەو پرسەوەو ئێمە**



www.netewe.com



فەوزی هەریری، وەزیری پیشەسازی عێراق　　فۆتۆ: وارڤین

**دەستوورمان هەیەو لەدەستووردا هاتووە، کە عێراق لەدوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەرەکی عەرەب و کورد پێکهاتووەو ئەگەر لەوبڕیارەت پاشگەز نەبیتەوە، ئەوا سەرپێچی دەستوورت کردووە».**

**وارڤین: لەوبڕوایەدایت لایەنێکی دەرەکی بۆ نموونە تورکیا فشاری دروستکردبێت لەسەر لایەنی عێراقی بۆ ئەوەی سەرژمێری ئەنجامنەدرێت؟**

هەریری: هیوادارم ئەوە راستنەبێت، بێگومان هەمیشە ئەو پرسیارانە دێنەپێشەوە بۆچی ئەوە وایە، کێ لەپشت ئەو کارەوەیە، هیوادارم ئەوە واقیعی حاڵ نەبێت، چونکە لەبەرژەوەندی هیچ لایەک نییە، کێشە لەهەرێمی کوردستان و عێراق دروستبکات و کێشەکان پڕزەحمەتتر بکات. لەو چوارچێوەیەشدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و حکوومەتی هەرێم چالاکانە لەهەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و بازرگانییەکانی نێوان هەولێر و وڵاتانی دراوسێن و هیوادارین دواخستنەکەش هەڵوێست و بۆچوونی دەرەکی نەبێت.

**وارڤین: رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لەپشتیوانیکردنی حکوومەت چییە بۆ ئەوەی بتوانێ پرۆسەی سەرژمێری ئەنجامبدات؟**

هەریری: نەتەوەیەکگرتووەکان شارەزاییەکی فراوانی هەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەوجۆرە کێشانە لەجیهاندا. عێراق حاڵەتێکی ناوازەو دەگمەن نییە، ئەوەی لەعێراق روودەدات لەئەوروپا، ئەفریقاو ئاسیا روویداوە. نەتەوەیەکگرتووەکان میکانیزمی تایبەتی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا، بۆیە ئێمە هیواداریـن نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێک بێت لەچارەسەری ئەو پرسە، لەئاستی ناوخۆش چ لەهەرێم و چ لەئاستی حکوومەتی بەغدا ئامادەیی بۆ پێشوازیکردن لەو هاوکارییە نێودەوڵەتییە هەیە بۆ ئەوەی ئەو پرسە یەکلا بکرێتەوەو هەموو لایەک بگەینە چارەسەرێکی گونجاو.

**وارڤین: گرنگترین سوودەکانی پرۆسەی سەرژمێری چین؟**

هەریری: سوودە ئابوورییەکانی نایەنە هەژمار، بۆ زانینی ژمارەی پیاوان، ژنان، تەمەنیان، دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە پلانی درێژخایەن دابنێین، هەروەها زانینی ژمارەی دانیشتووان بڕی بوجەی هەرێمی کوردستان دەستنیشاندەکات و ئەوە دەردەخات ئایا ئەو ١٧٪ یە رێژەیەکی راستەقینەیە یا پێویستە ئەو رێژەیە زیاتر بێت و ٢٥٪ بێت یاخود کەمتر بێت و ١٢٪ بێت، ئەو شتانە بەنیسبەت هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیشەوە گرنگن.

**وارڤین: لەسایەی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان کوتلەکاندا لەسەر پرسی ئەنجامدانی سەرژمێری لەکەرکوک، عەرەب و تورکمان دژی ئەوەن پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، ئەو کێشە چۆن چارەسەر دەکرێت. ئایا حکوومەت وەڵامی ئەو داواکارییە دەداتەوە کە داوای دواخستنی سەرژمێری دەکەن؟**

هەریری: ئێمە ناخوازین سەرژمێری دوابخرێت، چونکە لەبەرژەوەندی عێراقدا نییە، بێگومان ناڕەزایەتی و دژایەتییەکی زۆر لەکەرکوک و نەینەوا دژی سەرژمێری لەئارادایەو هۆکاری سەرەکی ئەو دەنگە ناڕەزاییانەش نەبوونی متمانەیە لەنێوان لایەنەکان و بەبۆچوونی من ئەو پرسە بەسووربوون و پێداگیری چارەسەر ناکرێت، بەڵکو لەرێگەی وتووێژە چارەسەر دەبێت. هیوادارم ئەو لایەنانەی، دژی سەرژمێری و خانەی نەتەوەیین لەفۆرمی راپرسییەکەدا چاو بەهەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە. چونکە دواجار سەرژمێری لەبەرژەوەندی هەمووانداو چارەسەری زۆرێک لەکێشەکانی ئابووری دەکات و پرسی خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێش دەبات.

**وارڤین: با کەمێک لەبارەی سەرژمێرییەوە دووربکەوینەوەو باسی واقیعی پیشەسازی عێراق بکەین، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەو واقیعە چییە؟**

هەریری: واقیعی پیشەسازیی عێراق رووی لەباشبوونە، لەساڵی ٢٠٠٣ رەوڕەوەی پیشەسازی عێراق وەستابوو. پیشەسازی عێراق تەنیا بریتیبوو لە «**تەسنیع عەسکەری**»، کە بڕبڕەی پشتی سوپای رژێم بوو. ئەو کۆمپانیایانەی کە هەبوون و ئەوانەی سەر بە «**تەسنیع عەسکەری**» بوون، لەکاتی شەڕدا زیانی گەورەیان بەرکەوتووەو ئێمە لەماوەی رابردوودا هەوڵمانداوە، ئەو کۆمپانیایانە دووبارە بنیاتبنێینەوەو ئەو کەرتە گرنگەی ئابووری وڵات ببووژێنینەوەو بواری راژەیان لەسەربازییەوە بگۆڕین بۆ مەدەنی و ئێستاش دوای زیاترلە پێنجساڵ کارکردن توانیومانە زیاتر لە ٧٣٪ ئەو کارگەو کۆمپانیایانەی سەر بەوەزارەتن بەگەڕ بخەینەوە. بەڵام ئێمە بەدەست گرفتی کەمی کارەباوە دەناڵێنین و بەوهۆیەوە ئەو کۆمپانیایانەی کە ماونەتەوە بەردەوامن لەبەرهەمهێنان رێژەیان تەنیا ٢٧٪ و ١١٪ ی ئەو کۆمپانیایانەش لەژێر چاککردنەوەدان و هەندێک لەو کۆمپانیایانە بایەخێکی ئابووریانەی گرنگیان هەیەو هەشیانە بەهۆی شەڕەوە وێرانکراون و چاوەڕوانی چاککردنەوەیانین.

**بەغدا: حەلا رۆستەم**

www.netewe.com

## بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی سلێمانی بۆ

# بەهۆی ململانێی بەرهـ
# لە پۆستەکەم دوورخـ



هێرۆخان، هەڕەشە لە داهاتووی سیاسی دکتۆر بەرهەم دەکات

وارڤین – تایبەت:

لەزمانی بەڕێوەبەرێکی باڵای پۆلیسی سلێمانی پەردە لەسەر راسـتییەکانی ململانێی نێوان جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان د.بەرهەم سـاڵح و بەرپرسـی مەڵبەندی سـلێمانی یەکێتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسـەری تاڵەبانـی لادەدرێت کە چۆن ئەو بووەتە قوربانی نێوان ئەو دووباڵەو لە ئەنجامدا لەپۆستەکەی دوورخراوەتەوە.

### گەشتێک بۆ ئەورووپاو گەڕانەوەیەکی تاڵ

بەگوێرەی ماددەی ٣ بڕگەی ١٦ لەیاسـای وەزارەتـی ناوخـۆی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان، کە لەساڵی ٢٠٠٩ لە پەرلەمانی کوردسـتان هەموارکراوە، تییدا بەڕێوەبەری پۆلیسی سـەرجەم پارێزگاکانی هەرێم سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشـتی پۆلیسی هەرێمەو ئەمەش سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتانە. بەو پێیـە وەزارەتی ناوخـۆ دەسـەڵاتی گۆڕینـی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگاکانی هەرێمی هەیە. بەڵام بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی پارێزگاری سلێمانی عەمید نەجمەددین قادر، وێڕای ئەوەی نهێنی لادرانی لەپۆسـتەکەی بۆ وارڤین ئاشـکرادەکات، هاوکات دەڵێت «لادرانی من لەپۆسـتەکە بەبێئاگادرای وەزارەتـی ناوخـۆی حکوومەتی هەرێم بوو». ئەوەش دەخاتەڕوو ئەو پێویستی بەوەنەبووە پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی سـلێمانی پێبدرێـت، بەڵکـو لەبـەر گوشاری بزووتنەوەی گۆڕان و ناسراوی بنەماڵەکەی کە لەشێخەکانی بەرزنجەیە و بنەماڵەی شـێخ مەحمودی حەفیدە، هەندێ لەبەرپرسـانی یەکێتی ناچاریان کرد ئـەوکات ئەو پۆسـتە وەربگرێـت. عەمید نەجمەددین لەیەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی رابردوو بۆ چارەسـەری تەندروسـتی رووی لەوڵاتی نەمسا کردووەو لەوێ نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام دوای هەفتەیەک لەوڵاتی نەمسـا پێیان راگەیاندووە ئەو لەپۆستەکەی دوورخراوەتەوەو عەمید سالار شوێنی ئەوی گرتووەتەوە «لەمیانەی سـەردانم بۆ وڵاتی نەمسا ٤٠ رۆژ لەوێ مامەوە، هاتمەوە هەرێمی کوردستان بڕیاری دوورخستنەوەم لەپۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسـی پارێزگای سـلێمانی درابوو، بەبێ ئەوەی هۆکاری دوورخستنەوەم لـەو پۆسـتە پێبڵێن، بـەڵام دواتـر بۆم دەرکەوت ئـەو کارە بەهۆی ململانێی نێوان باڵی هێرۆخان و د.بەرهەم سـاڵح روویداوەو بەرهەم ساڵح کەسانی سەر بە کوتلەی خۆی لەسلێمانی داناون». عەمید نەجمەدین دەڵێ لەیاسـای هیـچ وڵاتێک نییـە بەبێ ئەوەی هۆکارەکەت پێبڵێن و ئـاگات لەهیچ نەبێت راسـتەوخۆ کەسـێکی دیکە لەپۆستەکەت دابنرێت «ئەوە لەیاسـای عێراق و هەرێمی کوردسـتان نییە، ئەگەر هۆکارێکی مەنتقی بۆ دوورخستنەوەم لەبەردەستبوایەو بەڵگەی سـەلمێندارو خرابایـەڕوو، بڕیارەکـەم پێ ئاسایی دەبوو، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانیمە و نیگەرانی خۆم لەبارەی ئەو کارە دەردەبڕم، ئەمە دادپەروەری نییە، کەسـێک لەسەفەر بێـت و بەمۆڵەتی فەرمی بۆ نەشـتەرگەری رووی لەوڵاتێـک کردبێت بەهـۆی ململانێی دوو بەرپرسـی بـاڵای یەکێتییـەوە دووری بخەنەوە».

### سەرۆکی حکوومەت دووریخستەوە

سـەرچاوەیەکی بـاڵای پارتـی لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین، نەویست ناوی بهێنرێت رایگەیاند «بڕیاری دوورخسـتنەوەی عەمید نەجمەدیـن لەوەزارەتـەوە نەبـوو، بەڵکو ئەمـە بڕیارێک بووە لەئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان فەرمانی بۆ دەرچووەو لەوێـوە فەرمانەکـە هاتـووە». هـاوکات بەگوێـرەی لێدوانی سـەرچاوەیەکی باڵای یەکێتـی لەوەزارەتی ناوخـۆی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان، کە نەیخواسـت ناوی بڵاو بکرێتەوە، رایگەیاند، بڕیاری گۆڕانکاری بەڕێوەبـەری پۆلیسـی سـلێمانی و چەند بەرپرسـێکی دیکەی پۆلیس لەو پارێزگایە دوای ئـەوە هات بەئـاگاداری سـکرتێری گشـتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بەئامادەبوونی جێگرەکانی سکرتێری گشتی لەگەڵ لێپرسراوی گشتی دەستەی کارگێری یەکێتی مـەلا بەختیار لـە کۆبوونەوەیەکدا



دکتۆر بەرهەم ساڵح        فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

وارڤین:

# ...ەم ساڵح و هێرۆخان ...رامەوە

د.بەرهەم باسی لەو گۆڕانکارییە کردووە، کە ئەنجامی دەدات. دواتر بە تەوافقی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەبڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەو بڕیارە پەسەندکراوە.

### «بوومە قوربانی نێوان ململانێی بەرهەم ساڵح و هێرۆئیبراهیم ئەحمەد»

سەرچاوە باڵاکەی یەکێتی هۆکاری گۆڕینی بەرپرسانی پۆلیس لە پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە ئەو کەسەی پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی پێدەدرێت دەبێت عەمید بێت و پلەکەی دەرچووی کۆلێژی پۆلیس بێت لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی سلێمانی بەبڕیار کراوەتە عەمیدو بڕوانامەی کۆلێژی پۆلیسی نییە، لەو پۆستە لادرا. بەڵام عەمید نەجمەدین دەڵێ «٣٨ ساڵ خزمەتی پۆلیسم کردووەو بەریزبەندی خزمەتەوە ئەو پلەیەم بەدەستهێناوە. هەروەها لەساڵی ١٩٨٣ دەرچووی خولێکی باڵای ئەفسەرانی عێراقیم کە کێ لەوانەی دانراون ئەو بڕوانامەیان هەیە؟ ئایا ئەوانەی دانراون بڕوانامەی کۆلێژی پۆلیسیان هەیە؟».

سەرچاوەیەک بۆ وارڤین ئاشکرایکرد، ئەو کەسەی پۆستی عەمید نەجمەدینی پێدراوە دەرچووی کۆلێژی پۆلیس نییە. ئەو سەرچاوەی یەکێتی لە وەزارەتی ناوخۆ هۆکارێکی دیکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە لەسلێمانی کۆمەڵێک رووداو رویاندا وەک رووداوەکەی ئاگرکەوتنەوەی ئوتێلی سۆماو چەند رووداوێکی دیکە ئەمەش وای خواست گۆڕانکاری لەسیستەمی پۆلیس بکرێت. بەڵام عەمید نەجمەدین بۆ وارڤین گوتی «هۆکارەکە ململانێی سیاسیی بووە لەنێوان دوو باڵ بەرهەم ساڵح و هێرۆخان، ئەم گۆڕانکارییە بەرهەم ساڵح ئەنجامیداو کەسەنزیکەکانی خۆی لەپۆستەکان جێگیرکرد، تا بەو رێگەیە پێگەی خۆی لەسلێمانی بەهێزبکات. ئەو دەڵێت «من لەهیچ کوتلەیەک نەبوومە، نە لەباڵی بەرهەم ساڵح نەلەباڵی هێرۆخان، بەڵکو ئاراستەی گۆڕینەکە بەهۆی ئەو دووباڵەوە بووەو لەو نێوەندەوە من بوومە قوربانی».

سەرچاوەکەی باڵای یەکێتی لەوەزارەتی ناوخۆ گوتیشی ئەو بۆماوەی ٤٠ رۆژ لەسەفەر ماوەتەوە پێشتریش ئاگادار بووە گۆڕانکاری دەکرێت، بەڵام عەمید نەجمەدین دەڵێ «من بەمۆڵەتی فەرمی ئەو سەفەرەم بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری کردووەو پێشتر ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە نەبووم».

### «گوشاری گۆڕان و هەندێ لەبەرپرسانی یەکێتی ناچار بەو پۆستەیان کردم»

عەمید نەجمەدین دەڵێ ٣٨ ساڵ خزمەتی پۆلیسم کردووە، لەساڵی ٢٠٠٩ کاتێ بزوتنەوەی گۆڕان لەسلێمانی بەگەرمی سەری هەڵدا یەکێتی لە هەموو لایەکەوە گوشاری بۆ هێنام تا ئەو پۆستە قبوڵ بکەم، چونکە لەبنەماڵەی شێخی بەرزنجیان و بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفیدم بنەماڵەکەمان ناسراوە، بۆیە بەرێگەی زەنگینێکی گەورەی سلێمانی کە هاورێمەو رێز لەبڕیارەکانی دەگرم، هەروەها گوشاری چەند بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لەسلێمانی ناچار بەوەکرام پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی وەربگرم. ئەو دەڵێ «ئێستاش هیچ پێویستیم بەو پۆستە نییە کە دووریان خستوومەتەوە، ئەوان پێویستیان بەمن بووە، من هەر لەگەڵ وەرگرتنی ئەو پۆستە نەبووم». هەروەها رایگەیاند، ئەو مەرجانەی ئەوان دەیڵێن بەمەبەستی چاکسازیکردن لەسیستەمی پۆلیس ئەو گۆڕانکارییە کراوەو هەروەها پێویستە بەڕێوەبەری پۆلیس دەرچووی کۆلێژی پۆلیس بێت، بۆیە دوورخراومەتەوە، ئەمە دوورلەراستییە «گۆڕانکارییەکە دەستێکی سیاسی بوو». ئەو دەڵێ لەساڵی ١٩٨٣ دەرچووی گەورەترین خولی باڵای ئەفسەرانی عێراقم لەبەغدا، بەڵام ئەوانەی ئێستا دانراون کێ هەیە توانیبێتی وەک من چالاکی و خزمەت و پسپۆڕی هەبێت. دواجار عەمید نەجمەددین گوتی «ئێستا بەپلەی عەمید لەسەر میلاکی بەڕێوەبەراتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ماوەتەوە، بەڵام دەوام ناکات».

www.netewe.com

# چۆن سیناریۆی کوشتنی کوردستان دارێژرا

## کوردستان بۆ وارڤین: بەزۆرەملێ شووەمکردووەو شووبراکەشم بوختانی پێکردووم

## کلاشینکۆف، ئامرازی کڕینەوەی شەرەف

وارڤین- تایبەت:

کوردستان دوای ئەوەی لەلایەن براکەیەوە ٣ گوللەی لێدرا، سیناریۆی کوشتنی بەنووسینی نامەیەک بۆ دادرێژرێت کە خۆی خۆی کوشتووەو تێیدا نووسراوە لەرقی هاوسەرەکەم خۆمکوشت، بەڵام کوردستان دوای ئەوەی دەنێردرێتە نەخۆشخانەو لەمردن رزگاری دەبێت راستی رووداوەکە ئاشکرا دەبێت. هەروەها کوردستان بۆ وارڤین دەڵێ کە لەلایەن شووبراکەیەوە بوختانی پێکراوەو سێجاریش بەگوللە لێیدراوە.

### هاوسەرگیری زۆرەملێ

کوردستان لەدایکبووی ١٩٧٤ـەو لەمیانەی ئاوارەییدا لە ئێران لەدایکبووە، بنەماڵەکەی پاش چەندساڵێک نیشتەجێبوون لەئێران گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان. دوای ئەوەش لەساڵی ١٩٩١ بەزۆرەملێ لەلایەن دایکییەوە شووی بەکوڕێک بەناوی (ز) کردووەو لەگوندی زیوکێ لەدەڤەری ئاکرێ نیشتەجێبووە. هەروەها هاوسەرەکەشی لەلایەن باوکییەوە گوشاری خراوەتەسەر تا کوردستان بخوازێت. (ز) ئامۆزای دایکی کوردستانە، ئەمەش بەلای دایکییەوە هۆکارێک بووە تا پێیخۆشبێت کوردستان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کوڕە بکات. کوردستان ٧ منداڵی (٤کچ و ٣ کوڕ) هەیە، بەڵام ئەوەی کوردستانی نیگەرانکردووە لەمانگی هەشتەوە منداڵەکانی نەبینیووەو بەئاواتە جارێکیتر بتوانێ کچەبچکۆڵەکەی کە دووساڵەو شیرەخۆرە، ببینێت. هاوسەری کوردستان لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ـەو لەزاخۆ و لەپشکنینی نەوتدا کاردەکات و خوێندنی لەبەغدا تەواوکردووە. کوردستان ژنێکی ئەسمەر رەنگ و قژی رەشەو بەهۆی چارەسەری تەندروستییەوە قژی تاشراوە. کاتێ بۆ وارڤین باسی زەماوەند و هاوسەرگیرییەکەی کرد بەدەم رژاندنی ئەسرینەوە گوتی «خۆشەویستیم نەکردووەو تەمەنم ١٤ ساڵ بووە کاتێ بەزۆرەملێ شوم بە (ز) کرد». ئەو بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی و گوتی لەساڵی ١٩٩١ کاتێ شووم بە (ز) کرد ئەو لەبەغدا سەربازی سوپای عێراقی بوو، کاتێ دەهاتەماڵەوە بەردەوام لێیدەدام، جاری واهەبوو بەقایشی پانتۆڵەکەی ئەوەندەی لێدەدام وەک ئەوە وابوو کە دەیەوێ بەو لێدانە بمکوژێت.

### بوختانم پێکرا

بەقسەی خۆی کوردستان نێوانی لەگەڵ (ز) خۆشنەبووەو هەمیشە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لێیدراوەو پێیگوتراوە بگەڕێوە ماڵی باوکت. ئەو بەهۆی ئەو رووداوەی بەسەری هێنراوە تەواو بێدەنگی دایگرتبوو و بەکورتی وەڵامی قسەکانی دەدایەوە، کاتێ قسەشی دەکرد وەک ئەوەی گریان زمانی گێڕانەوەی قسەکانی بێت دەدوا « (ز) پێیگوتم واباشترە لەیەکتر جیاببینەوە، چونکە ناتوانین بەیەکەوە بگونجێین، منیش پێمگوت ئارەزووی خۆتە». بەقسەی کوردستان دوای ئەوەی دایکی دەچێتە ئاکرێ و لەهۆکاری کێشەی کچەکەی لەگەڵ (ز) دەکۆڵێتەوە بەتەنیا لەژوورێک قسە لەگەڵ (ز) دەکات و دواتریش کچەکەی بۆ هەولێر دەگەڕێنێتەوە، چونکە هاوسەرەکەی رازی نابێت ئیتر کوردستان ژنی بێت. لەزمانی خۆیەوە ئاشکرایکرد، دەستپێکی کێشەکە بەهۆی بوختانی شووبراکەی بووە، ئەو گوتوویەتی لەگەڵ هەندێ کەس چووەتەدەرەوە مەشروبخۆربوونەو بەردەوامیش لەلایەن شووبراکەیەوە چاودێری کراوە «مافی چوونەدرەوەم لەماڵ نەبوو، کاتێک بۆ دەرەوەی ماڵیش رۆیشتبام لەگەڵ منداڵەکانم دەبووم، یان کچەکەم پۆلی حەوتی بنەڕەتییە، لەگەڵم دەهاتەدەرەوە. هەروەها مۆبایلم نەبوو، تا پەیوەندیم بەکەسێکەوە هەبووبێت، بۆیە ئەو قسەیەی کراوە بوختانە».



### کلاشینکۆف ئامرازی کڕینەوەی شەرەف

بەهۆی بڵاوبوونی چەک و بازرگانی پێوەکردنیەوە لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نایاسایی (ە) برای کوردستان کە تەمەنی لەسەرووی بیست ساڵە ئێوارەی ٩-١٠ ٢٠١٠ کلاشینکۆفێک دەکڕێت ء وەک ئامرازی کڕینەوەی شەرەف لەدژی کوردستان بەکاریدەهێنێ. بەپێی

www.netewe.com

زانیارییەکانی وارڤین (ە) لەکۆمپانیایەکی تورکی لە عەنکاوە کار دەکات و لەدایکبووی ١٩٧٩ یەو ژنی نەهێناوە. کوردستان دەڵێ «رۆژێکیان لەماڵی باوکم لەژوورەوە سەیری تیڤیم دەکرد، لەلایەن (ە) هێرشم کرایەسەرو و سێ گوللەی لێدام و گولەیەک لەنێو سەرم تەقییەوەو بێهۆش کەوتم». بەپێی زانیاری پۆلیسیش (ە.) کاتژمێر شەشی ئێوارەی هەمانرۆژ لەماڵەوە پەلاماری خوشکەکەی دەدات و ٣ گوللەی لێدەداتء



کێ بەهانای کوردستانەوە دێت؟

فۆتۆ: وارڤین


گوللەی چوارەمیش بەر دیوار دەکەوێت. لەراپۆرتی پۆلیسدا هاتووە»گوللەیەک بەر چاوی کەوتووە، یەکێک بەر سەری و گوللەی سێهەمیش بەردەستی چەپی کەوتووە». هاوکات لەگەڵ رووداوەکە، برا گەورەکەی کوردستان بەناوی (م) هاتووەتە ناوبژیوانیء نەیهێشتووە (ە.) بەتەواوی کوردستان بکوژێت. دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەو ئەنجامدانی نەشتەرگەری باری تەندروستی ئەو ژنە جێگیرەو ئێستا گوللەیەک لەسەری کوردستان ماوەتەوە، سەرەڕای نەشتەرگەرییەکان، ناتوانرێت ئەو گوللەیە دەربهێنرێت، چونکە بەقسەی پزیشکان کاریگەری لەسەر مێشکی دەبێت.

(م)، برای کوردستانە لەگوتەکانی بۆ پۆلیس گوتوویەتی»پێموابوو خوشکەکەم کاری بەدرەوشتی کردووە، بەڵام لەگەڵ کوشتنی نەبووم، زۆر پێمناخۆشبوو ئەو رووداوە روویداو ئێستاش ئامادەم کوردستان بهێنمە ماڵی خۆمء خزمەتی بکەم». دایکی کوردستان (ژ.) دەڵێ»هۆکاری کێشەکە هاوسەری کوردستانە، ئەو لەگەڵ کچەکەم خراپ بووەو بەر لەناردنەوەی بۆ ماڵ، دووجاری دیکە دەریکردووەو لێیداوە». سەرەڕای ئەو مەینەتییانەی بەهۆی ئەو تۆمەتەوە رووبەڕووی بوونەتەوە کوردستان دەڵێ «هاوسەرەکەم لەگەڵم خراپ بوو و دەریکردم، براکەم بەقسەی ئەو وایلێکردم». بەپێی زانیارییەکانی وارڤین تائێستا هیچکام لەو تۆمەتبارانە دەستگیرنەکراون ء پۆلیس دەڵێ (ز. هاوسەری)، (ە. برای)، (ر. شووبرای) چوونەتە دەرەوەی هەرێم. بەگوێرەی زانیارییەکانی وارڤین (ە) رایکردووە بۆ تورکیاو هەریەک لەهاوسەری کوردستان (ز) و برای هاوسەرەکەی (ر.)، رایانکردووە بۆ بەغداو لەلایەن بەرپرسێکی سەربازی کوردەوە لە بەغدا حەشاردراون. کوردستانیش دەڵێ «زانیاریم هەیە (ە)ی برام لەگەڵ دووبرای ترم بەناوی (ک. ت) بۆ دەرەوەی وڵات رایانکردووە، تەنیا (م.)ی برام کە زۆر بۆم باشە ماوەتەوە». هاوکات دادوەر بەپێی برگەی٣١ی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ (ز) هاوسەری کوردستان، (ە) برای کوردستان و (ر) شووبرای دەرکردووە. لەکاتی ئەنجامدانی ئەو رووداوە براکەی کوردستان وادەزانێت کوردستان مردووەو ماڵ جێدەهێڵێت، لەکاتی گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە نامەیەکی نووسراو لەماڵیان دۆزراوەتەوە، سیناریۆی کوشتنی کوردستانی تێدا نووسراوە. لەو نامەیەدا وارێکخراوە کوردستان خۆی نووسیویەتی «لەرقی هاوسەرەکەم خۆم کوشت». بەڵام دوای ئەوەی کوردستان چارەسەری پێویستی لەنەخۆشخانە بۆدەکرێت و لەمردن رزگاری دەبێت، دەردەکەوێت ئەو نامەیە سیناریۆ بووە چونکە کوردستان خوێندەواری نییە.

### چۆن کوردستان رزگار کرا؟

ئەوکاتەی کوردستان لەنەخۆشخانە خەوێندرابوو پۆلیس سەردانکردنی «قەدەغەکردبوو و بەوردی چاودێری دەکرد گومان دەکرا کەسوکاری، بیکوژن». سەرچاوەیەکی پۆلیس گوتی کوردستان لە ٤- ١٠ تا ١٢- ١٠ بەنهێنی لەنەخۆشخانە مایەوە. دواتر دادوەر بڕیاریدا رەوانەی گرتووخانەی چاکسازی ژنان ء منداڵانی هەولێر بکرێت، سەرەتا بەڕێوەبەری ئەو گرتووخانەیە ئامادەنەبووە وەریبگرێت، بەپاساوی ئەوەی ئەوان»ناتوانن چارەسەری تەندروستی بۆ بکەن». کوردستان چاوێکی لەدەستداوەو شەوانیش ناتوانێت بەروونی دنیا ببینێت. بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی تەواو لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا سەبارەت بەو پرسە، دادوەری گشتی دادگای تاوانی هەولێر پەراوێکی سەربەخۆی لەدژی پزیشکێکی نەخۆشخانەی کۆماری کردووەتەوەو بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبووە ئەو ژنە لەنەخۆشخانە بهێڵێتەوەو گوتوویەتی»رەوانەی گرتووخانەی چاکسازی بکرێت». لە ٤- ١٠- ٢٠١٠، دادگا بڕیاریداوە ئەو ژنە لەنەخۆشخانە بمێنێتەوە تا بەتەواوی چارەسەردەکرێت، هەرچەندە ئەو داوایە

www.netewe.com



سیناریۆی کوشتنی کوردستان...

فۆتۆ: وارڤین

بەنووسراوی رەسمی ناگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەڵام بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە داوا لەپۆلیس دەکات ئەو ژنە بریندارە بگوازرێتەوە بۆ گرتووخانەی چاکسازی ژنانء منداڵانی هەولێر. چونکە بەگوێرەی زانیاری پزیشکی چارەسەری ئەو نەخۆشە عەلی زوبێری پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی چاو و مێشک»کوردستان چارەسەرەی بۆکراوە، بۆیە پێویست ناکات لەنەخۆشخانە بهێڵدرێتەوە».

ئەو باسی لەوەشکرد کە دادوەر پێگوتووە «سکاڵا لەدژی (ە) بکە تا دەستگیربکرێت، نەک لەدژی شووبراکەت، چونکە ئەو گوللەی لەتۆ داوە». دواتر کوردستان، گوتی لەلایەن دادوەرەوە پێمگوترا پێویستە بچیتە گرتووخانەی چاکسازی ژنان و منداڵان، چونکە لەنەخۆشخانە ژنی لێنییە، خزمەتت بکەن و لەوێ ژن هەیە خزمەتت بکات. لە٢١ – ١٠ بەبڕیاری دادوەر ئەو ژنە راگوێزرایەوە بۆ گرتووخانەی چاکسازی هەولێر. بەقسەی کوردستان جارێک (م) برای سەردانی کردووەو جارێکیش دایکی هاتووە، هەروەها (م)ی برای پێگوتووە خانوویەکی بەبێئاگاداری لەشوێنێکی نادیار بۆ دەکرێت تالەگەڵ دایکی پێکەوە بژین، بەڵام ئەو دەڵێ حەزدەکەم لەگەڵ منداڵەکانم بژیم، چونکە لەمانگی ٨ وە منداڵەکانم نەبینیوەو ئەوان ئێستا لەماڵی خەزوورم دەژین.

## رەوشی تەندروستی کوردستان ناجێگیرە

کوردستان، دوای ئەوەی لەگرتووخانەی چاکسازی ژنان جێگیر دەکرێت، ئاماژە بەناجێگیری رەوشی تەندروستی دەکات و دەڵێ لەو گرتووخانەیە جارێک بردراومەتە لای پزیشک، چونکە چاو و سەرم زۆر ژان دەکات و دواتر پزیشک پێیگوتم دەبێ لەدەرەوەی گرتووخانە پشکنینت بۆ ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا بۆ ئەنجامدانی پشکنین و چارەسەری پزیشکی نەیانبردوومەتە دەرەوە. لەکاتێکدا وەک باسیکرد بەهۆی گوللەوە دەستێکیشی لەکارکەوتووە. ئەو ئاماژەی بەوەکرد، (م) ی برای لەگەڵی زۆرباشە، بەڵام زانیاری هەیە کە دوو براکەی تری (ک و ت) کاتێ لەنەخۆشخانەبووە، هەوڵی کوشتینانداوە، «هەروەها شووبراکەشم بەتێل بە براکەم (ە) گوتبوو بیکوژن». ئەو دەڵێ ئێستا مۆبایلم هەیە دوای ئەوەی هاوسەرەکەم دەریکردم، پارەی پێدام سیمکارتێک بکڕم منیش لەئاکرێ کڕیم و دوای ئەو رووداوەش هاوسەرەکەم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی من حەزم نەکرد بەگوللە لێتبدرێت. بڕیاربوو کوردستان رەوانەی ماڵی ژنانی هەڕەشەلێکراو لە هەولێر بکرێت، بەڵام بەرپرسی ئەو ماڵە ئامادەنەبوو ئەو وەریبگرێت. لەو بارەیەوە بەهار رەفیق، بەرپرسی ماڵی ژنانی هەڕەشەلێکراو بۆ وارڤین دەڵێ «بەرلەهاتنی کەیسی کوردستان بۆلام، سێ کەیسیترم رەتکردبووە» هۆکاری رەتکردنەوەی کوردستانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە ناتوانێ کەیسێک وەربگرێت هەڕەشەی جیدی لەسەر بێت یان بەرپرسێک لەپشتەوەی ئەو هەڕەشانەوە بیت. چونکە ئەو تەنیا دووپاسەوانی لەژوورەوەکە هەیە کە هەر شەوە یەکێکان ئێشکگرن و چەکیان نییە، لەدەرەوەش پاسەوانی هەیە، بەڵام ناتوانێت بەو پاسەوانانە گرەنتی پاراستنی ژیانی ئەو ژنانە بکات کە هەڕەشەی زۆریان لەسەرە. بەهار دەڵی: «داوام لەلایەنی پەیوەندیدار کردووە پاسەوانی تەواوم بۆ دابینبکەن، بەڵام تائێستا ئەو هەنگاوەیان نەناوە. ئەوەی لەو کەیسە دەخوێندرێتەوە پرسیارێک بۆ لایەنی پەیوەندیدار دروستدەکات بۆچی ژنێک بە گوللە لێبدرێت و زامدار بکرێت، لەکاتێکدا تاوانی نەبێت لە گرتووخانەی چاکسازی ژنان بمێنێتەوە؟ ئایا ناکرێت لەلایەن حکوومەتەوە شوێنێکی تایبەت بۆ ئەو ژنانەی جۆرێک لەو رووداوانەیان هەیە دروست بکرێت. لەوبارەیەوە چالاکوانی بواری ژنان پارێزەر تەلار لەتیف دەڵێ: «پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیرلەوەبکاتەوە کەیسێکی وەک رووداوی کوردستان لەگرتووخانەی چاکسازی ژنان دانەنرێت، بەڵکو پێویستە سەنتەرێک لەرێگەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دابمەزرێت و لەو سەنتەرە رەچاوی بواری تەندروستی و دەرونی ئەو ژنانە بکرێت». هەروەها گوتی ناکرێت ژنێک تاوانلێکراو بێت لەگرتووخانە دابنرێت و وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەو گوتیشی پێویستە لەو سەنتەرە بەپێی یاسا ئەو ژنەی منداڵی هەیە منداڵەکانی لەلا دابنرێت، تا بەتەواوەتی هەست بەئارامی بکات.

# چارەنووسی ژنان لەشارستانیەتی یۆنانی کۆندا

## ٣-٢

# "ئەسینا"

لە ئەسینا باوک دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو، دەیتوانی منداڵی کەمئەندام و ناڕەسەنی خۆی بکوژێت، دیارە لەمنێوەدا کچان زیاتر دەکوژران. لەبەر ئەوەی کاتی شووکردن پێویستیان بەباوانی و کەلوپەلی بووکێنی هەبوو. کچان پاش مێردکردن لەخزمەتکاری ماڵێکەوە دەبوون بەخزمەتکاری ماڵێکی دیکە کە تێیدا نامۆ بوون. بەوجۆرە ئەگەر منداڵەکانی خۆیان نەکوشتبایە، ئەوا لە بوخچەی گڵێنییان دەنان و لەنزیک پەرستگایەک یان لەسەر ڕێگای گشتی دایاندەنان، تا ئەگەر کەسێک ویستی، لەگەڵ خۆی بیانبات، لەمردن ڕزگاریان بکات. لەوێ باوک نەتەنیا دەیتوانی بەرهەمی ڕەنجی ژن و منداڵی بفرۆشێت، کچانی بەمێرد بدات، تەنانەت بۆ ژنی تەڵاقدراوی خۆی مێرد ببینێتەوە، بەڵکو دەیتوانی منداڵی خۆیشی بکوژێت.

لەوێ، کچان لەماڵەوە دەیانخوێندو ئەو بابەتانەی کە فێردەکران ماڵداری و زانستەکانی ئەو بوارە بوون. کچان لەڕێگای دایک و دایەنەوە لەماڵی خۆیان فێری خوێندن، نووسین و پیشە جۆربەجۆرەکان دەبوون. بەڵام ڕێگا بەکچان نەدەدرا، زیاتر لەقۆناغی سەرەتایی بخوێنن، تەنیا ژمارەیەکی کەم دەیانتوانی لەو قۆناغە دەربازبن.

ئەو کۆمەڵگایە هەر ئەو شوێنەیە، کە کەسانێکی وەک سوکرات، ئەفلاتوون، ئەرەستۆی لێدەژیان. لەوێ ئامادەکاری و دەستپێکی پرۆسەی هاوسەرگیری لەلایەن دایک و باوک و دەڵاڵەکانەوە ئەنجامدەدراو ئەنجامی ئەو کارەش دەبووە هۆی ئەوەی کە دارایی، کەلوپەل و باوانی گرنگ و سەرەنجڕاکێش بێت و ڕۆڵی خۆشەویستی کەمڕەنگ بێت. کاتی بەمێردانی کچێک دەبوایە باوکی کچەکە بڕێک دراو، چەند دەست جلوبەرگ، هەندێک زێڕو زیو و تەنانەت جاروباریش چەند خوڵامی لەگەڵ بنێرێت، هەڵبەت هەموو ئەو شتانە وەک موڵکی ئەو ژنە هەژمار دەکران و ئەگەر مێردەکەی بیەوێت تەڵاقی بدات ئەوا دەبێ هەموو باوانیو کەلوپەلەکەی پێبداتەوە، ئەمەش وایکردبوو، پیاوان بەوردبینی و تێڕامانەوە بیر لەتەڵاقدانی ژنەکانیان بکەنەوە.

ئەگەر کچێک باوانی لەگەڵ نەبووایە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی تووشی کێشە دەبوو، بەئاسانی نەیدەتوانی مێرد بکات، بۆیە ئەگەر باوکێک توانای دابینکردنی باوانی کچەکەی نەبووایە ئەوا خزمانی دەهاتنە هانایانەوەو بۆیان ڕێکدەخست. هۆکارە مادییەکان پاڵنەرن بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری. سەرەڕای ئەمەش کێشەی ژننەهێنان و بەڕەبەن مانەوە یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ئەوکاتی یۆنانی بوو. زۆر ئاسایی بوو، کۆمەڵگای یۆنان تووشی ئەو جۆرە کێشانە ببێت، چونکە بەشێوەی بەرفراوان خەڵک بەهرەمەندبوون لەئازادی سێکسی، هەر ئەمەش وایکرد شیرازەی ئەخلاقی کۆمەڵگای یۆنای کۆن تێکبچێت و بنەمای هاوسەرگیری و بنەماڵە سست ببێت. لەو سەردەمەدا داوایانکرد لە» سۆلۆن»یاسادانەری یۆنانی، یاسایەک دابڕێژێ بۆ ڕێگرتن لەڕەبەنایەتی، بەڵام «سۆلۆن» گوتی: «ژنهێنان بارێکی گرانە».

پاکداوێنی بەر لەپرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ژنانی خانەدان ئەرکی ئەخلاقی بوو، بەڵام پیاوان ئازادبوون و کۆتوبەندی ئەخلاقی ڕێگرنەبوو لەداوێن پیسییاندا.

لەیۆنانی کۆن پیاوان بەئاسانی و بەبێبەڵگە دەیانتوانی ژنەکانیان تەڵاقبدەن و لەماڵ دەریان بکەن، لەهەموو بەڵگەکان گرنگتر نەزۆکی بوو، ڕەنگە هۆکاری نەزۆکی پیاو بوایە، بەڵام ژن دەبووە قوربانی.

«دمۆستنس» لەرستەیەکی سەرسووڕهێنەردا دەڵێ «لەنازو نیمنازی لەشفرۆشەکان چێژوەردەگرین، لەدەرفەتی گونجاو لەگەڵیان ڕادەبوێرین و لەژنەکانی خۆشمان منداڵی ڕەسەنمان دەبێتو هەروەها ئاگایان لەماڵومنداڵمان دەبێ و کوانوومان هەردەم گەرمە».

ژن بەڕاستی دەچەوسێندرایەوەو ستەمی لێدەکرا، مافی گرێبەستی نەبوو، نەیدەتوانی قەرزی زۆر وەربگرێت، نەیدەتوانی سکاڵا لەدادگا تۆمار بکات و شایەتیشی جێگای متمانەنەبوو، دوای مردنی مێردکەی پووشکەیەکیش میراتی بەرنەدەکەوت. بەگشتی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن لەدوو ڕووەوە بوو:

یەکەم: لەروانگەی جەستەییەوە ژنیان بەکەمدەزانی و پیاویان بەتەواو دادەنا.

دووهەم: لەبەر ئەوەی هەمیشە ژن کەم تەمەنتر بوو لەپیاو، تەنانەت هێندێجار تەمەنی پیاو دووقاتی تەمەنی ژن بوو، ئەمە وایدەکرد، ژن بەردەوام گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت.

پیاوانی ئەسینا بەباشی ئاگاداری بارودۆخی ئازادی سێکسی خۆیان و کۆمەڵگا بوون، بۆیە هیچکات ئازادییان نەدەدا بەکچ و ژنەکانیان، بۆ ئەوەی لەدەرەوەی ماڵ کار بکەن و لەقوژبنی ماڵیان دەئاخنین، بەڵام ژنان لەناو ماڵدا ڕێزیان لێدەگیراو ئەگەر ڕا و بۆچوونەکانیان پێچەوانەی دەسەڵاتی پیاو نەبووایە، ئەوا لەسەرچاوان دادەنرا. ژنان بۆ خۆیان کاروباری ناو ماڵیان بەڕێوەدەبرد، یان چاودێری بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە بوون.

سەبارەت بەبەشە میراتی مێینە لەیۆنانی کۆن جیاوازی هەبوو لەنێوان ئاسینەکان و ئیسپارتەکان. لەئەسینا میراتی باوک و باوان دابەشدەکرا بەسەر میراتگرانی کوڕدا و لەم نێوانەش بەشی کوڕەگەورە لەوانی دیکە زیاتر بوو. بەشە ژنیش لەمیراتی مێردەکەی تەنیا باوانییەکەی بوو، کە لەگەڵ خۆی هێنابووی. ئەمە لەکاتێکدایە، لەناو ئیسپارتەکان میرات بەتایبەت زەویوزار دابەشنەدەکراو تەنیا کوڕەگەورە دەبوو بەمیراتگر. تەنانەت جووتیارەکان لەسەدەی هەشتەمی پێش زایین نەیاندەهێشت بنەماڵەکانیان زۆر پەرەبستێنێت، نەوەک ژمارەی زۆری میراتگران ببێ بەهۆی لەناوچوونی زەویوزارەکان و ئیدی بەکاری کشتوکاڵ نەبێت.

**هەژار هەورامی**

www.netewe.com



# کەرکوك.. توندوتیژی پاشەکشێ بە ژن دەکات

وارڤین – کەرکوک:

بەهۆی رەوشی نائارامی کەرکوک و جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینییەکان ژنان زیاتر رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوەو راپۆرتی خولی گشتگیری ئەنجومەنی مافی مرڤی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکانیش داوا لەعێراق دەکات دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان برەخسێنێت. ئەمە لەکاتێکدایە لەکەرکوک بەهۆی ئەو رەوشەی رووبەڕوویان بووەتەوە، هەندێک لەژنان ناچاربوونە واز لەپیشەکانییان بهێنن و لەماڵەوە دابنیشن.

## "ماڵەوە وتیان واز لەکارەکەت بێنە باشترە"

سوەیلە حەسەن، ژنێکی٣١ساڵە، دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوای کەرکوکە. ماوەی ساڵێکە وازی لەکارکردن هێناوەو ئێستا لەماڵەوە دادەنیشێت، ئەو ژنە دەڵێ بەهۆی توندوتیژی بەردەوامی شارەکە دەستبەرداری پیشەکەی بووە.

سویلە گوتی: **«چەندینجار لەکاتی چوونم بۆ دەوام رووبەڕووی توندوتیژی دەبوومەوە، ماڵەوەش وتیان واز لەکارەکەت بێنە باشترە»**.

بارودۆخی کەرکوک دوای ئازادکردنی لە٢٠٠٣ بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی، کاری کردۆتەسەر کاروچالاکییەکانی ژن لەشارەکە. ژنانی چالاکی ئەو شارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، فرەنەتەوەیی و مەزهەبی و دژبەیەک وەستانەوەی کەلتوورە ناکۆکەکان، بووەتە هۆی ئەوەی هەنگاوەکانی ژن دوا بکەون.

## ژنە بەرپرسەکان لەکەرکوک دانانیشن

چالاکوانی بواری ژنان لەکەرکوک سرود محەممەد ساڵح، بەگلەیی لەوەدەکات کە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی بەرپرسیارێتیان هەیە لەکەرکوک لەوێ دانانیشن **«لەدەرەوەی کەرکوکن، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر کاکردنی ژن لەو ناوچەیە، چونکە بەرهەمی کاری ئەوان بۆ ژنی کەرکوک نییە»**.

سرووود گوتیشی **«بارودۆخی ژنانی کەرکوک لەگەڵ شارەکانی دیکە زۆر جیاوازە، چونکە بەشێکی زۆری ژنانی ئێرە، هێشتا ژێردەستەن»**. ئەو رایوایە بارودۆخی ئاسایشی شارەکە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر چالاکی و کارایی ژن.

# باری ئەمنی، چوونەدەرەوەی ژنانی کەرکووکی سەخت کردووە


فۆتۆ: رەفیق شوکری

## "ژن دووجار قوربانییە"

بەرپرسی داکۆکیکردن لەرۆژنامەنووسانی مێینە سەمیرە ئەحمەد، دەڵێ بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە لەکەرکوک ململانێ سیاسییەکان قووڵترن، بەو پێیەی لێرە ئایینزا و پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز دەژین.

گوتی **«لەشارەکانی دیکەی هەرێم ئەگەر کەلتووری کۆمەڵایەتی رێگربێت لەبەردەم ژن، ئەوا لێرە پرسەکان قووڵتردەبنەوە، چونکە کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی لەئارادایە»**.

بەگوێرەی قسەی سەمیرە لەکەرکوکدا ژن دووجار قوربانی دەدات جارێکیان وەک خودی ژن و جارێکی دیکەشیان قوربانی ئاڵۆزی و لێکنەگەیشتنی کەلتوور و پێکهاتە جیاوازەکانە.

لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبەژنان دامەزرێنراوەو ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە هەر شەش مانگ جارێک ئاماری حاڵەتەکانی توندوتیژی بڵاودەکەنەوە، بەڵام لەکەرکوک رەوشەکە پێچەوانەیەو تائێستا ناوەندێکی رەسمی بۆ ئامادەکردنی ئاماری پێویست بەحاڵەتەکانی توندوتیژی دانەمەزراوە.

سەمیرە، نەبوونی ئاماری توندوتیژی لەکەرکوک بەهۆکارێکی دیکە دەزانێت بۆ ئەوەی ئەوان وەک چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان نەتوانن کار بۆ نەهێشتنی حاڵەتەکانی توندوتیژی بکەن.

**«لەکەرکوک داتا نییە بۆ ئەوەی بزانیت رێژەی توندوتیژی زۆرە، یان لەچ ئاستێکدایە. چونکە زۆرکات حاڵەتی توندوتیژی زۆر هەیە، کەچی کەس پێینازانێت»** ئەمە گوتەی سەمیرە ئەحمەد بوو.

## "ناتوانین بەشدار بین"

بەهۆی زیادبوونی رێژەی توندوتیژی لەکەرکووک، زۆر ژن ناچار بوونە لەکاری رێکخراوەیی و تەنانەت حکوومیش دەستلەکار بکێشنەوە، بەرپرسی کۆمەڵەی ئافرەتان شوکریە سەعید، دەڵێ زیادبوونی رێژەی توندوتیژی کاریگەری هەیە لەسەر کارکردنی ژنان لەدەرەوە، بەو پێیەی **«بارودۆخی ئاسایش لەکەرکوک رۆژلەدوای رۆژ خراپتر دەبێت»** ژنان ناچارن روو بکەنەوە ماڵەکانیان و نەتوانن بەئازادی لەدەرەوەی چالاکی ئەنجامبدەن.

سەرەڕای ئاستەنگەکان چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن لە کەرکوک **(کەمپینی نابۆ توندوتیژی دژ بەژنان)** یان راگەیاندووە.

شوکریە دەڵێ **«هەر لەو کەمپینە هەندێک رێکخراو و کەسایەتی بەهۆی بارودۆخی ئەمنی شارەکەوە نەیانتوانیوە بەردەوام بن و ناچار کشاونەتەوە»**.

بەرپرسی فراکسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی روناک عەلی، رایوایە رەوشی کەرکوک بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق باشترە، ئەوەی بارودۆخەکەی نالەبار کردووە، ئەوەیە لەهەموو شوێنێکەوە خەڵک رووی تێدەکەن. ئەمەش وایکردووە، نەتەوەو ئایینزا جیاوازەکان لەکەرکوک گرد ببنەوە.

چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن لەوبڕوایەدان لەدوای پرۆسەی رووخاندنی رژێمی بەعس (٢٠٠٣)، ئەرکی ژنان قورستر بووە، جەمیلە عەبدولڕەحمان، لەلقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکەرکوک، باس لەوەدەکات، کاتێک لەهەر وڵاتێکدا گۆڕانکاری لەسیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەڵات روودەدات، شێوازی کارکردنیش دەگۆڕێت. **«دوای پرۆسەی ئازادی ژنان رۆڵی گرنگیان هەبوو لەناوەندەکانی بڕیارو کارکردن، ئەمەش لەئەنجامی گۆڕانی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە بوو»**.

ئەو وەک پارێزەرێکیش باس لەوەدەکات باری ئەمنی لەشارەکە، کاریگەرییەکی نەرێنی هەبووە بەسەر کاروچالاکی ژنان. **«ئەو رەوشە هەلومەرجەکانی ئاڵۆزکردووە»** و ئەوەش بۆتە رێگر لەبەردەم کارابوونی ژنان و بەو هۆیەوە تارادەیەک ژنان لەکارکردن پاشەکشەیان کردووە.

ئەستێرە محەممەد ٢٧ ساڵ، دەرچووی زانکۆ، ئارەزووی ئەوەی هەیە لەچالاکییەکانی ژنان بەشدار بێت، بەڵام رەوشەکە بەرێگر دەزانێت **«چەندین خول و بەرنامەو کۆڕی گرنگ هەبووە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان، بەڵام نەمتوانیوە بەشدار بم، لەبەر ئەوەی لەکەرکوک ترس، تۆقاندن و تەقینەوەو مەترسی شتی چاوەڕواننەکراوە لەئارادایە»**.

ئەو گوتیشی **«رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاری باش دەکەن، بەڵام ناتوانین بەشدار ببین»**.

## "دەرفەتی زیاتر بە ژنان بدرێت"

لەدوا راپۆرتی خولی گشتگیر سەر بەئەنجومەنی مافی مرۆڤ لەژنێف، کە لەمانگی شوباتی رابردوو پێشکەشکراوە، لەچەندین خاڵ ئاماژە بەوەکراوە، کە دەبێ حکوومەتی عێراق بۆ بناتنانەوەی وڵات سوود لەتوانای ژنان وەربگرێت. لەراپۆرتەکەدا هاتووە **«بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ژنان یارمەتیدەرو هاوکارێکی باشن، پێویستە بایەخی زۆرتر بە رۆڵیان بدرێت، بەتایبەتی لەڕووی بەشدارپێکردنیان لەناوەندەکانی بڕیار و دامەزراوەکانی حکوومەت»**.

هەر لەو راپۆرتە گوتراوە لەزۆرێک لەشارەکانی عێراق بەهۆی فرەنەتەوەیی و مەزهەبییەوە ژنان رووبەڕووی توندوتیژی و دوورکەوتنەوە لەکارەکانیان دەبنەوە.

**ئاڤان فارس جاف**

www.netewe.com

### فۆرمێکی باڵادەستی دین کار لەسەر ترساندنی مرۆڤ دەکات

# هەڵسووکەوتی ئاتاتورك و خومەینی دژ بەسەرەتاییترین مافی مرۆڤ بوو

وارڤین – تایبەت: گفتوگۆو بۆچوونەکان لەسەر دیاردەی حیجابی ژنان لەکوردستان فرەلایەنن. زۆرێک بەکەلتوورێکی هاوردەی ناوچە عەرەبییەکان و فرەیەک بە یەک لەمەرجەکانی ئیسلامبوونی دەزانن. هەندێ ڕا دەڵێن، لەئایینی ئیسلامدا حیجاب تەنیا بۆ خێزانەکانی پێغەمبەری ئیسلام دیاریکراوە، شوێنکەوتەکانی کردوویانە بە «سوننەت»یان زانیوەو بەردەوامییان پێداوە. حیجاب کاریگەری لەسەر کەلتووری رەسەنی کوردی چییە؟ تاچەند بووەتە هۆکاری سنووردارکردنی ژن، لەکایەکانی ژیان؟ پەرەسەندنی حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەستە بەهاتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە؟ لەتەوەرێکدا وارڤین هەموو پرسیارانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە ژمارەی ئەمجارەشدا نووسەرو رووناکبیر د.مەریوان وریا قانیع، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

بەشی دووهەم و کۆتایی

**وارڤین: تاچەند زیادکردنی کۆت و بەندەکان و وابەستەکردنی ژن بەحیجاب و ئایین، هۆکاری گەڕاندنەوەی ژنە بۆ چوارچێوەی ماڵ؟**

د. مەریوان: بەستنەوەی کۆت و بەندەکانی سەرژیانی ئافرەتان بەحیجاب یان بەدینەوە بەموتڵەقی کارێکی ناڕاستە. ئەوەی کە بگوترێت ئایین بەدرێژایی خەت دژ بەئافرەتەو هەموو ئافرەتێکی دیندار کۆیلەیە، یان ئایین و باوەڕی ئافرەت بۆ ئاستی کۆیلە دادەبەزێنن تێگەیشتنێکی هەڵەیە لەڕۆڵی ئایین. رێک بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە دەشێت ئایین بەشێکبێت لەکردەی ئازادبوون و پێشکەوتنی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی. ئایین دەتوانێ هێزێک بێت بۆ بەرگریکردن لەئینسانبوونی ئینسان و بۆ مامەڵەکردنی وەک بوونەوەرێکی خاوەن ماف و پیرۆز، وەکچۆن دەشکرێت هێزێک بێ بۆ پیادەکردنی شێوازە هەرەناشیرینەکانی بەربەرییەت و سووکایەتیکردن بەمرۆڤ. ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئایین دەستنیشاندەکات خودی ئایین خۆی نییە، بەڵکو ئەوانەن کە لە کات و ساتە جیاوازەکانی مێژوودا ئەو ئایینە لێکدەدەنەوەو ماناکانی دەستنیشاندەکەن و تێکەڵیدەکەن بەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا. لەقسەکردنماندا لەسەر پەیوەندی نێوان ئایین و دۆخی ژن، یان ئایین و هەر دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیکە دەبێ ئەم بۆچوونەی سەرەوەمان زۆر بەوردی لەبەرچاوبێت. من لێرەدا کات و ساتی ئەوەم نییە نموونە بهێنمەوە لەسەر ئەو لێکدانەوانەی ئایین کە هۆکارێکن بۆ تێکشکاندن و لابردنی کۆت و بەندەکان لەسەر ژنان، ئەوەندە بەسە هێمایەکی خێرا بەهەندێک لەبۆچوونەکانی نەسر حامید ئەبو زێد و ریفات حەسەن و لیلی ئەحمەد بکەم. هەموو ئەمانە تێگەیشتنێکمان بۆ ئایین دەخەنە بەردەست کە ناکۆک نییە بەپێشکەوتن و ئازادبوونی ئافرەتان. خاڵێکی دیکە کە گرنگە بەردەوام لەبەرچاومانبێت ئەوەیە کە نابێت کەسایەتی ئافرەتی حیجابپۆش کورتبکەینەوە بۆ حیجابەکەی بەتەنیا. هەموو ئافرەتێکی حیجابپۆش زۆر زیاترە لەو حیجابەی بەسەریەوەیە. ماناکانی حیجابیش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. چەندەها ئافرەتی حیجاب بەسەر هەن کار و فەرمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی گرنگ رادەپەڕێنن، حەز و ئارەزوو و خەونی تایبەتیان هەیە، خوشک و دایک و هاوڕێی کەسانی ترن، سەرقاڵی ئەم مەسەلە یان ئەو مەسەلەی کۆمەڵایەتی دیکەن، هەست بەنرخ و ئازادی و توانای خۆیان دەکەن. واتە مەرج نییە ئەوەی حیجابی بەست لەترسی ئەم یان ئەو کەس لەژێر گوشاری ئەم یان ئەو هێزدا بەستبێتی. واتە مەرج نییە حیجاب هەمیشە وەک کۆت و بەند ببینین، دەشێت وەک بەشێک لەپرۆسەی دەرکەوتن و هۆشیارییەکی تایبەت و هەڵبژاردنێکی ئازادانە مامەڵەی بکەین، لەباتی ئەوەی رێگربێت کۆمەڵێک دەرگای تایبەت لەسەر دەرکەوتنی ئافرەت لەفەزای گشتیدا بکاتەوە. کە ئەمانە دەڵێم هاوکات ئەو راستییەشم لەبەرچاوە کە حیجاب وەک رەمزێکی دینی و زۆرجاریش سیاسی هێمایەکی بێگوناە نییە، هەرگیزیش وەک هێما دابڕاو نەبووە لەکۆمەڵێک ستراتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتگەرانە، کە لەسەر سنووردارکردنی


www.netewe.com



د. مەریوان وریا قانیع

ئازادییەکانی ئینسان کاریانکردووە. لەمێژووی سەدەی بیستەمی ئەو ناوچەیەدا کە ئێمەی تێدا دەژین، دوو ئەزموونی سیاسی گەورەمان هەیە کە پەیوەندی نێوان حیجاب و سیاسەتمان بۆ ڕووندەکەنەوە. یەکێکیان ئەزموونی ئەو سیاسەتەیە کە فڕێدانی حیجاب بەهەنگاوی یەکەمی پێشکەوتن و ئازادبوونی ژنان و کۆمەڵگا دەزانێت. ئەویتریان حیجابپۆشی وەک هەنگاوی یەکەمی دروستکردنی کۆمەڵگا و کەلتوورێکی پێشکەوت و ڕەسەن مامەڵەدەکات. هەردوو ئەزموونەکەش دوو ئەزموونی نادیموکراسی و دیکتاتۆرتییانە بوون و لەسەر مەرگ، کوشتن و لەناوبردنی هەزاران هەزار مرۆڤ دروستبوون. یەکەمیان ئەزموونی عەلمانییانەی کەمال ئەتاتورکە لەتورکیادا، دووهەمیان ئەزموونی ئایەتولا خومەینییە لەئێراندا، یەکەمیان بەزۆر حیجابی بەئافرەتان داکەند و وەک هێمای دواکەوتن و ژێردەستەیی مامەڵەیکرد. دووهەمیان بەزۆر حیجابی کردەسەر ئافرەتان و وەک هێمای ڕەسەنایەتی و پێشکەوتنی ئەخلاقی مامەڵەی کرد. بەبۆچوونی من هەردوو ئەزموونەکە بەهەمان رادە هەڵەو خراپ و ترسناکن. وەکچۆن یاساغکردنی حیجاب و جلوبەرگی دینی لەپرۆژەکەی کەمال ئەتاتورکدا، کارێک بوو دژ بەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ، ئاواش ترساندن و بەزۆر سەپاندنی حیجاب لەئەزموونی خومەینیدا، بەهەمانئەندازە کارێکی خراپەو دژ بەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە. هەم ئەتاتورک و ئەوانەی لەئەتاتورک دەچن، هەم خومەینی و ئەوانەی خومەینی ڕەفتارن، بەقەد یەک سووکایەتی بەئینسان دەکەن و بەقەدیەک بێڕێزی بەرامبەر بەویست، خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکەن. بەکورتی دین بەو ماناو تێگەیشتنە خومەینییانەوە نەک تەنیا ڕێگرە لەئازادی ژن، بەڵکو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی گرنگی دروستکردنی سیستمێکی تۆتالیتارییە. حیجاب کاتێک دەبێتە کێشە کە بەزۆر بکرێتە سەر ئافرەتان، کاتێک وەک بەش یان ئامرازێک لەپرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەسەڵاتگەر و نادیموکراسیدا بخرێتەگەڕ. ئەو عەقڵیەتەی حیجاب بەزۆر دەکاتەسەر ئافرەتان بەهەمان لۆژیک حیجابێکی ترسناکتر دەکاتەسەر فیکر، عەقڵ و ئازادی کۆمەڵگا. کەی هێزێک بوو بەهێزێکی حیجابپەرست، کەی حیجابی وەک حیجاب کرد بەیەکێک لە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا، کەی بوو بەهێزێکی حیجابسەپێن، ئەو هێزە لەوەدەکەوێت هێزێکی مرۆڤدۆست بێ و بتوانێت و بیەوێ ڕێزی جیاوازییەکانی ناو بوونی ئینسانی و ناو ژیانی کۆمەڵایەتی بگرێت. لەدۆخێکی لەو بابەتەدا حیجاب دەبێتە هێمایەکی ترسناک، بەحوکمی ئەوەش ئەو عەقڵیەتە دینی و پاتریارکییە حیجاب بەتاکە مۆدێلی پۆشاک و شێوەژیانی شەرعی دەزانرێت، وادەکات ئامادەگی حیجاب بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای ئیدانەکردنێکی دینییانەی هەموو شێوازەکانیتری خۆپۆشین و هەموو شێوازەکانیتری دەرکەوتنی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا بێت. لەم ئاستەدا حیجاب نەک تەنیا کێشەیە بۆ ژنان، نەک تەنیا هێمای ڕێگریکردنێکی گەورەیە لەبەردەم ئازادی و پێشکەوتنی ژناندا، بەڵکو هاوکات ڕێگرێکی گەورەشە لەبەردەم هەموو کۆمەڵگادا. لای زۆرێک لەئیسلامییەکان حیجاب تەنیا دەلالەت لەدینداری ناکات، بەڵکو هێماشە بۆئەوەی ئایا کەسێک لەڕووی ڕۆحییەوە تەندروستە یان نەخۆش. سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکەتان کە باس لەگەڕانەوەی ئافرەت دەکات بۆناو سنوورەکانی ماڵ بەهۆی حیجاب یان دینەوە. من وا هەستناکەم ئەمڕۆ ژن بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی ماڵ، ئێمە لەسەردەم و کۆمەڵگایەکدا دەژین ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەماڵ دێنەدەر ڕۆژانە لەزیادبووندایە، لەهەندێک دۆخیشدا حیجاب لەسەرکردن خۆشی هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ هاتنەدەرەوە لەماڵ. ئەگەرچی هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە پێمانبڵێت، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی ئەمڕۆ لەماڵ دێنەدەرەوەو کاردەکەن بەبەراوورد بە دە یان بیست ساڵ یان سی ساڵ لەمەوبەر، چەندە. کەم یان زیادی کردوە. بەڵام من هەستدەکەم ئەمڕۆکە ژمارەیەکی گەورەتری


www.metewe.com



ئافرەتان لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگادا ئامادەبن. ئافرەت وەک کرێکار، فەرمانبەر، دەسەڵاتدار، هونەرمەند، نووسەر، وەرزشکار، وەک سەیرانکەر، سەماکەر، خاوەنکار، سەرباز و ئەندامی سوپا لەناو دەزگاکان و لەناو فەزای گشتیدا ئامادەیە. لەڕاستیدا یەکێک لەهۆکارەکانی دروستبوون و پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی، لەسەردەمی حەسەن بەناوە بۆ ئەمڕۆ، ئەم هاتنەدەرەوە گەورەیەی ئافرەتە لەماڵ و تێکەڵبوونیەتی بەژیانی گشتی کۆمەڵگا. ئەم هاتنەدەرەوەیەی ئافرەت ئەو سنوورە تەقلیدی و سوونەتییانەی سڕییەوە کە پیاو لەژن و پیاوەتی لە ژنێتی جیادەکردەوە. ئەمڕۆ بەزۆر مانا قەیرانێکی گەورەی پیاوەتی، واتە رجولەت، لەکۆمەڵگای ئێمەو لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کەلە کۆمەڵگای ئێمەدەچن. بەمانایەک لەماناکان ئیسلامی سیاسی کاردانەوەیە بەرامبەر بەم قەیرانی پیاوەتییە. بەبۆچوونی من هاتنەدەرەوەی ئافرەت لەماڵ و تێکەڵبوونی بەفەزای گشتی بەڕادەیەکە هیچ هێزێکی دینی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ناتوانێت ئافرەت بگەڕێنێتەوە بۆ ناو ماڵ. من لێرەدا باس لەدۆخ و رووداوی تاکەکەسی ناکەم، بەڵکو باس لەدیاردەو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەم. هێزە دینییەکانی کوردستان خۆشیان ئەو مەسەلەیە دەزانن و کەسیشیان دروشمی گەڕاندنەوەی ئافرەتیان بۆناو ماڵ هەڵنەگرتووە. بەڵام هەموو ئەو هێزە دینییانە دەیانەوێت سنوورێک بۆ ئەم هاتنەدەرەوەیە دابنێن، کۆدی ئەخلاقی بۆ دامەزرێنن، جل یان خۆپۆشینێکی تایبەتی بەسەردا بسەپێنن. لەم ئاسەتدا حیجاب هێمای گەڕاندنەوەی ئافرەت نییە بۆناو ماڵ، بەڵکو هێمای هاتنەدەرەوەیەتی بۆ ناو کۆمەڵگا، بەڵام هاتنەدەرەوەیەکی دینی. خاڵێکی ئەرینی دیکە کە لەپشتی ئەم پێداگرییە زۆرەوەیە لەسەر حیجاب، ئامادەگی جەستەییە وەک بەهایەکی ئینسانی و کەلتووری کە داوای گرنگیپێدان و بەرگریکردن لەمافەکانی دەکات. بەبۆچوونی من ئەم پێداگرتنە گەورەیە لەسەر حیجاب دیوی ئەودیوی ئامادەیی جەستەی بێحیجابە لەناو فەزای گشتیدا. جەستەیەک کە خۆی دەیەوێت شوناسی خۆی دەستنیشانبکات و شێوازی ئامادەبوونی خۆیئازادانە لەناو فەزای گشتیدا نمایشبکات. داواکردنی داپۆشینی بەزۆری جەستە، مانای ئامادەیی جەستەیە وەک بوونەوەر و نرخێکی کەلتووری گرنگ لەناو کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆدا. حیجاب دەکرێت وەک هێما بۆ لەدایکبوونی جەستەی بێحیجاب لەفەرهەنگی ئێمەدا وەک بەهایەکی تایبەت تەماشابکەین، بەڵام بێگومان لەدایکبوونێک بەدنیایەک رێگر و لەمپەری دینییەوە. پێموایە لۆژیکی دینی لێرەدا بەمشێوەیە کاردەکات، مادامەکی جەستەی بێحیجاب جەستەکە لەدایکبووە، مادام ناتوانرێت بەرلە لەدایکبوونی ئەم جەستەیە وەک بەهایەکی کەلتووری گرنگ بگیرێت، بۆیە باشترین ستراتیژییەت داپۆشینیەتی. هەوڵی هێزە دینییەکان بۆ داپۆشینی جەستە مانای لەدایکبوونی جەستەی بێحیجابە لەدونیای ئێمەدا. لەدایکبوونی جەستەش وەک بەهایەکی کەلتووری مانای ئاگاداربوونەوەی مرۆڤ لە پێداویستییەکانی جەستەی، لە بەدەمەوە چوونی ئەو چێژانەی کە دەشێت جەستە بیانبەخشێت، ئەزموونکردنی لەزەت و شادی و سەربەخۆبوونی جەستە وەک مافی سەرەکی جەستە. ئامادەیی جەستە وەک بەهایەکی کەلتووری مانای گەمارۆدانی ئەو سیستمە گەورەیەی حەڵاڵ و حەرامی دینی و نەتەوەیی کە پەیوەندی نێوان ئینسانی ئێمەو جەستەی خۆی دەستنیشاندەکات. بەڵام هەموو ئەم پرۆسانە لەقۆناغێکی سەرەتاییدان، سەپاندنی حیجاب وەک پرۆژەیەکی سیاسی خۆپۆشینی بەزۆر، وەک جۆرێک لەگوشار کە هەندێکجار دەگاتە ئاستی کوشتنی ئافرەتان، دەشێت ئەم پرۆسانە لەبارببات. بەشێکی ئەو توندوتیژییەی ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەرامبەر بەئافرەت بەکاردێت پەیوەندی بەوەوە هەیە جەستە بەگشتی و جەستەی ئافرەت بەتایبەتی دەیانەوێت ببنە دیاردەیەکی کەلتووری و مافی چێژ و مافی دەرکەوتن و مافی خۆنمایشکردن، لەبواری گشتیدا بسەپێنن.

**وارڤین: ئایا پەچە کە بۆ نموونە لە ئاکرێ و زاخۆ و هەندێ ناوچەیتری کوردستان هەیە دەکری بڵێین حیجابە؟ یان ئەوە نەریتێکی پێشینەی کوردەواری بووە؟**

www.netewe.com



**د. مەریوان:** جەستەی ئینسان بەزیاد لەزمانێک قسەدەکات، یەکێک لەو زمانانە زمانی جلوبەرگ و خۆپۆشینە. وەک گوتم جەستە لەڕێگای جلوبەرگ و خۆپۆشینەوە شوناسی خۆی، شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و حەڵاڵ و حەرامەکانی خۆی دیاریدەکات. لەهەر کۆمەڵگایەکدا دین هەبێت، لەوێشدا جلوبەرگی دینیش هەیە. جلوبەرگێکی دینی کە هێما بۆ ئیمانی باوەڕداران و بۆ شوێنی دین لەو کۆمەڵگایەدا دەکات. دین بەبەردەوامی بەشێک بووە لەکەلتوور و فەرهەنگی ئێمە، بۆیە جل و بەرگی دینیش بەردەوام بەشێکبووە لەشێوازی ئەو جلوبەرگانەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەبەرکراون. جا ئەو جلوبەرگە پەچە بووبێت یان عەبا، سەرپۆش بووبێت یان لەچک، شتێکی ئەوتۆ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. تەواو وەک حیجاب پەچەش کاری شاردنەوەی جەستەی ئافرەتە، لەناو ئەو پێکهاتە پاتریارکییەی کۆمەڵگای ئێمەدا. پەچەش وەک حیجاب بەپێوەرێکی ئەخلاقییەوە ئافرەتی بەحورمەت و بەحەیا لەئافرەتی بێحورمەت و کەم حەیا جیادەکاتەوە. تەواو وەک حیجاب ڕۆڵی ئامرازی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت. بەڵام جیاوازییەکی گەورەش لەنێوان پەچەو حیجابدا هەیە. پەچە بەشێک نییە لەپڕۆژەیەکی سیاسی تایبەت، بەشێک نییە لەئایدیۆلۆژیایەکی دینی، وێنەیەکی تایبەتی کۆمەڵگای دینی لەپشتەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لەسیستمی تەقلیدی جلوبەرگ، کە بێگومان هەوڵی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی جەستەی ئافرەت ئەدات. بەمانایەکی دیکە حیجاب بەشێکە لەپڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بۆ بەئیسلامیکردنێکی سەرتاسەری کۆمەڵگا، لەئێران ئافرەتە مەسیحییەکانیش دەبێت پەچە لەسەربکەن. هەروەها بەشێکیشە لەپڕۆژەی هەیمەنەکردنی گروپێکی دینی و سیاسی لەکۆمەڵگادا، بەڵام پەچە بەشێک نییە لەپڕۆژەیەکی سیاسی و دەسەڵاتداری ئایدیۆلۆژی لەوبابەتە. دەبێت بەردەوام ئاگامان لەوەبێت گشتگیری نەکەین و هەموو حیجابێک وەک هەڵگری ئەو مانا سیاسییانە وێنانەکەین. ئەوەی گرنگە بیزانینن پەچە بەشێکە لەدینداری تەقلیدی کە دیندارییەکی سیاسی نییە، بەڵام پەچە لەپڕۆژەی ئیسلامی سیاسیدا بۆتە بەشێک لەپڕۆژەیەکی سیاسی و بەستراوەتەوە بەخەون، حەز و تەماحی هەیمەنەی ئەو نوخبەیەوە کە بەناوی دینەوە سیاسەت دەکات. هەم پەچەو هەم حیجاب بەشێکن لەستراتیژیەتی شاردنەوەی جەستەی ئافرەت. یەکێک لەکۆمەڵناسە هەرەبەناوبانگەکانی دونیا، مەبەستم برایان تێرنەرە، کە باس لەسۆسیۆلۆجیای جەستە دەکات، باس لەهەوڵی بەردەوامی پیاوان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سێکسی ئافرەت لەچوارچێوەی سەپاندنی دەسەڵاتێکی پاتریارکییانەدا. لەم ئاسەتدا پەچە، سەرپۆش، لەچک، حیجاب و نیقاب، هەموویان بەشێکن لەو هەوڵانەی پیاوان لەڕێگایانەوە دەیانەوێت ژیانی سێکسی ئافرەت و دەرکەوتنی جەستەی لەفەزای گشتیدا کۆنترۆڵ و چاودێریبکەن.

**وارڤین: پۆشینی حیجاب چ مەترسییەکی لێدەکەوێتەوە؟**

**د. مەریوان:** پۆشینی حیجاب گەر بەشێک نەبێت لەپڕۆژەیەک بۆ سنووردارکردنی ئازادی مرۆڤ و بۆ پێشێلکردنی مافەکانی، ئەوا هیچ مەترسییەکی نییە. کێشەکە لەپۆشینی حیجاب خۆیدا نییە، بەڵام لەهەموو ئەو مانایانەدایە کە بەحیجاب ئەدرێن. ئەو پڕۆژانەی کە حیجاب وەک سنوورێکی ڕەمزی بۆ جیاکردنەوەی بڕوادار لەبێبڕوا و بەڕەوشت لە بەدڕەوشت و ئافرەتی باش لەئافرەتی خراپ بەکاردەهێنن، مەترسیدارن. ئەو دیدە ئەخلاقییە مەترسیدارە کە حیجاب دەکاتە موقەدەسێکی ئیلاهی و بەناوی ئەو موقەدەسەوە دەیەوێت هەمووان ناچارکات حیجابپۆش بن. کێشەکە لەوەدایە بڕێکی زۆری ئەو حیجابەی لەکوردستاندا هەن، لەوەناچێت حیجابێک بن لەبڕیاری ئازادی تاکەکەسەکانەوە هاتبن. من خۆم زیاد لەچەند ئافرەتێک دەناسم کە لەترساو لەژێر گوشاردا حیجاب دەپۆشن. فۆرمێکی باڵادەستی دین لەکوردستاندا هەیە لەسەر ترساندنی مرۆڤ کاردەکات، فۆرمێکی تۆقێنەری دینەو ئینسان وەک بوونەوەرێکی بچووک و گرنگ مامەڵەدەکات. ئەو حیجابەی لەو تێگەیشتنە تۆقێنەرەوە بۆ دین هاتبێت حیجابێکی تۆقێنەرە. ڕێگرە لەبەردەم ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و ئازادییەکانی تریدا.

**بەهرە حەمەڕەش**



www.netewe.com

# ژنانی سعودیە چۆن دەژین؟

وارڤین — سعودیا:

کاتێ ناوی عەرەبستانی سعودی دێت خێرا فەریزەی حەج، مەککەی موکەرەمە، مەدینەی مونەوەرە، کەعبەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ)دێتە پێش چاو. ئەوەش کارێکی ئاساییە چونکە ساڵانە زیاتر لە ۳۰ملیۆن موسڵمان بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج یان سوننەتی عومرە رووڵەم وڵاتە دەکەن و زیاتر لەم دوو شارەپیرۆزەدا کاتەکانیان بەسەردەبەن. بۆیە لایەنی ئیمانی هەمیشە زاڵە بەسەر لایەنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکاندا و زۆرکەس هەر مەبەستیان نییە جگە لەو لایەنە خوداپەرستییە هیچ شتێک لەسەر کۆمەڵگای سعودیە بزانێت. لەهەندێ کۆمەڵگای ئیسلامی موحافیزکاریش هەر قسەکردنێک لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتە، جۆرێکە لەکوفر و موحەڕەمات، بەڵام ئەوەتا میدیاکانی سعودیا کە لەمەودایەکی زۆر تەسکی ئازادیدا جموجوڵ دەکەن، دەچنە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و داتا دەخەنەڕوو. ئەگەر پرسیار لەرۆژنامەنووسانی سعودیا بکەیت دەڵێن: ئێمە زۆرجار باجی ئەو تێڕوانینە ئیمانییە دەدەین و ئەوەندە باسمان لەلایەنە ئیمانییەکان کردووەو کارمان بۆ ئیسراحەتی میوانانی ماڵی خودا کردووە، نیو ئەوەندە گرنگیمان بەچاکسازی سیستمی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان نەداوە. خەریکە بڵێین تاکەکانی کۆمەڵگای سعودی ئێجگار لەو گۆڕانکارییە جیهانییە دواکەوتوون و دەترسین رۆژێک بێتەپێشەوە بارودۆخەکەمان پێ کۆنترۆڵ نەکرێت. بۆیە بڕیاریانداوە هەرچی وردەکاری کۆمەڵایەتی هەیە بەباش و خراپەوە بەدیاردە ئەرێنی و نەرێنی و سەرنجڕاکێشەکانەوە هەمووی بخەینەسەر روپەڕی رۆژنامەکان.

لەم راپۆرتەدا چەند چیرۆکێک لەواقعی کۆمەڵگەی سعودی دەخەمەڕوو کە تەنیا لەدوو ژمارەی رۆژنامەکانی (عوکاز) و (وەتەن)ی سعودیە لەرۆژەکانی یەکەمی مانگی ١١- ٢٠١٠ بڵاوکراونەتەوە.

## دوای ٧٥ساڵ مانگرتن لەزەواج کچێکی ٢٥ساڵەی هێنا!

عەبدولڕەحمان موزەفەر کە راوچی ماسییەو دانیشتووی (دورگەی سیر) لەناوچەی (جازان)ە. ساڵانێکی دورودرێژە مانی لەژنهێنان گرتووەو هەرچەند خزم و کەسووکارەکەی داوای لێدەکەن زەواج بکات، ئەو رەتیکردۆتەوە. ئەم پیاوە سەرەڕای ئەوەی هیچ گرفتێکی جەستەیی، مادی و دەروونی نەبووە، بەڵام بەبێئەوەی هۆکارەکەی بدرکێنێ هەموو ئەو داواکارییانەی ژنهێنانی رەتکردۆتەوە کە لەخزم و کەسووکارەکەیەوە پێشکەشی کراوە. تا دواجار برادەرەکانی رازیدەکەن ئەم مانگرتنە بشکێنێت و بڕیاری ژنهێنان بدات. بەڵام کاتێک تەمەنی گەیشتۆتە ٧٥ساڵ و توانای کارکردنی نەماوە، کچێکی دەوڵەمەندیان بۆ دۆزیوەتەوە کە تەمەنی ٢٥ساڵەو دانیشتووی پارێزگای (بیش)ە. بۆیە ئەم زاوا ٧٥ساڵییە لەرێوڕەسمێکدا کە ئەمیری ناوچەی جازان ئامادەی بوو لەگەڵ ئەو کچەدا چووەتە قەفەسی زێڕینەوە. عەبدولڕەحمان موزەفەر کە ئێستا تەنیا مووچەیەکی خانەنشینی هەیە کە ریاڵی سعودیە (نزیکەی ٢٥٠دۆلار)، دەڵێ: زۆر خۆشحاڵم بەم هاوسەرگیرییە بەتایبەتی ئێستا تەمەنم گەیشتۆتە ٧٥ساڵ و توانای کارم نەماوە. هەندێ لە هاوتەمەنەکانم لەگوندەکەی خۆمان کە ئەوانیش وەک من درەنگ زەواجیان کردووە باسی لەزەتی ژنهێنانیان لەم تەمەنە بۆکردم و حەماسەتیان جووڵاندم بۆ قبووڵکردنی ئەم هاوسەرگیرییە.

## ٣٢ ساڵ: ستانداردی قەیرەیی کچان

لیژنەیەکی هاوبەش لەپسپۆڕانی وەزارەتەکانی (ناوخۆ، دەرەوە، کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ)ی سعودیە پێکهاتووە بۆ سەرژمێریکردنی ژمارەی قەیرەکچەکانی ئەو وڵاتە. ئەوەش دوای زیادبوونی حاڵەتی پەیوەندییە ناشەرعیەکان و خۆکوشتن و لادانی کۆمەڵایەتی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەناو کۆمەڵگای عەبەستانی سعودیدا سەریهەڵداوەو هەروەک بەرپرسانی بواری کۆمەڵایەتی دەڵێن خەریکە کۆنترۆڵی لەدەست حکوومەت و چارەسەرکردنی نامێنێت. ئەم لیژنە پسپۆڕە، لەناوخۆیاندا رێککەوتوون کە ئەو کچەی تەمەنی گەیشتە ٣٢ساڵ و شووینەکردبێت ئەوا داخلی لیستی قەیرەیی دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە پرۆسەی سەرژمێری کراوەو ئەنجامەکەی بەدیاری خستووە کە زیاتر لەملیۆنێک و پێنجسەد هەزار قەیرەکچ لەسعودیە هەیەو هۆکاری سەرەکی ئەوەشیان بۆ زەواجی پیاوانی سعودیە لەکچانی بیانی و داخراوی سیستمی کۆمەڵایەتی و عەقڵیەتی رۆشنبیریی ئەو وڵاتە گەڕاندۆتەوە کە لیژنە حکوومیەکە نەیوێراوە باسی عەقڵیەتی رۆشنبیری لەلای بەرپرسانی سعودیە بکات. بەڵکو تەنیا بەدەستەواژەی (داخراوی کۆمەڵگا) کۆتایی بەراپۆرتەکە هێناوە. لەراپۆرتەکەدا کە ئەم لیژنەیە بەرزیان کردۆتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی باڵای حکوومەت گوتراوە: ئەو کچانەی هەلی زەواجیان لەسعودیە بۆ دەرەخسێت زیاتر لەتەمەنی ١٦ساڵ بۆ

www.netewe.com







# تەنیا ٤٢٪ی گەنجانی سعودیە ئامادەن بە پێی داب و نەریتی وڵاتەکەیان هاوسەرگیری بکەن و ئەوانەی ژنێکیان هەیە، خوازیارن بیکەن بە دوو و سێ و چوار

www.metevej.com

٢٢ساڵە، بەڵام نازانرێ بۆچی ٣٢ساڵ وەک تەمەنی قەیرەیی بۆ کچانی سعودیە دانراوە. هەروەها ئاماژە بۆ کەمبوونەوەی خواستی گەنجانی سعودیە لەژنهێنانی تەقلیدی کراوەو بەپێی راپۆرتەکە لەمچەند ساڵەی دواییدا خواستی هاوسەرگیری تەقلیدی لەناو گەنجانی سعودیە بەشێوەیەکی ترسناک کەمبۆتەوەو ئێستا تەنها ٤٢٪ی گەنجانی ئەو وڵاتە ئامادەن لەسەر دابونەریتی سعودیە هاوسەرگیری بکەن. ئەو پیاوانەش کە ژنیان هەیەو خوازیاری دووهەم و سێهەم و چوارەم ژنن، زیاتر کچە بیانییەکان دەهێنن کە بۆ کارکردن لەناو ماڵاندا هاتوونەتە سعودیە. چونکە ئەوە لەهەردوو رووی دەروونی و داراییەوە بۆ پیاوە بەتەمەنەکانی سعودیە ئاسانتر و بێکێشەترە.

## هاوسەرگیرییەک بڕیارێک بەوەزارەتی ناوخۆ دەردەکات

کچێکی تەمەن ١٤ساڵی سعودی کە بەپێی یاساکانی حکوومەتی سعودیە بە (قاصر) دادەنرێت لەناوچەی (تبوک) لەئەنجامی قەرزاربوونی باوکی بەبڕی ١٨هەزار ریاڵی سعودی دەدرێت بەپیاوێک کە تەمەنی ٨١ساڵە. دوای هەفتەیەک لەزەواج کچەکە ماڵی مێردەکەی بەجێدێڵێت و ئامادەنییە بگەڕێتەوە بۆلای پیاوەکەی. باوکی کچەکەش هەستبەو تاوانە دەکات کە بەرامبەر بەکچەکەی کردوویەتی و لەگەڵ کچەکەیدا دەچێتە یەکێک لەبنکەکانی پۆلیس و داوای هەڵوەشانەوەی ئەو هاوسەرگیرییە دەکات، بەڵام پیاوە بەتەمەنەکە ئامادەنییە تەڵاقی بدات، تا ئەو ١٨هەزار ریاڵەی کە لەلای باوکی کچەکەیەو ١٨هەزار ریاڵی دیکەش وەک قەرەبووکردنەوەی لەو زیانە مەعنەوییەی کەپێیگەیشتووە وەرنەگرێت. باوکی کچەکە بەهەموو شتێک رازییە تەنیا نەگەڕانەوەی کچە ١٤ساڵەکەی نەبێت بۆ لای ئەو پیاوە. ئەو دەڵێ»من تاوانێکی گەورەم بەرامبەر خوای گەورەو کچە منداڵەکەم کرد کاتێ رازیبووم ببێتە هاوسەری پیاوێکی تەمەن ٨١ساڵ. بۆیە ئامادەم هەر باج و سزایەک بدەم لەپێناو ئازادی کچەکەمدا». بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەم دۆسیەیەش رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لەسعودیە گوشارێکی زۆریان لەناو کۆمەڵگای سعودیەدا دروست کرد و داوایان لەحکوومەت و خێرخوازان کردووە لەلایەک یاسایەک بۆ دوبارەنەبوونەوەی ئەم حاڵەتانە دابنێت لەلایەکی دیکەشەوە هاوکاری مادی ئەو کچە بکەن تا قەرز و قەرەبووەکەی ئەو پیاوە ٨١ساڵە بدرێتەوەو کچە ١٤ساڵەکە کە ناوی (بوسەینە)یە، ئازاد بێت. دوای ئەم رووداوە وەزارەتی ناوخۆی سعودیە بڕیارێکی دەرکردووە کە نابێ ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە ٧٥ساڵ تێپەڕیووە ژنێک بێنن کە جیاوازی تەمەنیان لەگەڵی لە ٢٥ساڵ زیاتربێت. ئەم بڕیارە ئەگەرچی بەبەراوورد لەگەڵ کۆمەڵگا مەدەنییەکاندا ئێجگار لاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی نارەزاییەکی زۆری بەشێک لەپیاوانی خاوەنکار و زانایانی ئیسلامی و شەرعزانانی سعودیە بووەتەوەو دەڵێن ئەوە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامدا یەکناگرێتەوە. چونکە مەرجی زەواج لەئیسلامدا بەگەورەیی تەمەن دیارینەکراوە بەڵکو بەرازیبوونی ژن و پیاو و وەلی ئەمری کچەکەیە.

**مەریوان نەقشبەندی**

# "حەج

# بازرگانییەك

وارڤین — سلێمانی:

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانانی جیهان فەریزەی حەجکردن بەجێدەهێنن و چانسیش هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ حەج بکەن و لەبەر نەخۆشی و پەککەوتەیی ناتوانن بچن و کەسێک رادەسپێرن تا ئەو ئامانجەیان بۆ بهێننە دی. هەندێک کەسیش وەک بازرگانی ئەو پرسە بەکاردەهێنن و لەسێبەری ماڵی خودا دا بەدوای قازانجی زۆردا دەگەڕێن، شارەزایانی ئایینیش دەڵێن ئەو کەسەی حەج دەکات دەبێ بە نیەتێکی پاکەوە بیکات.

عەتیە محەممەد ٧٠ساڵ باسی لەوەکرد، خۆشحاڵە بەوەی ئاواتی چەندساڵەی تەمەنی بەدیدەهێنێت و ویژدانی ئاسوودە دەکات. ئەو گوتی «چەندساڵە مەراقم بوو، بچم بۆ حەج، بەڵام لەبەر ناتەواوی باری تەندروستیم خۆم نەمتوانی و لەکەسێکم کڕییەوە».

ئەو ژنەبەساڵاچووە گوتیشی: «پرسیارم لەکەسانی شارەزاو مەلا کردووەو گوتوویانە دەتوانیت بکڕێتەوە».

عەتیە گوتیشی «گرەنتی ئەو کەسەم نییە،

> لە دڵی کەسدا نییە تابزانێت ئایا ئەو کەسەی رایسپاردووە بەنییەتێکی پاکەوە حەجی بۆ دەکات یان نا؟



کەعبەی ماڵی خودا...
ئەو ماڵەی هەندێک بۆ بازرگانی رووی تێدەکەن

www.netewe.com

# ــــکڕینەوە"

# لەسێبەری کەعبەدا

کە بەرپێکوپێکــی حەجم بــۆ دەکات، ئیتر هەرچییەک بکات خــۆی گوناهبار دەبێت و خۆی و خوای خۆی».

یەکەم کاروانی حاجییان بۆ حەجی ئەمساڵ لە ٢٣- ٢٤ ی مانگی ١٠ لەرێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتــی ســلێمانی بەرەو شانشــینی سعودییە بەڕێکەوت.

مامۆستا رەئوف رەزا حەمەساڵح بەڕێوەبەری حـــەج و عەمـــرەی پارێزگای ســـلێمانی بۆ وارڤین گوتی «ئەمساڵ ٤ هەزار و ٥٠٠ کەس لەهەرێمـــەوە چوون بۆ حەج کە هەزار و ٤٠٠ کەسیان خەڵکی پارێزگای سلێمانین».

ئەو مامۆســـتایە گوتیشـــی «هەندێک کەس بەهۆی تەمەنـــی زۆرو پەککەوتەییان یاخود کەسێک کە خۆی کۆچی دواییکردووە، پێشتر حەجی کڕیوەتەوەو کەسێکیان راسپاردووە بۆ ئەوەی لەجێی خۆیان حەجیان بۆ بکات. هەر لەکۆنیشـــەوە خەڵک حەجی کڕیوەو لەڕووی شەریعەتی ئیســـلام رێگە پێدراوە بەگوێرەی کۆمەڵێک مەرج».

سەبارەت بەمەرجەکانی کڕینەوەی حەجیش گوتی «دەبێ ئەو کەســـەی، دەبێتە بەدیل بۆ یەکێکی دیکەو حەجی بۆ دەکات، پێشتر خۆی حەجی کردبێت و تەمەنی لە ٢٥ ســـاڵ بەرەوسەربێت».

دەربارەی باوەڕکردن بەو کەســـانەش گوتی «لەدڵی کەســـدا نییـــە تابزانیـــن ئایا ئەو کەسەی، رایسپاردووە بەنیەتێکی پاک حەجی بۆ دەکات یاخود نا».

ئامان محەممەد، ژنێکی ٩٠ ساڵەو ساڵی پار هەزار دۆلاری ئەمەریکی داوە بەناســـیاوێکی کە جێگـــەی باوەڕیەتی بۆ ئـــەوەی یەکێک راســـپێرێت، لەســـعودییە حەجی بۆ بکات، ئەو گوتی «کەسەکەم دەناسی بۆیە سیقەم پێکرد، زۆر نەخۆشیشـــبووم ئیدی پرسیارم کرد، گوتیـــان دەتوانی حـــەج بکڕیتەوە».

ئەو حاجیە گوتیشـــی «حـــەزم دەکرد خۆم بچوومایـــە، بەڵام زۆریش دڵخۆشـــبووم، کە بڕوانامەکەیان بۆ هێنامـــەوەو وامزانی خۆم رۆشتووم».

خاوەن کۆمپانیاکانی تایبەت بەحەج وعەمرە باس لەوەدەکەن ئەمساڵیش زیاتر لەساڵانی دیکە خەڵک حەجی کڕیوەتەوە.

مامۆستا محەممەد فەرەج سەعید دەرچووی بەشی خوێندنی ئیسلامی و خاوەنی کۆمپانیای عەبابەیلێ بۆ حەج و عەمرە بۆ وارڤین گوتی «تائێستا ٤٨ کەس ناویان لانوسیووم بۆ حەج و ٢٠ کەسیان کڕیویانەتەوە». ئەو گوتیشی «ئەو کەسەی، دەیەوێ حەج بکڕێت دەتوانێ کەســـێکی خۆی بنێرێت، یان لەســـعودییە کەســـێکی جێی باوەڕ حەجەکەی بۆ بکات و لەســـەر بڕێک پارە رێکبکەون. من ئەوەندە وەکالەتم لەسەرە تا ئەو کەسە دەدۆزمەوەو بـــاوەڕم پێی هەیەو دواتـــر بڕوانامەی حەج لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە».

ئەو خاوەن کۆمپانیایە بەگومانەوە باسی لەو کەسانە کرد، ساڵانە حەجێکی زۆر دەکڕنەوەو گوتی «خەڵک هەبووە، ساڵی پێشوو، ١٠٠٠ کەســـی بەو شێوەیە ناردووە بۆ حەج، بەڵام ئـــەو هەموو کەســـەی لەکوێ دەســـتکەوت نازانم». گوتیشی «دەبێ ئەو کەسە مەرجی شـــەرعی تێدابێ و لیژنـــەی فەتوا بڕیاربدات لەسەرئەوەی ئەو کەسە دەتوانێ حەج بکڕێت یان نا. ئینجا ئێمە کارەکەیان بۆ دەکەین».

حاجی ئەحمەد عوســـمان ٣٠ســـاڵ یەکێکە لەو کەســـانەی کە بووەتە جێـــی متمانەی ناســـراوێکی و حەجی بۆ کردووە، ئەو گوتی «حەجم بـــۆ ئافرەتێکی پیر کرد، کەلە قاچ کەوتبوو، لەڕێگـــەی کۆمپانیاوە حەجەکەی لێ کڕیوەتەوە». ئەو حاجیە گوتیشی «کە شەهادەی حەجەکەم هێنایەوە بۆ ژنەکە زۆری پێخۆشـــبوو و ئەمە فرسەتێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی ناتوانن خۆیان بچن بۆ حەج».

ئەو گوتیشی لەسعودییە لەبەردەم ئوتێلەکان خەڵکی دەســـتبڕ هەیەو دەڵێن کێ دەیەوێت حـــەج بـــۆ کەســـێکی بکەیـــن و «هەندێک لەکوردەکانیـــش بەهـــۆی ناشـــارەزاییەوە هەڵدەخڵەتێـــن و پارەکەیـــان دەخـــورێ و حەجیشیان بۆ ناکرێت».

نیاز محەممد ٣٧ســـاڵ کە ساڵی پار حەجی کـــردووە، باس لـــەوەدەکات هەرچەندە لێرە متمانـــە بەو کەســـانە دەکرێـــت، کە حەج لەجیاتی یەکێک بکەن، بەڵام هەندێکیان ئەو بەڵێنە نابەنە سەر و شـــایەنی متمانە نین، گوتی «کە چووم بۆ حەج پیاوێکمان لەگەڵ بـــوو بە پـــارە حەجی بۆ کەســـێک دەکرد، من دەمبینی زۆربـــەی فەریزەکانی جێبەجێ نەدەکردو زۆربەی کات لەگەڵ کچان قســـەی دەکرد و پەیوەندی بەرفراوانی هەبوو».


ئەو گوتیشـــی «گوناهە ئـــەو هەموو پارەیە بدەیـــت بـــە کەســـێک و ئەویـــش لەگەڵت راســـتنەکات، بۆیە هەر کەس ویستی حەج بکڕێت واباشـــترە خزمێکی نزیکی خۆی ئەو حەجەی بۆ بکات».

> بینیم یەکێک لەو کەسانەی کە بە پارە حەجی بۆ کەسێک دیکە دەکرد، زۆربەی فەریزەکانی حەجی جێبەجێ نەدەکرد و زۆربەی کات لـەگەڵ کچان قسەی دەکرد



هەژان خالید

www.netewe.com



# ژنێک دوو کچ دەباتە شەقڵاوەو لەگەڵ میوانەکانی دەیانخەوێنێت

وارڤین – تایبەت:

ئەوان دوو خوشکن، تەمەنیان نەگەیشتووەتە هەژدە ساڵ و هەردووکیان، سێجار ماڵە ئاسایی و بێکێشەکەی خۆیان لەپێناو خۆشەویستیدا بەجێهێشتووەو چارەنووسی خۆیان داوەتەدەست ژنێکەوە، کە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵیان، ئەوانی لەهەولێرەوە بردووەتە شەقڵاوەو لەوێ کەسانێکی بانگکردووەو بەبێبەرامبەر سێکسیان لەگەڵیاندا کردووە.

## لەکوێوە بۆ کوێ؟

کاتێ هەوا بەرەبەرە ڕووی لەگەرمی دەکرد، ڕۆژژمێری ژیان پێنجەم مانگی ساڵی دەخوێندەوە، شیلانی شانزە ساڵان دەتگوت بەبۆنی بەهاری تەڕو پاراوی رابردوو گێژبووە. ئەو مەستانە خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک دەکرد، نەیدەتوانی هەرگیز دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییەی بێ و بیریشی لەچارەنووسی پەیوەندییەکەی لەگەڵ سەربەست نەدەکردەوە، تائەوکاتەی برایەکی شیلان بەپەیوەندییەکە دەزانێت.

ماڵباتی شیلان لە١١ سەر خێزان پێکهاتووە، ئەوان ژیانێکی ئاسایی و بژێوییەکی مامناوەندییان هەبوو، لەگەڕەکێکی نەزۆر هەژارنشین و نەدەوڵەمەندنشین دەژیان. شیلان، لەگەڵ خوشکە چکۆڵە چواردەساڵییەکەی کە بەشنە دەیناسێنین، دوو خوشکی دیکەو پێنج برایان هەیە. ئەوەی شیلان و شنەی لەو خێزانە جیادەکردەوە ئەوەبوو، هەردوو جووتە خوشک بەرازونیازی یەکتریان دەزانی و وەک هاوڕێ زیاتر پێکەوە تەبابوونو ئەوەی لە قاوغی خوشکایەتی نەیاندەتوانی باسی بکەن، لەقەپێلکی هاوڕێیەتیدا گەنگەشەیان دەکرد.

شیلان، سەرقاڵی ئەویندارى بوو لەگەڵ سەربەستدا، کاتێک یەکێک لەبراکان بەکارەکەی زانی، شیلان پەلی خوشکە چواردە ساڵییەکەی گرت و بەیەکەوە ماڵیان بەجێهێشت. ڕۆژان زوو تێپەڕ بوون و هەفتەیەک بەسەر دوورکەوتنەوەی شیلان و شنە لەماڵ تێپەڕی. کەس نازانێت دڵی ئەو دوو کچۆڵەیە چەندە گرێکوێرەی تێئاڵابوو. باوکیان بەدڵی پڕچەسرەتەوە سکاڵای ونبوونی کچەکانی گەیاندە پۆلیس، هێندەی پێنەچوو هەردووک لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە.

## سەرەداوی ڕووداوەکان لەدەست کێدایە

شیلان، نەیدەتوانی چیدیکە ڕاستییەکان بشارێتەوە، ئەو لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەی بنکەی پۆلیسی عەنکاوەدا، دانی بەوەدانا. سەربەست لەگەڵی کاری سێکسی کردووە، بەو هۆیەوە لەکچێنی کەوتووە. بۆیە ناچاربووە لەماڵ رابکات، لەبێکەسی خۆیدا پەنای بردووەتەبەر خوشکەکەی و ئەویشی ڕاپێچی ئەو چارەنووسە کردووە، هەرچی شنەی چواردەساڵ بوو، هەتا ئەوکاتە نەیدەزانی ملدان بەهەستە کاتییەکانی چ ئەهامەتییەکی تووشدەکات بۆ پۆلیس گوتی **«من هیچ تاوانم نییە، شیلان داوای لێکردم، من تەنیا بەگوێی ئەوم کرد»**.

هەرکەسێ بەراگوزەریش بەهەرێمی کوردستاندا تێپەڕێ، دەزانێت دەرچوونی دوو کچ لەماڵ و مانەوەیان لەدەرەوە بۆماوەی یەک هەفتە کارێکی پڕئەستەمە، کێ دەزانێ ئەوان چۆن ژیاون لەو هەفتەیەدا، کێ هاوڕێی خەمیان بووە. چۆن لەحەژمەتی ڕقی براکان و باوکیان نەتۆقین، پەنایان بۆ کێ برد، سەربەست چی لێهات؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە، بەڵام تۆ بڵێی ئەو کەسەی هەنگاوێکی ڕووەو ناڕاستی نا، ڕۆژێک بەبوێرییەوە پەردە لەسەر ڕاستییەکان لابدات و دانبەهەڵەکەی خۆیدابنێ و پەیمانی ئەوە بدات، هەرگیز هەڵە بە هەڵە چارەسەر نەکات. ناڕاستی بەگوتنی ناڕاستییەکی دیکە پەردەپۆش نەکات. کەس نازانێ بۆچی شیلان لەبەردەم پۆلیس دەیگوت **«ئێمە لەهیچ شوێنێک نەماوینەتەوە، بەڵام لەگەڵ سەربەست لەپارکی شانەدەر خەوتووین»**.

پۆلیس ئەو گوتەیەی بەڕاست وەرنەگرتووە، بەگوێرەی زانیاری پۆلیس کەسێکی دیکە لەو مەسەلەیەدا هەیەو ڕەنگە هەموو سەرەداوەکانی ئەو چیرۆکە لەدەست ئەو کەسەدا بن.

## کانی پێی لەماڵیان نەدەبڕی

وەک ئەوەی پۆلیس بەبێ ناساندنی سەرچاوە، گوتی **«ئەو ماوەیە شیلان و شنە لەپارک نەماونەتەوە، بەڵکو لەماڵی ژنێک ماونەتەوە کە ڕێکخەری پەیوەندی شیلان و سەربەستە»**. کانی ناوی خوازراوی ئەو ژنەیە، تەمەنی لەسەرووی ٣٠ ساڵەوەیەو بەتەنیا لەماڵێکی سەربەخۆدا ژیان بەسەر دەبات و تائێستا پۆلیس زانیاری وردی لەسەر ژیان و بەسەرهاتی ئەو ژنە دەستنەکەوتووە. ئەو ماوەی هەفتەیەک جووتە خوشکەکەو سەربەستی لەماڵی خۆیدا حەشاردابوو.

پۆلیس دوای وەرگرتنی گوتەی هەردوو خوشک پەیوەندی بەباوکیانەوە کردو باوکیان بەمیهرەبانییەوە ئامێزی بۆکردنەوەو ڕازیبوو بگەڕێنەوە بۆ ماڵ، لێرەوە چیرۆکی کانی و پتەوتربوونی پەیوەندی لەگەڵ شیلان و شنە دەستپێدەکات. کانی، نەیدەویست پێی لەماڵیان ببرێت، زوو زوو سەردانی دەکردن، بڕیاری دەستگیرکردنی شیلانیش بەهۆی ئەوەی باوکی ئەوی بەخشیبوو، جێبەجێنەکرا.

کات تێپەڕی و سەربەست وردەوردە لەچیرۆکی ژیانی شیلاندا دەرچوو، کوڕە پوورە تازە پێگەیشتووەکەی شیلان دەمێکبوو لەبەهانەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە

www.netewe.com



ئەو کاتەی کچ پشت لە سێبەری خێزان دەکات، پەنا بۆ کوێ دەبات؟

شیلان ببینێت و داوای خۆشەویستی لێبکات، ئەو رۆژی ١٤ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بەدەرفەتزانی بۆ ئەوەی بەبیانووی ئەوەی دایکی نەخۆشە، بانگی شیلان بکات و بچێتە ماڵیان. شیلان، وەک پیشەی ئاسایی خۆی هیچ هەنگاوێکی بەبێ شنە نەدەهاویشت، بەیەکەوە بریاریاندا بچنە ماڵی پووریان، ئەو جووتەخوشکە شتیان لەیەک نەدەشاردەوە، بەڵام ناشزانرێت ئایا شیلان هیچی لەبارەی خۆشەویستی خۆی و ئازاد ئەگەر هەبووبێت باسکردووە یان نا، هەردووکیان ئەمجارەش بەبێئاگاداری ماڵەوەیان چوونەدەرەوە، کە گەیشتنە ماڵی پووریان شیلان پەیوەندی بەکانییەوە کرد بۆ ئەوەی هەواڵی بپرسێت، کانی ئەو دەرفەتەی لەکیس نەدا، دیاربوو دەمێک بوو چاوەڕێی دەکرد، بەهەر جۆرێک خۆی پێی شارەزابوو، جووتەخوشکەو ئازادیشی رازی کرد، بچنە ماڵی ئەو، دوو شەو لەماڵی مانەوە، وردەکاری ئەو مانەوەیە نەزانراوە، کێ سەردانی کردوون، ئایا دەرکەوتوون لەماڵ یان نا، بۆچی نەگەڕاونەتەوە، ئازاد بۆ وەک ئەوان بێدەنگی هەڵبژاردووە؟ وەڵامی ئەمانە نازاندرێت، تەنیا ئەوەندە دەرکەوتووە، کەهەر سێکیان لەگەڵ کانی رۆژی ١٧ی هەمان مانگ دەچنە شەقڵاوەو لەماڵی دووەمی کانی دەمێننەوە.

## کانی میوانەکانی لای ئەوان دەخەوێنێت

شەو کانی پێشوازی لەدوو میوان دەکات، ئازاد رەنگە نەیزانیبێت ئەوانە بۆچی میوانی کانین. ئازاد وەک خۆی دەڵێ ویستوویەتی شیلان بخوازێت، خۆشیویستووە، بەڵام رەنگە پەی بەوە نەبردبێت، خۆشەویستەکەی لەلان کانییەوە بەکاردەهێنرێت.

کات تێپەڕی، شەو بەبێ ئاگاداری ئازاد، کانی ئەو دوو پیاوە لەژووری ئەو دوو خوشکە بەتەمەن پێنەگەیشتوودا دەخەوێنێت. ئەوان بەخواستی خۆیان وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت و ئارەزووی دەکەن، سێکس لەگەڵ شیلان و شنەی چواردەساڵدا دەکەن.

شیلان و شنە، لەبەردەم پۆلیس دەیانگوت ئەوان بۆ پارە ئەو کارەیان نەکردووە، تەنیا بۆ خۆشی خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامداوە. دوای سێکسکردن لەگەڵ ئەو دوو کچۆڵەیە بەویستی کانی و هەردوو خوشکەکە، ئەو دوو پیاوە ئازاد بەرەو شوێنێکی نادیار دەبەن و دوای لێدانێکی زۆر لەپشت بەستۆرەی سەر بەشارەدێی سەلاحەدین جەستە بێهۆشکەوتووەکەی ئازاد فڕێدەدەن.

دوای دۆزینەوەی ئازاد لەلایەن پۆلیسەوە، رادەستی باوکی دەکرێتەوە، رۆژی هەژدەی مانگ بەهۆی ئەوەی باوکی شیلان سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، ئازاد دەستگیر دەکرێت و لەبنکەی پۆلیسی خانەقای هەولێر گوتەی وەردەگیرێت. پۆلیس دەکەوێتە سۆراخی ئەو دوو کچەو رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبەر لەشەقڵاوە هەردووکیان دەستگیردەکرێن.

دوای لێکۆڵینەوە دادوەر لە٢٨ی ئۆکتۆبەر بریاری بەردانی ئازادی دەرکرد. چونکە ئەو سێکسی لەگەڵ کچەکان نەکردبوو، ئەو خۆی لەبەردەم دادوەردانی بەوەدا نا **«لەبەر خاتری کچە پوورەکانی چووەتە شەقڵاوەو ئەو کانی ناناسێت»**. پۆلیس لەبەڵگەنامەکانیدا دەڵێ **«کاتێ پشکنینی پزیشکی بۆ شیلان کرا، دەرکەوت ئەو پەردەی کچێنی نەماوە، بەڵام کاری لەشفرۆشی نەکردووە، لەسەر رەزامەندی خۆی بەبێبەرامبەر سێکسیکردووە»**. لەگوتەیدا هاتووە **«بەبێبەرامبەر لەگەڵ ئەو دووپیاوە کاری سێکسیم لەشەقڵاوە ئەنجامداوە»**.

## بریاری دادگا

شنە، بەماددەی٢٤٠ لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکرا لە ٢٠١٠/١٠/٢٢ ئازاد کرا، چونکە تەمەنی لەخوار هەژدە ساڵی بوو، هەروەها باوکیشی ئامادەبوو لێیخۆشببێت، بۆیە جارێکی دیکە گەڕایەوە ماڵ.

لە٢٠١٠/١٠/٢٦ شیلان، کەبەبڕیاری ٤ **«بغا»** کە تایبەتە بەبازرگانیکردن و ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشی بەئافرەت دەستگیرکرابوو، دوای ئازادکردنی لەبنکەی پۆلیس، رەوانەی ماڵی ژنانی هەڕەشەلێکراوی سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەهەولێرکرا.

پۆلیس تائێستا نەیتوانیوە کانی دەستگیربکات، شوێنی ئەو نادیارەو پۆلیس دەڵێ ئەو **«رایکردووە»**.

باوکی شیلان، جارێکی دیکە داوای پێشکەشی پۆلیس کردووە، کە قبووڵیەتی کچەکەی بگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام بەبریاری دادگا شیلان، لەماڵی ژنانی هەڕەشەلێکراو هێڵدراوەتەوە، تابەهۆی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەتەواوی باردۆخی ئاسایی ببێتەوەو دواتر بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە.

**تێبینی: ناوەکان خوازراون**

www.netewe.com

هاوسەرەکەی متمانەی بەقسەکانی هەیە

# پێنج کەس دەستدرێژی سێکسی دەکەنە ٢٦ ملیۆن دیناری لێدەستێنن

وارڤین-تایبەت:
ژنێک لەبەردەم مارکێتێکی نزیک ماڵی خۆیان دەرفێندرێت، جگە لەوەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەر، دوای فرێدانی لەدەرەوەی شـار بەگوتەی خۆی ٢٦ ملیون دیناریشی لێدەسێندرێت. ئەو ژنە دەگەڕێتەوە ماڵ و لەگەڵ هاوسـەرەکەی سکاڵا لەسـەر ئەو پێنج کەسە تۆمار دەکات. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، پۆلیس توانیویەتی دوو کەس لە تۆمەتبارەکان دەستگیر بکات.


نیان چاوەڕێی سزادانی رفێنەرەکایەنیەتی

## چۆن رفێندرا؟


نیـان ژنـی ماڵەوەیە، لەدایکبـووی ١٩٨٩ و دانیشـتووی یەکێـک لـە گەڕەکەکانـی هەولێـرە، ئـەو گەڕەکـەی مـاوەی چەند سـاڵێکە دروستبووەو دەکەوێتە سەر رێگای کەسنەزان. نیان، شـوویکردووەو منداڵێکی هەیە. باری دارایی خێزانەکەی جێگیرە. نیان، ئێوارەی٢٠١٠/٩/١١، کاتژمێر ٩:٣٠ لەبەردەم مارکێتێکی نزیک ماڵی خۆیان دەفرێندرێت. وەک خۆی گوتی لەوکاتەی دەچێتە مارکێتێک لەنزیـک ماڵی خۆیان لەگـەڕەک بۆ کڕینی پێویسـتییەکانی ماڵ، ٩:٤٠ خولەک دەگاتە بەردەم مارکێتەکـە ئۆتۆمبێلێک لەبەردەمی دەوەسـتێت کەبە قسـەی خۆی ٥ کەسی نەناسـراوی تێدابووە. پێنج کەسەکە بەپەلە لە ئۆتۆمبیلەکە دێنەخوارەوەو قۆڵبەسـتی دەکەن و دەیرفێنن.

## دەستدرێژی کراوەتەسەر

دوای ئـەوەی نیان لەلایەن ئەو ٥ کەسـەوە دەرفێندرێـت، دواتر بۆ شـوێنک لەپشـت کەسـنەزان دەیبەن، لەوێ لەلایەن سیروانی ٢١ سـاڵ و ژیـار ٢٤ سـاڵ دەسـتدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر، یەکێکیان رووناکۆڕو ئەویدیش دارتاشـە. ئێسـتا ئەو دوو کەسە دەستگیرکراون و دانیان بەتاوانەکەیاندا ناوە،

سەر ژنێك و

کە دەستدرێژی سێکسیان کردووەتەسەر ئەو ژنە، لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەش بەماددەی ٤١٣ و ١٥٦ی یاسای سزادانی عێراقی حوکم دراون.




## ٢٦ ملیۆن دیناری لێسەندراوە

بەگوتەی نیان کاتێک چووە بۆ مارکێت ٢٦ ملیۆن دیناری چاپی عێراقی پێبووە، چونکە هاوسەرەکەی لەماڵ نەبووەو ناچار بووە ئەو پارەیە لەگەڵ خۆی ببات، کە هاوسەرەکەی لەماڵەوە دایناوە، نیان ئەو ٥ کەسە بەوەش تۆمەتبار دەکات، کە جگە لەوەی لەلایەن دوو کەس لەو ٥ کەسە دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو بەگوتەی خۆی ٢٦ ملیۆنەکەشیان لێبردووە.

## تۆمارکردنی سکاڵا

نیان دوای ئەوەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەر لەلایەن ئەو دوو کەسە، دواتر لەرێگەی ئەوانەوە دەگەڕێندرێتەوە، بەگوێرەی سەرچاوەیەک لەپۆلیسی هەولێر بۆ وارڤین کە نەیویست ناوی بهێندرێت، نیان لەرێگەی ڕوونگۆڕێکی هاوڕێی ئەو ٥ کەسە لەشەقامی بنەسڵاوە فرێدراوە. لەدانپێدانانی ڕوونگۆڕەکەدا هاتووە، ئەو لەلایەن یەکێک لەو ٥ کەسەی کە نیانیان ڕفاندووە پێیگوتراوە، نیان لەشەقامی بنەسڵاوە فرێبدات، بەقسەی ئەوکەسانەی دەستگیر کراون ئەو ژنە «لەڕووی ڕەوشتەوە کەسێکی باش نییە»، ئەوانیش ئەوەیان زانیوەو چاودێریانکردووەو پلانیان داناوە بۆ ڕفاندنی. دواتر هەر ئەو شەوە نیان کاتژمێر «یەک» گەڕاوەتەوە ماڵەوە، شوێنەواری لێدان و ئەشکەنجەی بەجەستەیەوە دیاربووە، کە گەیشتۆتەوە ماڵەوە زانیاری ڕووداوەکەی بۆ هاوسەرەکەی گێڕاوەتەوە، هاوسەرەکەشی بۆ نەخۆشخانەی بردووە، دواتر لەیەکێک لەبنکەکانی پۆلیسی هەولێر سکاڵایان تۆمارکردووە.

## هاوسەرەکەی متمانەی بەقسەکانی هەیە

زۆربەیجار ئەو ژنانەی دەڕفێندرێن و دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەر لەلایەن هاوسەرەکانیشیان دوای ئەو

**پێش دەستگیرکردنی هەموو تۆمەتبارەکان پۆلیس گومانی هەیە ئەو ژنە ٢٦ ملیۆن دیناری لێ سەندرابێت**

ڕووداوە وەرناگیرێنەوەو تەڵاقدەدرێن، بەڵام هاوسەرەکەی نیان «متمانەی بەقسەکانی هەیە»، ئەوەشی پشتڕاستکردەوە، کە ٢٦ ملیۆن دیناریان لەماڵەوە هەبووە، هەروەها پشتگیری لەخێزانەکەی دەکات بەوەی لەلایەن ئەو ٥ کەسە بردراوەو دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو پارەکەشی لێبردراوە. نیان باسی لەوەشکرد، کە کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەو ٢ کەسەی دەستدرێژی سێکسیان کردووەتە سەر نیان، دەستگیرکراون و دانیان بەتاوانەکەیان داناوە، بەڵام ئەوە ڕەتدەکەنەوە پارەیان لێبردبێت.

## پۆلیس گومانی هەیە

بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەکەی پۆلیس بۆ وارڤین، گومان دەکرێت لەوەی ئەو ژنە بڕی ٢٦ ملیۆن دیناری پێبووبێت و لەلایەن ئەو تاوانبارانەوە بردرابێت. هەرچەندە نیان دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو تۆمەتباران دانیان بەوەدا ناوە، بەڵام نکۆڵی لەوەدەکەن، پارەی پێبووبێت و ئەوان لێیان بردبێت.

## لێکۆڵینەوە بەردەوامە

دوای ئەوەی نیان لەیەکێک لەبنکەکانی پۆلیسی هەولێر سکاڵای دژی ئەو ٥ کەسە تۆمار کرد، پۆلیس ٢ لەو ٥ کەسەی دەستگیرکردووە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە تۆمەتبارانی دیکە دەستگیرنەکراون، لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکەش بەردەوامە.

**ساکار ڕۆستەم**

### کەس داوای وەسڵ و حیسابی لێنەکردووە

# ژنێك بەناوی پارەدانان لەبانك هەزاران دۆلار لە دراوسێکانی وەردەگرێت

وارڤین — هەولێر:

(س.ع. ق) ژنێکی تەمەن٣٢ ساڵە، فەرمانبەری دامەزراوەیەکی حکوومییەو ماوەی دە ساڵە لەو شوێنە وەک فەرمانبەر کاردەکات. ئەو ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ پیاوێکی کاسب هاوسەرگیری کردووەو لەئێستادا لەبەندیخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەندە. ئەو بەتۆمەتی فێڵکردن لەچەند کەسێک و وەرگرتنی پارەیەکی زۆر، ماوەی چواردە رۆژە لەگەڵ منداڵە شیرە خۆرەکەیدا بەندکراوە.

ناوبراو لەدانپێدانەکەیدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کەپارەی ئەو کەسانەی وەرگرتووە پێیگوتوون زیادەیەکی دێتەسەر، بەڵام پەشیمانە لەکارەکەی و داوا دەکات دادوەر بەرێگایەکی یاسایی کێشەکەی کۆتایی پێبێنێت.

## سەرەتای کێشەکە

(س)، ژنێکی رەشتاڵەی باڵابەرزە، بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی هەنسکی گریانەکانی و پەشیمانی لەکارەکەی مرۆڤی نیگەراندەکرد. ئەو ژیانێکی ئاسایی هەبووە، مووچەکەی بەشی بژێوی ژیانیانی کردووە. بەبۆنەی پیشەکەیەوە ژنێکی هاوسێیان داوادەکات بڕێک پارەی لەبانک بۆ دابنێ، چونکە (س) زۆرکات باسی ئەوەی کردووە، کە هەمیشە بەشێک لەپارەکەی لە بانک دادەنێت، ئەوانیش وا تێگەشتوون پارەکەیان زیادەکی دێتەسەر.

دوای ئەوە چەندکەسی دیکە داوا لە (س)، دەکەن کەپارەیان بۆ لەبانک دابنێ، ئەویش داواکەیان رەتناکاتەوەو بەشێکی زۆری ئەو پارانەسەرفدەکات، دواجار (س) خۆی رادەستی پۆلیس دەکات، چونکە فشارێکی زۆری لەسەربووە لەلایەن خاوەن پارەکان.

## بانکی وەهمی

(س) بڕی نەوەدو پێنج هەزار دۆلار لەچەند کەسێکی جیاواز وەردەگرێت، ئەو بەدەم سڕینەوەی فرمێسکەکانی بەسەرپۆشە رەشەکەی سەری گوتی **«ئەوانە خۆیان داوایان لێدەکردم، پارەیان لێوەربگرم، بۆئەوەی زیادەکی بێتەسەر، ئەگینا سەرەتا بەنیازی ئەوە نەبووم»**.

گریان بەرۆکی بەرنەدەداو ئەویش لەقسەکردن بەردەوام بوو **«پێویستم بەو پارەیە بوو، ئەگینا هەرگیز وامنەدەکرد»**.

(س)، چواردە رۆژە لەگەڵ منداڵەکەی لەزیندانە. ماوەیەکی زۆریشە ماڵەکەی جێهێشتووە، بەهۆی فشاری خاوەن پارەکان، پەنای بۆ ماڵی دایکی بردووە، ئەوانیش داڵدەیان نەداوە، دواجار خۆی رادەستی پۆلیس کردووە.

ئەو دەڵێ، ماڵی دایکی چی دی لەئەستۆیان نەگرتووە، گوتی **«ئەوان دەڵێن با هاوسەرەکەت کێشەکە چارەسەر بکات»**.

خاوەنی فرۆشگای میوەفرۆشی و پێداویستی خۆراک مزەفەر ئەنوەر، باس لەوەدەکات (س)، چەندینجار هاتۆتە لای، بەڵام داوای لێنەکردووە پارەی پێبدات ئەو دەڵێ **«من لەگەڵ ئەو ژنە مەشروعمان کردووە، تەنیا ئەو بڕە پارەیەم لەلایەتی ئەگینا هیچتر، بڕی یەک ملیۆنە»**.

**«زوو زوو دەهات دیناری دەگۆڕییەوە بە دۆلار»**

حەیدەر تەها، خاوەن فرۆشگایەکی دیکەیە، ئاشکرایدەکات ئەو ژنە زووزوو دەهات دراوی عێراقی دەکرد بەدۆلار، هاوکات مەشروعیشم لەگەڵی کردووە، ئەو ژنە نزیکەی ١٠ وەرەقەی منی لایە. منیش ٤٠٠ هەزاری ئەوم لەلایە. ٢٧١ هەزاریش میوەو خۆراکی بردووە.

کافیە حەمید، ژنە ئەفسەرێکی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتە لەهەولێر، چوار سەدو ٦٧ هەزار دۆلاری داوە بە (س)، ئەو بەهۆی پێدانی ئەو پارەیەو وەرنەگرتنەوەی ئێستا لەبارێکی دەروونی ئاڵۆز دەژی. کۆرپەلەکەی ناو سکیشی لەو ماوەیەدا لەبارچووە «ئەو پارەی داومە بەو ژنە هەموو هی خۆم نییە، بەڵکو هی کەسووکارەکەمە، ئەوان ئێستا پارەکەیان لەمن دەوێتەوە».

گوتیشی **«نازانم چی بکەم ئەو پارە زۆرە لەکوێ بێنمەوە، زێڕی خۆم گشتی فرۆشتووە، بۆ دانەوەی ئەو پارانە هێشتا ماوە»**. کافیە داوای لەدژی (س)، تۆمارکردووەو داوای قەرەبوو دەکات.

**«هەڕەشەی کوشتن لە خۆم و منداڵەکەم**



www.netewe.com

**دەکەن»**

(س)، دانبەوەدادەنێت کە پارەی وەرگرتووە لەو کەسانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، بەڵام دەڵێ **«بڕەکەی ئەوەندە زۆر نییە کە ئەوان باسیان کردووە»**. ئەو دەڵێ:**«ئەوان داوای زیادەکەیم لێدەکەن، ئەو ژنە ئەفسەرەش هەڕەشەی کوشتن لەخۆم و هاوسەرو منداڵەکەم دەکات»**.

گوتیشی **«کافیە بەناوی ئاسایش و پۆلیس هەڕەشەم لێدەکات لەناو بەندیخانە هەڕەشەی لە من کرد، من ئامادەم ئەو پارانەیان بۆ بگەڕێنمەوە، بەڵام ئەوان ناوەستن»**.

هەروەها گوتی **«مێردەکەی کافیە کە کارمەندی ئاسایش بوو لەناو بازاڕ دەمانچەی خستەسەر سەری مێردەکەم، هەڕەشەی لێکرد. دواتر لەگەڵ ٤ پیاویتر مێردەکەمیان رفاند بۆ ماڵێک و زۆریانلێدا پاشان منیشیان برد بۆ ماڵەکەو لەوێ هەڕەشەیان لەهەمووەمان کرد و هەر بەو هۆیەوە مێردەکەم سکاڵای لەسەر تۆمار کردو لەئەنجامدا لەشوێنی کارکردنی دەرکرا، گواسترایەوە بۆ شوێنێکی دیکە»**. کا فیە

قسەکانی

(س) پشتڕاستدەکاتەوەو دەڵێ **«پیاوەکەم بەهۆی سکاڵای ئەوان لەئاسایش سزادراو گواسترایەوە بۆ شوێنێکی دیکە»**.

جگە لەمێردەکەی کافیە، دراوسێیەکی دیکە بەناوی (ع) هەڕەشەی لە (س) کردووە، چونکە پارەی دوو کوڕی و بووکێکی بەناوی (ژ) لایەو پێیگوتووە ئەگەر پارەی کوڕەکانم و بووکەکەم نەگەڕێنیتەوە **«پەتت لە مل دەکەم و لە کۆڵان دەتگێڕم»** ئەمە (س) گێڕایەوە.

## «داوای وەسڵ و حیسابییان لە من نەدەکرد»

دواتر ئەو هەڕەشانە وا لە (س) دەکات بۆ ماوەی سێ مانگ، ماڵەوە بەجێبهێڵێت.(س) هەروەها ماوەی شەش مانگیشە مۆڵەتی لەفەرمانگەکەی وەرگرتووە.

(ج)، یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە بڕی ٢٤ وەرقە پارەی داوە بەو ژنە، ئەو دەڵێ **«ئەو ژنە بەناوی بانک پارەی وەرگرت، گوتی زیادەکی دێتەسەر، بەڵام دواجار دەرچوو، کە هیچ پەیوەندییەکی بەبانکەوە نییە، دوای کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر، لەگەڕەک هەڵات بۆ دەرەوەی شاری هەولێر»**.

لەبارەی کێشەی (ج)ەوە (س) دەڵێ « (ج) **چەندینجار داوای لێکردم، پارەی لێوەربگرم، منیش دواجار لێموەرگرت، هیچ بەڵگەیەک لەنێوان ئێمەو ئەوان نییە، ئەوان هەرگیز داوای وەسڵ و حیسابیان لەمن نەدەکرد»**.

ئەو لەکاتی قسەکردن فرمێسکەکانی دەسڕی و منداڵە ساڵونیوییە ئەسمەرەکەشی توند لەئامێزگرتبوو بۆ ئەوەی شیری پێبدات، گوتی **«هاوسەرەکەم ئاگای لەوکارانەی من نییە، نامەوێ ئەو لەو کێشەکەمەوە بئاڵێت، ئەو پارێزەری بۆ داناوم و کێشەکەم چارەسەر دەکات، بەڵام ئەوان هەڕەشە لەهاوسەرەکەم دەکەن، هاوسەرەکەم بێتاوانە، ئەوان دەیانەوێ مێردەکەم بچێتە زیندان»**.

هەڕەشەیەکی بەردەوام

(س) بەهەناسەبڕکێوە قسەی دەکرد و قوڕگی پڕ بوو لە گریان. باسی لەو کەسانە کرد کە هەڕەشەیان لێکردووەو گوتی **«کافیە بەپشتبەستن بەچەند ئەفسەرێکی ئاسایش هەڕەشە لە من دەکات»** و دەڵێ: **«هەموو خێزانەکەت لەناودەبەم، هاوسەرەکەت دەکوژم لە هەرکوێیەک بیت»**.

## دۆسیەکە لەدادگایە

وەک ئەنجامێکی بەرایی (س)، بەماددەی (٤٥٦) یاسای سزادانی عێراقی و بەتۆمەتی فێڵکردن بەندکراوە، کێشەکەی هێشتا لەدادگا یەکلایینەبووەتەوە.

(س) تائێستا لەبنکەی پۆلیسی ئاشتی پێنج داوای لەسەر تۆمارکراوەو سەرجەم داواکان داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئاشتی لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند: **«لە رۆژی ٣-١١-٢٠١٠ ئەو ژنە دەستگیر کرا، سەرەتا تەنیا کەسێک داوای تۆمارکرد کە بڕی پارەکەی ملیونێک بوو، دواتر چوار کەسی دیکە سکاڵایان تۆمارکردووە»**.





**ئاڤان فارس جاف**

www.netewe.com



# یۆگا فێری چیت دەکات؟

هەولێر

**کچانی کورد بەخواست و حەزێکی زۆرەوە ئارەزووی ئەوە دەکەن فێری هونەری یۆگا بین تا لەو ڕێگەیەوە بەناوەوەی خۆیان و توانا روحی و جەستەییەکانیان ئاشنا بین. شەنگ عەلی خوێندکاری زانکۆ یەکێکە لەیۆگاکارەکان دەڵێ"یۆگا فێری خۆشەویستی و راستگۆیی کردم، فێری کردم بەئاگاییەوە بژیم".**

شەنگ عەلی ٢١ ساڵ دانیشتووی سلێمانی دەیەوێت لەڕێگەی یۆگاوە پەی بەنهێنییەکانی تواناو وزە شاراوەکەی ناو ناخی بەرێ، بۆیە ماوەی ساڵ و نیوێکە مەشق و راهێنانی یۆگا دەکات. ئەو دەڵێ **"ڕێگەی یۆگام هەڵبژارد بۆ ناسینی خوداو هەقیقەت، سوپاس بۆ خودا کە یۆگای پێبەخشیم".**

یۆگا، جۆرێکە لەراهێنان، جۆری قووڵبونەوەو تێرامان، پشتەبەستێت بەروح و جەستە. لەهەرێمی کوردستان ١١ ساڵە سەریهەڵداوەو لەسلێمانی"کۆمەڵەی یۆگا لەکوردستان" تایبەت بەو مەبەستە دامەزراوە.

لەبارەی سوودەکانی یۆگا دەگوترێت چالاکی مێشک زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی باشکردنی تەندروستی دڵ و چالاککردنی ماسوولکەکان و ئارامبوونی دەروون. دوای ئەوەی مرۆڤ گرفتاری چەرمەسەرییەکانی ژیـان بـوو، بۆ رزگارکردنی روح و جەستە لەگرفتاری و خەمەکانی ڕێـگـەی"یـۆگـا"(Yoga)ی دۆزییەوە.

مامۆستاو لێپرسراوی کۆمەڵەی یۆگا لەکوردستان محەممەد ئەحمەد، لەبارەی ئەو هونەرەوە، باسی لەوە کرد، یۆگا پرسێکی مێژووییەو لەهیندی کۆندا سەریهەڵداوەو ئێستا **"ئەو یۆگا رەسەنە بەدەگمەن لەوڵاتانی خۆرئاوا دەستدەکەوێت".**

شارەزایان سەرچاوەی (یۆگا) دەگێڕنەوە بۆ کتێبی پیرۆزی (ڤیدا)، یاخود (گیتا)، کە ئاینی هیندییە کۆنەکانەو زیاتر لەهەشت سـەدە- لەپێش زایینی مەسیح -لەهیندا سەریهەڵداوە، تا ئەمڕۆش پەیرەوانی ئەو ئاینە نزیکەی ٣ملیۆن کەس دەبن، (راما کریشنا) پەیامبەری ئەوانە. هەندێک کەسی دیکە پێیانوایە یـۆگا لەپێش ڤیداشدا بەهەزارانساڵ لەرۆشنبیری (ریشیس)ەکاندا واتـە زانـاو فەیلەسووفەکانی هیندا بوونی هەبووە، پشت بە پشت گواستوویانەتەوە بۆ یەکترو بەشێوەیەکی نهێنی پاراستوویانە.

یۆگا، وەک هونەر و زانست سەرەتا بەنهێنی بووە، بەڵام بەهاتنی بودا ئەو هونەر و زانستە بووە موڵکی هەمووان، کاتێک بودا هات ئەو زانستەی لەقاڵبی نهێنی هێناوەتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک سوودی لێوەربگرێت. ئیتر لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ لەناو زۆرینەی خەڵکدا بڵاوبووەتەوەو ناسراوە، بەگوێرەی سەرچاوەیەکی دیکە بەرلە ٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا بەدەستی ئارییەکان بەکەڵکوەرگرتن لەگونجێندان بەئامۆژگارییەکانی سروشت و تاقیکردنەوە بیردۆزییەکان دۆزرایەوە.

بۆ یەکەمجار لـە١٩٤٩ یۆگا بەکردنەوەی پەیمانگای یۆگای گۆسرامی لەلایەن شری



www.netewe.com

گۆسوامییەوە لەستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لەجیهانی خۆرئاواو ئەورووپا پەرەی پێدراو ئەو دامەزراوەیە بەکۆنترین پەیمانگای یۆگا دادەنرێت لەئەورووپا.

لەهەرێمی کوردستانیش ١١ ساڵە یۆگا لەرێی کۆمەڵـەیەکەوە نـاسـراوە. ئـەو کۆمەڵەیە ناوی"**کۆمەڵەی یۆگا لەکوردستان**"ە.

لەو کۆمەڵەیەدا بێجیاوازی، نێرو مێ و پیرو گەنج راهێنانی یۆگا دەکەن. راهێنانەکانی ئەم کۆمەڵەیە وەک راهێنانەکانی یۆگای ترادیسیۆن پارێزراوەو هەوڵی راگرتنی رەسەنایەتی یۆگا دەدات لەناو کورددا.

ئەمە لەکاتێکدایە ئـەو یۆگـایـەی ئێستا لەجیهاندا باوە لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی پـاتـانـجـالـی"Patanjali"(بـاوکـی یۆگا) ئەنجامدەدرێت و تەوەری سەرەکی پێکهاتووە لەجێگیربوونی جەستەو وردگـەری زەین لەسەر کۆڵەکەی هەندێ رێکوپێکی کرداری و کۆمەڵایەتی وەک ئازارنەگەیاندن، دروستکردن، درێـنـەکـردن، پاکداوێنی، پاکوخاوێنی و رازیـبـوون و هـتـد... بۆ جێگیر بـوون و هاوسەنگی جەستە. دواتر تەکنیک و راهێنانی جەستەیی زۆر بەناوی"ئاسانا"(Asana) هاتە کایەوە، ئەوەش دەستپێکێک بوو بۆ هاتا یۆگا(Hatha Yoga) کە تێیدا راهێنانی وەک ئاسانکاری و هەناسەدان و تەرکیزو هەندێک تەکنیکی جەستەیی و پاککەرەوەی تایبەت ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی جەستەو دەروونێکی هاوسەنگ، بێخەوش و هارمۆنیەتی لایەنی مادی و رۆحی.

سـۆزان عوسمان ٢٨ سـاڵ مـاوەی ٢ ساڵە یۆگاکارەو لەرێگەی یۆگاوە هەستی بەتەندروستی بـاش کـردووە، گـوتـی"**یۆگا یارمەتیدام لەرووی جەستەو دەروون و فکرەوە هەست بەتەندروستی و نوێبوونەوە بکەم**".

کچانی کـورد ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن لەرێگەی یۆگاوە پەی بەنهێنییەکانی وزەو توانای خۆیان بەرن و هاوسەنگی بۆ رۆح و جەستەیان بگێڕنەوە، راهێنەری یۆگا محەممەد ئەحمەد، ئەوەی بەبایەخەوە باس کرد، کە لەکۆمەڵەکەیاندا رێژەی بەشداریکردنی کچان و کوڕان یەکسانەو گوتی"بەردەوام لەکاتی کردنەوەی خولێکی نوێ ماڵێکی یۆگا لاو و پیری سلێمانی و تەنانەت دەوروبەریش بەحەزەوە بەشداری لەخولەکە دەکەن و بەسوودوەرگرتن لەراهێنانەکانی یۆگا دەبـنـە کەسانێکی رۆشنبیر، کراوەو چالاک لەکۆمەڵگەدا".

ژیلە خەسرەو ٢٣ ساڵ هەرچەند زۆر شارەزایی لەیۆگا نییە، بـەڵام زۆر پێیخۆشە شوێنێک هەبێ تایبەتمەندی تێدا بکات بۆ راهێنانی یۆگا، گوتی"**حەز دەکەم راهێنانەکانی یۆگا بکەم، چونکە وەک گوێم لێبووە، سوودی زۆری هەیە بۆ ئارامبوونی باری دەروون**".

شەهین عەلی، تەمەنی ١٨ ساڵە یەکێکی دیکەیە لەو کچانەی کە لەرێگەی یۆگاوە توانیویەتی وەک کەسێک بەگەشبینییەوە بڕوانێتە ژیان و شەش مانگە راهێنانی یۆگا دەکات. ئەو خوێندکاری ئامادەییە و دەڵێ"**یۆگا زۆر شتی پێبەخشیم، لەرێگەی یۆگاوە توانیم ببمە کەسێکی ئارام و بەهێز و گەشبین لەژیاندا**".

سەرۆکی "**کۆمەڵەی یۆگا لەکوردستان**" **باسی لەسوودەکانی راهێنانی یۆگا کرد و گوتی"ئەو سوودانەی لەیۆگامان بینیوە یەکجار زۆرن. لەڕاستیدا گشت تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی لەشساغ و دەروون تەندروست و ئۆرماڵە حەوانەوەی جەستەو مێشک، ئارامی ناوەکی، رزگار بوون لەدڵەڕاوکێ، ئەمانی خەونزانو بەدەستهێنانی خەوێکی باش، ئەمانی بیرێلاوی و بەدەستهێنانی کەسایەتی جێگیر ئەمانە بەشێکن لەسوودەکانی پەیڕەو کردنی راهێنانەکانی یۆگا**".

ساکار رۆستەم

### گۆسار مەهدی کچە یاریزانی باسکەی یانەی سلێمانی:

# خێزان هۆکاری دواکەوتنی ئاستی وەرزشی کچانە



فۆتۆ: وارڤین

سلێمانی

کۆسار مەهدی یەکێکە لە یاریزانە لاو و باشەکانی تیپی کچانی باسکەی یانەی سلێمانی، وردەکارییەکانی ژیانی خۆی ئاشکرا دەکات، هەروەها کۆمەڵگەی کوردییش بە هۆکاری لاوازی ئاستی وەرزشی کچان لە هەرێمی کوردستان دەزانێت.

کۆسار مەهدی لە ساڵی ١٩٩٠ لە سلێمانی لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕووی لە وەرزشکردن کردووە، و هەر لە سەرەتاوە چووەتە ریزەکانی تیپی باسکەی کچانی یانەی سلێمانی و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەو کچە یاریزانە بۆ هەموو ئاستەکان لەسەر دەستی ڕاهێنەر محەممەد حوسێن یاریی کردووە.

کۆسار لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سایتی فەرمیی یانەکە، دەڵێت (یانەی سلێمانی بە ماڵی دووەمی خۆمی دەزانم).

ئەو کچە یاریزانە لە بارەی خۆشترین یادگاریی خۆی، دەڵێت (خۆشترین یادگاریی وەرزشیم ساڵی ٢٠٠٨بوو، کاتێک توانیمان ببینە پاڵەوانی یانەکانی شاری سلێمانی، ساڵی ڕابردوویش لە پاڵەوانێتیی باسکەی کچانی عێراقدا توانیمان پلەی سێیەم بەدەست بێنین و دووساڵ پێش ئێستایش توانیمان لە خولی نایابی کوردستاندا ببینە پاڵەوان).

کچە یاریزانەکەی یانەی سلێمانی (کۆسار) ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک لە وەرزشکردن دوور دەکەوێتەوە، یان هەست بکات ئاستی پێش ناکەوێت، هەست بە دڵگرانی دەکات، بەڵام ئەوەش دەڵێت (لە ئێستادا بە هۆی ڕاهێنانی زۆرەوە هەست ئەکەم بۆ داهاتوو دەگەمە ئاواتی خۆم).

سەبارەت بە ئاستی یاریی باسکەی کچان، کۆسار گوتی (ئاستی باسکەی کچان لە شاری سلێمانی تاڕادەیەکی باش پێشکەوتووە، بەڵام بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا زۆر پێشکەوتووە لەچاو شارەکانی دیکەی عێراقدا، هەروەها یانەی موسڵیش تا ڕادەیەک ئاستی تیپی باسکەی کچانیان پێشکەوتووە).

ئەو لە بارەی هۆکارەکانی پێشکەوتنی یاریی باسکەی کچان لە سلێمانی، پێی وایە: پێشکەوتنی باسکەی کچان لە سلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، یەکێک لەوانە خۆشی و هێمنیی شارەکە لە لایەک و باری ئاساییشی شارەکەش لە لایەکی دیکەوە، هەروەها هۆکاریی تریشی هەیە، بۆ نموونە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی و کەسوکاری ئەو کچانەی کە پەیوەندییان کردووە بە وەرزشەوە، چونکە زۆر هاوکارییان دەکەن، دروستکردنی هۆڵی داخراو و دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی وەرزشی لایەنی ماددیش لە لایەن بەپرسانی وەرزشییەوە، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی کچان و یاریی باسکە بە تایبەتی لە سلێمانی.

ئەو کچە یاریزانە لە باری کێشە و گرفتەکانی یانەکەیان، دەڵێت (هیچ کێشەیەکمان نییە، هەموو داواکانیان بۆ جێبەجێ کردووین، زۆر سوپاسیان دەکەین، بەڵام کێشەی خوێندنی یاریزانەکانمان هەیە، لەبەر ئەوەی هەموو یاریزانەکان خوێندکارن، ئەمەش وای کردووە کە نەتوانین هەموو یاریزانەکان بە یەکەوە مەشق و ڕاهێنان بکەین، بۆیە کاتی ڕاهێنانەکانمان خستووەتە شەوانەوە لە هۆڵی یانەکەمان، دوای ئەوەش زۆربەی تیپی یارییەکانی دیکەی یانەی سلێمانی لەم هۆڵەدا ڕاهێنان دەکەن، ئەمەش لەبەر نەبوونی هۆڵی دیکەیە).

کۆسار مەهدی لە بارەی هۆکاری دواکەوتنی وەرزشی کچان لە هەرێم بە گشتی، دەڵێت: (تەنیا هۆکار لە لای من بۆ دواکەوتنی ئاستی وەرزشی کچان، دەگەڕێتەوە بۆ خێزانەکانیان، ئەمەش لە ڕێگریکردنی کچەکانیان، بە هۆی قسەی و قسەلۆکی کۆمەڵگەوە، چونکە جاری کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستێکی زۆرپێشکەوتوو، بۆیە داواکارم ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەکەمان پێش بکەوێت، دەبێت هەرکەسەو بە بیروڕای خۆی ئیش بکات، نابێت گوێ بداتە قسەی کۆمەڵگە، داواکاریشم خێزانەکان یارمەتی کچەکانیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێش بچن لە بواری وەرزشدا).

www.netewe.com

# زاخۆ...
# وەرزشا خانما د گەشەکرنێدایە

زاخۆ



یانەی کچانی زاخۆ
فۆتۆ: وارڤین

ل ئەڤ سالە تیمێن کچان یێن یانا زاخۆ شیان لسەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ و پارێزگەها دهوک سەرکەفتنێن "باش" ب دەست ڤە بینن، ئەڤ ب پێنگاڤەکا ژ هەژی دهێتە دیتن بو پێش ڤەچوونا وان.. سەربەست عەلی بەرپرسێ راگەهاندنا یانا زاخۆ د ڤێ دەربارێ دا دبێژیت "خانمێن وەرزشڤانێن زاخۆ شیاینە گهورێن و پێشڤەچونێن بەرچاڤ ئەنجام بدن ل ئەڤ سالە".

ل هەیڤا ٧ ئەڤ سال ٤ تیمێن توپێ پێ ل عێراقێ (٢ کوران بەغدا و خانمێن یانا زاخۆ و دهوک) هاتنە داخوازکرن بو بەشداریکرن و کاپا گوتا یا نیڤ دەولەتی دا ل سوید بەلێ ژ بەر نەبوونا ڤیزێ خانمێن یانا زاخۆ بەشدار نەبوون کو ٩٠ تیمێن جیهانێ بەشداروێ قارەمانیێ بوون.

سەربەست وەسا بینت ئەڤ کارێن "روتینی" هندەک جاران دبنە ئاستەنگ ل هەمبەری کچان، و وەسا بنیت داخوازکرنا خانمێن زاخۆ بو قارەمانیەکا نیڤ دەولەتی سەرکەفتنەکا "مەزنە".

هەر دیسان ل هەیڤا ٧ ئەڤ سال تیما یارییێن مەیدانی یێن خانما ل یانا زاخۆ شیان رێزا دووێ پشتی یانا پێشمەرگە بدەسڤ بینن لسەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ بو یارییێن مەیدانی، قارەمانی ل سلێمانی هاتبوو سازکرن.

نەشوان زەکی راهێنەرێ تیما کچان گوت "خانمێن یانا زاخۆ د وێ خولی دا بوونە جهێ سەرسورمانیێ لدەف ئەندامێن ئێکەتیا عیراقێ بو یاریێن مەیدانی، هەروەها ٤ خانم هاتنە هەلبژارتن بو هەلبژارتی عیراقێ".

هەر د هەمان خول دا ٤ کچێن یانا زاخۆ شیان نمرێن نوی تومار بکەن "چریسک سەعید شیا بێتە قارەمانا گورەپانێ نمرا گەڤێ (٤٣٢) و یا نوی (٤٩١) و د یاریا ١٠٠م یارێکەر "بەهیجان جەوزەل" نمرەکا نوی تومارکر یا گەڤێ (٢٠) یا نوی (٣٩)".

یارێکەرێن هاتنە هەلبژارتن هەلبژارتیێ عیراقێ بو یارێن گوریان و مەیدانا چریسک، رۆژێن، پەروین، بەهیجان و راهێنەر نەشوان زەکی.

"چریسک سەعید" کو شیا قارەمانیا گورەپانێ ژ دەست گولستان محمود بینتە دەر ئەو چەندە ب خوەشیەکا بێ وەینە وەسف کر "دەما من زانی گولستان پشکدارە د قارەمانیێ دا، من خوە پتر ماندی کر".

دیسان گوت "کو راهێنەر و مالباتێن وان لگەل هاریکارن" چریسک یا ب ئومیدە سەرکەفتنێن باشتر ل سەرئاستێ عیراقێ تومار بکەتن و دخوازت جەماوەرێ خوە و بازیرێ خوە سەر بلند بکەتن.

راهینەرێ تیما کچێن زاخو یێن گەشبینە ب ئاستێ یاریزانێن خوە، نشوان زەکی سەرکەفتنێن تیما وان تومارکرین ل سەر ئاستێ بەرووەردنێن پارێزگەها دهوکێ کو لدویڤ گوتنا وی پلا ئێکێ ئینا بوون ل ئەڤ سال ب خالەکا ب هێز وەسف دکەتن.

سەروکێ یانا زاخۆ عبدلوەهاب بارزانی پشتەڤانی و پالپشتیا خوە بو یاریکەرێن خانم دیارکر و ئەکەزکر کو ئەو پێبە و گرنکیەکا باش ب خانم دن و ب ئاستێ وان یێ رازی بوو.

بەرپرسێ راگەهاندنا یانازاخۆ گوت "موچە بو خانمێن یاریکەر هاتنە تەرخانکرن و سەروکێ یانێ ژێ پشتەڤانە گورەپانەک بو وان بێت ئاڤاکرن".

پشتی هولا سەرگرتی یا فولی بول باسکت بول و تە پاپی ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڤە هاتیە ڤەکرن دەلڤەکا باشتر بو کچان پەیدابوویە راهێنان و یارێن خوە تێدا ئەنجام بدن.

شەمدین یوسف ریڤەبەرێ بنگەهێ وەرزش و لاوان ل زاخۆ بو ئەشیکە ل وێ چەندێ کر کو "بێگومان تیمێن کچا شیایە مفای ژ هولا گرتی وەربگرن و گوت "دەرگەهێ مە ژێ هەردەم ڤەکری بوویە"..

دەڤەرا زاخۆ د کەڤتە سەر سنورێ وەلاتێ تورکیا و ب دەڤەرەکا "محافزەکار" ئێتە نیاسین بو پاراستنا دابو نەریتێن کوردەواری ئەڤە ژێ بێتە ئاستەنگ بوو وەرزشا کچان پێش بکەڤتن بەلێ نوکە تا رادەیەکێ ئەو سنورێ هاتینە شکاندن.

سەبارەت هاریکاریا خێزان و کەسوکارێن کچان راهێنەرێ زاخو بو وارڤین ئەکەز کر کو چ ئاریشە نین و خێزانێن کچان پشتەڤانیا وان دکەن و حەزەکا زیدە یا هەین بینە یاریکەرێن باشە و بەردەوام بن".


سەربەست ژێ وەسا بینت پێش چەند سالەکا خێزان ریگر و ئاستەنک بوو ل هەمبەری هاتنا کچێن وان بو ئاڤ وەرزشی "بەلێ نوکە بەروڤاژێ تا رادەیەکێ پیشتەڤانینن".

یانا زاخۆ١٩٨٧ دامەزرایە و تیما تەپا پێ وێ نها ل خولا عیراقی یاریێ کەتن و چەندین گریبەست لگەل یاریکەرێن بیانی کرنە بو کو بشێن شەرکەفتن باش تومار بکەن.

بەرەڤان ئەحمەد

www.netewe.com

# ئەتەکێتی سکاڵا لەخزمەتگوزاری چێشتخانەکان



کنێر عەبدوڵڵا

ئەگەر لەخزمەتگوزاری چێشتخانەیەک رازینەبوویت، چۆن سکاڵا دەکەیت؟ ئایا دەبێت ئاراستەی پێشکەشکاری خواردنەکەی بکەیت، یان خاوەن شوێن و بەرپرسیارەکە؟ ئایا ئەو سکاڵایە شیاوە یان دووچاری گیروگرفتت دەکات؟

مافی خۆتە سکاڵا لەپێشکەشکاری خواردنەکە بکەیت، بەتایبەت تۆ پارەیەکی بەرامبەر دەدەیتێ و دووچاری کێشەت ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەگیری دەهێنێ، بەڵام پێویستە بەشێوازێک بیوروژێنی دووچاری کێشەیان نەکەیت. تەنانەت سکاڵاکردنیش ریساو شێوەی خۆی هەیە کە دەبێ پەیرەو بکرێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ نەبێتە هۆی تێکدانی دۆخەکە، بەڵام دەکرێت ئەوە بەشێوەیەکی هێمن ئەنجامبدرێت کە سەرنجی میوانەکانی دیکە بەلای خۆیدا رانەکێشێت.

دەکرێت یەکەم جار ئاراستەی (گارسۆن) یان پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەکە بکەیت، یاخود دیاریکراوتر ئەوەی هەڵەکەی کردووەو ئەگەر لای خۆیەوە هەڵەکەی چاک نەکرد، پێویستە ئاراستەی سکاڵاکە بگەیەنیتە سەرۆکی (گارسۆنەکان) یان ئەوەی لەژووری خواردنەکە بەرپرسیارە، پێش پێشکەشکردنی سکاڵای تایبەت بەبایەخنەدان و پەلەنەکردن لەجێبەجێکردنی داخوازییەکاندا، پێویستە هەندێجار بیری لێبکەیتەوە بۆ دڵنیابوون لەو کەموکورییە، نەک بەهۆی نەتوانینی (گارسۆنەکە) بێ سەبارەت خزمەتکردنی کەسانی جۆربەجۆر لەیەککاتدا، چونکە دەکرێت چێشتخانەکە قەرەباڵغ بێت و کەمی لەگارسۆنەکاندا بوونی هەبێت بەهۆی غیابی یەکێکیان و لەهەمانکاتدا گارسۆنەکە ئەوەی لە توانایدا هەیە هەوڵی زۆر دەدات بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی میوانەکان، بەڵام ناتوانێت رەزامەندی گشت میوانەکان بەدەستبهێنێ. ئەوە مافی خۆتە سکاڵا بکەیت، بەڵام بێنەوەی هەموو لۆمەکە بخەیتە سەری، چونکە دەشێت ئەویش بەو کەموکورییە دڵخۆشنەبێت. کە بێ مەبەستە لێی. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوە بەپاڵنەری تەمبەڵی و بێزاربوون کردی، پێویستە ئەوە بگەیەنێتە خاوەن چێشتخانەکە، ئەگەر هاتوو خواردنەکە نەکوڵابوو، پێویستە بگۆڕدرێت. جگە لەگۆڕینی خواردەمەنی ساردەوەبوو بەخواردنی گونجاوی دیکە.

ئەگەر پاش سکاڵا رەواکەت هیچ وەڵامدانەوەیەکت وەرنەگرت و هیچ ئاوڕدانەوەیەکیش نەکرا، کە جێی رەزامەندبوونت بێت، پێویستە بەخششەکە کەمبکەیتەوە یان هیچ دانەنێیت یاخود لەداهاتوودا نەڕۆیتەوە بۆ ئەو چێشتخانەیە کە ئەوە باشترین کاردانەوەیە.

www.netewe.com

kner_abdullah@yahoo .com

# پزیشکی وارڤین

**ژیلا محەمەد -کەرکوک: کچێکی هاوڕێم لە قۆناغی پێنجەمی دواناوەندی لەگەڵ کوڕە خۆشەویستەکەی جووتبووە ترسی ئەوەی هەیە دووگیان بێت. ئەگەرچی یەکجار ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئایا بەجاری یەکەمی ئەو جووتبوونە دەبێتە هۆی سکپڕبوون لەگەڵ ئەوەش پێیانگوتووە ئەگەر دووبارەی نەکەیتەوە ئەو کردارە دەبێتەهۆی وشکبوونی هێلکەدان ئایا ئەمە راستە؟**

پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون د. درەخشت ئەرشەد حەویزی: "ئەگەر دوای جووتبوونەکە نەکەوێتەناو سووڕی مانگانە ئەمە مەترسی سکپڕبوونی هەیە، بەڵام ئەگەر کەوتەناو سووڕی مانگانە ئەمە تووشی سکپڕبوون نابێت. بەڵام زۆر بەداخەوە کە تووشی ئەو هەڵەیە بوو، پەردەی کچێنی لەلایەن خۆشەویستەکەی لەدەستداوە. پێویستە ئەو کردارە دووبارەنەکاتەوە بەهیچ شێوەیەکیش نابێتە هۆی وشکبوونی هێلکەدان ئاژیانی هاوسەرگیری ئەوکردارە دووبارە نەکاتەوە. چونکە دووبارەبوونەوەی دەبێتەهۆی سکپڕبوون، هێلکەدان ئامادە دەبێت بۆ پیتاندن.

**پ.م هەولێر: من کچێکی تەمەن ٢٢ساڵەم ئایا هۆکارەکەی چییە زستانان سەرمام دەبێت و میزەڵدانم ئازاری هەیە؟**

پسپۆڕ لەنەزۆکی و ژنان د. لەیلا عەبدوڵا: ئەمە ئەگەری گرژبوونی ماسوولکەی لێدەکەوێتەوە چونکە سەرما بۆتە هۆی ئازاری. لەگەڵ ئەوەش میزەڵدان خۆی پاکە واتە مەترسی هەوکردنی نییە پێویستە سەردانی پزیشکیش بکات بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرێت.

**مەعروف تاهیر — سلێمانی: من کوڕێکی تەمەن ٣٠ ساڵەم هەر لەمنداڵییەوە گوێچکەی راستەم ئازاری هەیەو هەردەکات خوێن و کێمی لێدێت، هۆکاری چییە؟**

پسپۆڕ لەبواری گوێ و لوت قورگ، د.ئەردەلان حوسێن: "ئێسکێک هەیە لەناو گوێ پێیدەڵێن ئێسکی ماستوید، رەنگە ئەو ئێسکی ماستویدەی هەویکردبێت. پێویستە سەردانی پزیشک بکات چارەسەری درێژخایەنی بۆدادەنرێت و لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ئەو ئازارە لەمنداڵییەوە تووشی بووە ئەگەری پەردەدڕانی دەرەوەی هەیە. پێویستە ئەو دەرمانەی دکتۆر لەکاتی چارەسەر بۆی دەنووسێت بەکاری بێنێت. چونکە بەهۆی کەف و سابوون و ئاو چەندساڵێکە بەر ئەم ئێسکی ماستویدە دەکەوێت ئازاری بۆ درووست کردووە، یاخود ئەگەری ئەوەی هەیە ئەمە زیادە ئێسک بێت ئەوکات بۆی دەبڕنین و ئازارەکەی نامێنێت.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

بۆ گەیاندنی پرسیارەکانتان پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن **تەلەفۆن:** 066 264 78 13
یاخود پۆستی ئەلیکترۆنی **ئیمەیل:** sana.sleman@yahoo.com



www.nelewe.com

# کەمخوێنی چی لە ئافرەتی سکپڕ و کۆرپەلە دەکات؟



کەمخوێنی یەکێکە لەنەخۆشییە مەترسیدارەکان و ئەگەری ئەوە هەیە هەموو مرۆڤێک تووشی ببێت. لەبارەی زیانەکانی و چۆنیەتی خۆپاراستن لەو نەخۆشییە د. سەروەر سالار چرچانی وەڵامی پرسیارەکانی (وارڤین)ی داوەتەوە.

تایبەت

### کەمخوێنی چییە؟

مەبەست لەنەخۆشی کەمخوێنی کەمبوونەوەی مادەی هیمۆگلۆبینە، ئەمیش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی خڕۆکەسوورەکانی خوێن لەچاو قەبارەی شلەی پلازمادا کە خڕۆکەکانی تێدان.

### هۆکارەکانی تووشبوون؟

دوو هۆکاری سەرەکیمان هەیە، یەکەمیان بەهۆی کەمدروستکردنی خوێنەو دووەمیان بەهۆی زۆر لەدەستدانی خوێنەوەیە.

### نیشانەکانی کەمخوێنی؟

نیشانەکانی کەمخوێنی بریتین لە: زەردهەڵگەڕان، یان بێڕەنگی پێست، لەشداهێزران و کەمهێزی، نەمانی ئارەزووی خواردن، دڵەکوتێ و خێرالێدانی دڵ، زوو ماندووبوون و تەنگەنەفەسی. دواتر ئەو نیشانانەی کە بەهۆی ماکەکانی حاڵەتەکەوە دروست دەبن. بەو پێیەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن خۆراک و ئۆکسجین بۆ خانەکانی لەش دەگوازنەوەو لەپاشەڕۆ و دوانۆکسیدی کاربۆن ڕزگاری دەکەن. کەمخوێنی گەلێ کاریگەری لەسەر جەستەی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت و کاری ئەرێنی لەهەموو سیستەمەکانی لەشی مرۆڤ دەکات و لاوازیان دەکات.

### چۆن چارەسەر دەکرێت؟

چارەسەرییەکەی بەگوێرەی هۆکارەکانی دەگۆڕێت. بۆ نموونە هەندێکیان ماددەی ئاسنیان کەمە، کەچی هەندێکی دیکەیان (وەک لەتالاسیمادا) مادەی ئاسنیان لەکەسی ئاسایی زیاترە، بۆیە چارەسەرییەکی تایبەتی نییە بۆ کەمخوێنی هەتا دەگەینە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارەی کە کەمخوێنییەکەی خوڵقاندووە. کاتێک هۆکارەکەش دۆزرایەوە، بەچارەسەرکردنی ئەو هۆکارە کەمخوێنییەکەش چارەسەر دەکرێت.

### کەمخوێنی و سکپڕی

ئافرەتی سکپڕ لەکەسی ئاسایی زیاتر تووشی کەمخوێنی دەبێت. چونکە لەکاتی سکپڕیدا قەبارەی پلازمای خوێن زیاد دەکات و ئەگەر بەهەمانقەبارە ڕێژەی خڕۆکەسوورەکانی خوێن زیادنەکات کەمخوێنی لێدەکەوێتەوە. جگە لەمە، بەهۆی هەبوونی کۆرپەلەو ویلاشەوە جەستەی ئافرەتی دووگیان پێویستییەکی زیاتری بەماددەی ئاسن و ماددەکانی دیکەی وەک ئەسید فۆلیک و ڤیتامین B١٢ هەیە تا بڕی پێویستی خڕۆکەسوورەکانی لێدرووست بکات.

تەنانەت ئەگەر ئافرەتێک وەک مرۆڤێکی ئاسایی تەندروست خۆراک بخوات، هێشتا تووشی کەمخوێنی دەبێت و پێویستە لەپێویستی کەسێکی ئاسایی زیاتر ئاسن و ڕەگەزە خۆراکییەکانی دیکە وەربگرێت. کەسێکی ئاسایی ڕۆژانە پێویستی بە ١٨ میلیگرام ئاسنە، کەچی ژنی سکپڕ پێویستی بە٢٧ میلیگرامە لەڕۆژێکدا. زۆرجار لەوڵاتی خۆماندا بەوەدا دەزانرێت کە ئەو کەسە ڕێژەی ئاسنی ئاساییە، کە نیشانەکانی کەمخوێنی تێدا نەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەئامێری تایبەت دەتوانێت بپێورێت.

### زیانی بۆ کۆرپەلە هەیە؟

منداڵ لەچاو دایک کەمتر کاریگەر دەبێت بەکەمخوێنی، چونکە بێگرێدانە حاڵەتی دایکی، هەوڵدەدات زۆرترین بڕی پێویستی خوێن وەربگرێت و دایکی بێبەش بکات. بەڵام ئەگەر ئەوەندە کەمبوو، بڕی پێویستی نەگەیشتە منداڵەکە، بێگومان کار لەکۆرپەش دەکات. وادەکات ئەگەری تووشبوون بەکەمخوێنی لەتەمەنەکانی دواتری منداڵدا زیاتر بکات، جگە لەمە ئەگەری ئەوە زیاددەکات کە منداڵ لەکاتی لەدایکبووندا لاواز بێت و کێشی کەم بێت.

### چۆن خۆمان بپارێزین؟


بۆ خۆپاراستن لەکەمخوێنی، دەبێت ئەو خۆراکانە بخورێت کە بەئاسن دەوڵەمەندن. وەک: گۆشتی سوور، گۆشتی باڵندە، ماسی، لەو بەرهەمە ڕووەکییانەش کە بەئاسن دەوڵەمەندن: نیسک، فاسۆلیا، خورما، قەیسی، پەتاتە، بڕۆکلی، چەوەندەر، سەوزە. هەوڵبدە جگەر نەخۆی بۆ دەستکەوتنی ئاسن، چونکە وەک گۆشتی سوور سەلامەت نییەو دەکرێ زیان بەکۆرپەکەت بگەیەنێت، ئەویش بەهۆی زۆری ڤیتامین ئەی تێیدا.

هەندی خواردن و خواردنەوە هەڵمژینی ئاسن لە ریخۆڵەکاندا کەمدەکەنەوە، وەک: قاوەو چا و شیر.

هەندێکی دیکە یارمەتی خێرا هەڵمژینی ئاسن دەدەن، وەک شەربەتی پرتەقاڵ، تەماتە، شلیک و مێوژ.

سانا سلێمان

www.netewe.com




### دکتۆر عەتییە:

# پیتاندنی بلووره منداڵ لەهەرێم سەرکەوتنی زۆر کەمە

بلووره منداڵ واتە پیتاندنی منداڵ لەدەرەوەی هێلکەدانی ئافرەت، لەڕێگەی ئامێرەوە. د.عەتییە حەمە سەعید، شارەزا وپسپۆر لەبواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان سەبارەت بەو پرسە زانیاری خستەڕوو.

### چۆن دەکرێت؟

پیتاندنی منداڵ لەتاقیگە واتە یەک دنک لەتۆی پیاو لەگەڵ یەک هێلکەی ژن لەژێر میکرۆسکۆپ بەئامێری تایبەت لەیەکدی نزیک دەکەینەوە، ئەگەر سپێرمەکە چووە ناو هێلکۆکەکە دوای ٤٨ کاتژمێر تێکەڵی یەکدی دەبن، ئەوە ئەو خانەیە دەبێتە دوو، لەدوو دەبێتە چوار، لەچوار دەبێتە هەشت بە ٤٨ کاتژمێر لە قۆناغی هەشت خانەیی بەچاو نابینرێت بە میکرۆسکۆپ سەیردەکرێ هەشت خانە گیانلەبەرێکی لێ دروست دەبێت، کەبووە هەشت خانە بەئامێرێکی تایبەتی بارێک لەژێر میکرۆسکۆپ دەردەهێندرێت و لەدامێنی ئافرەتەکەوە دەخرێتەوە ناو منداڵدان بێگومان دەبێت هێلکەدانی ئافرەتەکە ئامادە بێت بۆ ئەوەی خانەکان بگرێت لەگەڵ ئەوشدا پێویستە لە دوو هێلکە زیاتر دانەنرێت، چونکە دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکە ئەگەر ژمارەی هێلکۆکەکان لەدوو زیاتر بێت.

### نیتیکی پیشە

ئەوکەسانەی بلووره منداڵ ئەنجامدەدەن پێویستە کەسانی شارەزابن لەو کارە، نەک وەک ئەو کەسانەی کە بۆ بازرگانی دەیکەن، پێویستە لە ژینگەیەکی پاک وتاقیگەیەکی پاک بکرێت، هەتا دەنگ بەهیچ شێوەیەک نابێت هەبێت، چونکە دژی ئەم کارەیە لەدەرەوەی وڵات بەم شێوەیە کاری لەسەر کراوە، بەڵام من دەبینم لێرە زۆر بە سەیری دەکرێت هەر بۆیە رێژەی سەرکەوتنی زۆرکەمە. ئەو کارەی دەکرێت بۆ ژن وپیاوێک نابێت رێکلامی بۆ بکرێت، کە ئەو منداڵە بەپیتاندن بووە، لەبەر ئەوەی ئەو کارە مرۆڤێکی دیکە دێتە نێوانیانەوە پێویستە بەنهێنی بێت، بۆیە پێویستە ئەوکەسەی پیتاندن دەکات، جێگای متمانە بێت، چونکە ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە تۆوی پیاوێکی دیکە بەکاربهێنرێت، ئەگەر پیاوەکە تۆوی نەبێت. پێویستە بزانرێت ئێمە هەرچی بکەین سەرکەوتنی لە ٪٢٥ زیاتر نییە.

### پێوستە چ ئافرتێک بیکات

ئەو پیتاندنە بۆ ئەو ژنانە دەکرێت کە گەنجن ومنداڵیان نابێت واتە تەمەنیان لە نێوان (٢٥ تا ٤٠) بێت لەدوای ئەو تەمەنە سەرکەوتنی نییە لە ٢٥ کەمتریش هەر بۆی تاقیناکرێتەوە ئەو پیتاندنە خۆی سەرکەوتنی ٪٢٥ زیاتر نییە. چونکە رەنگە بەهۆی هەکردنەوە بۆرییەکانی ژن داخرابن. یاخود، پیاوەکەش ئەگەر رێژەی تۆوەکەی لەپێنج ملیۆن کەمتر بێت لەیەک دڵۆپ، یاخود جۆری تۆوەکەی خراپ بێت ئەوە سەرکەوتنی ئەستەم دەبێت. هەروەها تۆوە باش و خراپەکان لەیەکدی جیابکرێتەوە تۆوە باشەکە کۆ دەکرێتەوە لەناو هێلکەدانی ژنەکە دادەنرێت پیاو هەیە تۆوی نییە، لەگەڵ ئاوەکەی، بەڵام تۆوی هەیە لەناو تورگانەکەی خۆی، بەڵام ئەویش لەبەر ئەوەی بۆرییەکەی داخراوە ناگاتە ئاوەکە ئەوکات لە تورگانەکەی وەری دەگرین، ئەو کاتی ١٠ – ١٢ تۆو دەهێنین چەند هێلکەیەکی پێ پیتدەکەین کامەی باش بێت ئەوە بۆ ئافرەتەکە دادەنرێتەوە.

### جۆری منداڵەکە

کاتی لەدایکبوونی ئەو منداڵە لەگەڵ منداڵی ئاسایی هیچ جیاوازی نییە، یەکەم منداڵ بە بلووره لەدایک بووە لەدنیا (لویس براون) بوو لەساڵی ١٩٧٩ ئەوکات من لەنەخۆشخانە ئامادە بووم هەر وەک منداڵانی دیکە ئاسایی بوو، ئێستا لویس خۆی خاوەنی سێ منداڵە هیچ کێشە لەژیانی و تەندروستی نەبووە.

### کاریگەری لەسەر دایک

ئەو جۆرە منداڵبوونە کاریگەری لەسەر تەندروستی دایک دەبێت و چونکە کۆمەڵێک دەرزی لەدایکەکە دەدرێ بۆ کارلێککردن و بەهێزی هۆرمۆنەکان و هێلکەی زۆر بێت، هەتا لەدوای منداڵ بوونیش لەکاتی جووتبوونی ئەو ژن و پیاوە، ئافرەتەکە ئازاری دەبێت.


### دووبارە کردنەوەی ئاساییە؟

زۆر جار سەرنەکەوتنی ئەم پیتاندنە کاریگەری دەروونی لەسەر دایکەکە دروست دەکات بۆیە پێوستی بەماوەی دوومانگ تا سێ مانگە تا دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی ئینجا دەکرێت بۆی دووبارە بکرێتەوە.



www.netewe.com

# "سێکس و بەیەکەوە ژیان"
# وانەیەك بۆ نەوەکانمان



هۆمەر قەرەداغی

لە هەرێمی کوردستان هیچ وانەیەک نییە، تیشک بخاتەسەر پەیوەندییەکان. بەتایبەتی پەیوەندی کچ و کوڕی مێرمنداڵ بەلەشی خۆیان و ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کەبەسەر لەشیاندا دێت لەتەمەنی ١٣ تا ١٩ساڵی. هەروەها هیچ وانەیەک نییە، تیشک بخاتەسەر پەیوەندی کچ و کوڕ بەیەکەوە، ڕۆشنایی نەخراوەتەسەر حەز و بەهرەکانیان. ئەو تاریکاییەی ناو ئەو پەیوەندییە بەهێزە، هەموو پرسەکانی بەترس و گومانەوە بەرامبەر بەیەک ڕاگرتووە. ژیانی کوڕ و کچی مێرمنداڵی کردووە بەدوو جیهانی جیاواز لەیەک. پڕ لەنهێنی، شەرم، عەیب و تاریکی. پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ناچنە پێشەوە. بۆیە لەژیانی گەورەساڵیدا سەدان خۆسووتاندن و خۆکوشتن و توندوتیژی دەبێتە بەشێک لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. چەپاندنی سێکسی و نەخۆشی دەروونی باڵی تاریک دەکێشێت بەسەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا. بەناوی دابونەریت و کەلتوورەوە هەموو دابوونەریت و کەلتوورێکی جوانیش دەمرێندرێت. نەبوونی زانیاری لەوبوارەدا ئاستی زانستی لاوان و گەنجانی کورد لەئاستێکی زۆر نزمدا هێشتۆتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک گوناهی خۆیان نییە، بەڵکو لاوازی سیستەمی فێرکاری هەرێم وایکردووە مێرمنداڵەکانمان لەوبوارەدا لەتاریکیدا بمێننەوە.

سەبارەت بەپرۆگرامی خوێندن پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەو پرۆگرامانەی لەهەرێم دەخوێندرێن سویدی نین، بەڵکو لەکاتی ریفۆرمەکانی سیستەمی نوێی خوێندندا سوودمان لەسیستەمی سویدیش وەرگرت. ئێمە لەسویدەوە هاتینەوە بەشدارییەکی باشمان لەکۆنگرەی پەروەردەدا کردو پشنیازی زۆر لەریفۆرمەکانمان کرد، کە ئێستا بوونەتە بەشێک لەسیستەمی فێرکاری نوێی هەرێم، بەڵام ئەو ریفۆرمانە کەمبوون و هێشتا دەیان ریفۆرمی گرنگ ماون، کە پێویستە بکرێن، یەکێک لەوانە دانانی وانەیەکی تایبەتە بەناوی (سێکس و بەیەکەوە ژیان). ئەو وانەیە لەپۆلەکانی هەشت و نۆی قوتابخانەکانی سوید دەخوێندرێت. واتە کاتێک قوتابییەکان لەتەمەنی ١٤ و ١٥ساڵیدان. ئەم وانەیە زۆر گرنگە بۆ گەنجانی سوید. بەتایبەتی باس لەپەیوەندی نێوان کچ و کوڕ لەو تەمەنەدا دەکات. هەروەها باس لەئاشنابوون بەلەش و گۆڕانکارییەکانی جەستەیی و ڕۆح دەکات لەو تەمەنەدا و باس لەخۆشەویستی و یەکسانی کچ و کوڕ دەکات.

لەوبڕوایەدام بوونی وانەیەکی لەوشێوەیە لەژێر هەرناوێکدا بێت لەقوتابخانەکانی هەرێم پێویستییەکی گرنگەو دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنێکی گەورەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها دەبێتە هۆی لێکتێگەیشتنێکی زۆرباش لەنێوان کچ وکوڕدا. بەوەش پرسی یەکسانی هەنگاوێکی گەورەو گرنگ دەچێتە پێشەوە.

وەک باسمان کرد کەموکورییەکانی سیستەمی فێرکاری لەهەرێمدا زۆرن، دەکرێت لێرەدا بەخاڵ ئاماژە بەهەندێکیان بکەین:

- یاسای قوتابخانەکانمان نییە. تائێستا سیستەمی فێرکاری لەهەرێم بەبێ یاسا بەڕێوەدەبرێت.
- هیچ ریفۆرمێک لەقۆناغی ئامادەییدا نەکراوە. واتە حەز و ئارەزووی قوتابیان زۆر سنووردارکراون، لەچەند بەشێکی کەمی ئامادەییدا. مافی هەڵبژاردنی بەش و وانەکان زۆر کەمن.
- نەبوونی پەرستیارو لایەنی تەندروستی لەقوتابخانەکاندا.
- نەبوونی خوێندن دەربارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەیەکەوە ژیانی کچ و کوڕ.
- نەبوونی ڕێگە پیشاندەری خوێندن و کارکردن لەقۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا.
- لانەبردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی ١٢، ئەم تاقیکردنەوەیە لەهەرێمی کوردستاندا سەدان کێشەی خۆکوشتن و دەروونی لای لاوان دروستکردووەو دەبێت ئیدی کار بۆ لابردنی بکرێت.
- لاوازی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکاندا، لەکاتێکدا مێرمنداڵی هەرێمی کوردستان گیرۆدەی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتین.
- نەبوونی ئەدەبی ڕۆمان و چیرۆکی مێرمنداڵی بۆ تەمەنەکانی ١٣ تا ١٩ساڵی.

* بەڕێوەبەری پەروەردە لەسوید

# قەڵەوی هەڕەشە لە نەوەی داهاتوو دەکات

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق، لەرێگەی هۆبەی نەخۆشییە نەگوازراوەکان و هۆبەی تەندروستی قوتابخانەکان وۆرکشۆپێکیان بەمەبەستی رێگرتن لەدیاردەی قەڵەوبوونی منداڵان ساز کرد. بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی دەرکەوتووە، رێژەی زیادبوونی کێش لەناو ئەو قوتابییانەی تەمەنیان لەنێوان ١٠ تا ١٩ ساڵاندایە،١٩٪یە.



هەولێر

قەڵەوی هۆکارێکە بۆ زۆرجۆر نەخۆشی وەک نەخۆشی فشاری خوێن، شەکرە نەخۆشییەکانی دڵ، هەوکردنی جومگەکان، ئازاری قاچ و برببرەی پشتیش تەنانەت لەمنداڵیش ئەگەری ئەم نەخۆشییانەی لێدەکەوێتەوە مەترسی زۆری بۆسەر ژیانیان دەبێت.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی د. خالس قادر دەڵێ"بۆ رێگرتن لەوەی قەڵەوی نەبێتە دیاردە، بەپێویست زانرا لەمیانەی ورکشۆپێکدا زانیاری پێویست بدرێتە مامۆستایانی وەرزش لەقوتابخانەکانو پرۆگرامێکی تەندروستیان بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی پەیڕەوی لێبکەن".

بەبڕوای شارەزایان دوو هۆکار لەپشت گەشەی حاڵەتەکانی قەڵەوین لەناو قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتیدا، ئەوانیش بریتین لە: گرنگیپێدانی منداڵ بەو خواردنانەی کالۆری زۆریان تێدایە، لەگەڵ خواردنەوە گازییەکان. دووهەمیشییان پشتگوێخستنی وانەی وەرزشە لەو قۆناغەی تەمەنی قوتابییاندا.

بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئەو پرۆگرامەی بۆ رێگرتن لەدیاردەی قەڵەوی دانراوە، دوو قوتابخانە دیاریکراون، ئاری محەممەد حەمەد ئەمین لەبەشی پاراستنی تەندروستی سەریە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر گوتی"بۆ تاقیکردنەوە سەرەتا دوو قوتابخانە هەڵبژێردراون، لەوانە ئارین لەدەرەوەی شارو قوتابخانەی زانیاری لەناو شاری هەولێرە".

مامۆستا سیروان حەسن، لەقوتابخانەی بنەڕەتی ئارین گوتی"وەک مامۆستایەک هەستدەکەم رێژەی قەڵەوی لەناو قوتابخانەکان لەزیاد بووندایە".

ئاڵا سالار، کچێکی تەمەن ١٠ ساڵانە، کێشی زۆە لەم تەمەنە ٤٥ کیلۆیەو پۆلی سێیەمی سەرەتاییە. ئاراخانی دایکی دەڵێ"کچەکەم زۆر قەڵەو بووە لەخواردن کۆنترۆڵ ناکرێت زۆر ئارەزووی خواردنەوەی بیپسی دەکات ئەگەر لەماڵەوە لێ قەدەغە بکەم لەقوتابخانە دەیکرێت".

هەرچەندە لەرۆژگاری رابردوودا زۆرجار قەڵەوی بەنیشانەی خۆشگوزەرانی و ژیانی ئاسوودە لێکدەدرایەوە، بەڵام لەئێستادا ئەو حاڵەتە زیاتر وەک نەخۆشی سەیری دەکرێت، هەر بۆیە ئاڵا زۆرجار لەلایەن هاورێکانیەوە تانەی لێدەدرێت"کچەکەم زۆرجار بەگریان دێتەوە ماڵێ، لەقوتابخانە هاورێکانی گاڵتەی پێدەکەن و ئازاری دەدەن"ئەمەگوتەی ئارا خان بوو.

ئەو گوتیشی"بەڕاستی ئەگەر حکوومەت بەجدی ئەو هەوڵە بدات، ئەوا هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ داهاتووی نەوەکانمان".

رەوشت محەممەد(١٣) ساڵ قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییەو کێشی ٧٣ کیلۆگرامە، گوتی"زۆر بێزارم لەم قەڵەوییەی خۆم، بەڵام هەر لەمنداڵییەوە وابووم من رۆژانە لەقوتابخانە ناچارم کێک و بیبسی بخۆم ئەگەرچی دەشزانم بۆ قەڵەوی خراپە، بەڵام حانوتەکەمان میوەو خواردنی بەسوود ناهێنن بۆ ئەوەی بیکڕین، ئێمەش ناچارین بیکڕین وەرزشیش ناکەم، چونکە لەقوتابخانەکەماندا تەنیا تۆپانی دەکەن، منیش حەزم لەتۆپانی نییە".

رەوشت گوتیشی"هیوادارم بەرنامەیەکی رێکوپێک هەبێ بۆ وەرزشکردنمان، خۆزگە، حکوومەت هاوکاریدەکردین بۆئەوەی چیدی کەس گاڵتەمان پێنەکات".

سانە سلێمان



www.netewe.com

# لەکاتژمێرێکدا هەشت هەزار حەب دروست دەکەن

## بەڕێوەبەری کارگەیەکی بەرهەمهێنانی دەرمانی ناوخۆیی:

# پێویستە بازرگانی دەرمان کۆنترۆڵ بکرێت


سانە سلێمان

**بەڕێوەبەری کارگەی دەرمانی ئاوامیدیکا دکتۆر بارام رەسوڵ رایگەیاند وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم بووە لە هاوکاریکردنی کارگەکەی و داواشدەکات سنوورێک بۆ هێنانی دەرمانی دروستکراوی کۆمپانیا بازرگانییەکان دابنرێت. هاوکات ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە نەخۆشخانەکانی هەرێم بەگوێرەی پێویست دەرمانیان تێدا نییە.**

هەولێر

کارگەی دەرمانی (ئاوامیدکا) لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ لە هەولێر و لەسەر رووبەری ١٥ هەزار مەتری چوارگۆشە دامەزراوە. لەو کارگەیەدا حەب، کەپسول، شروب، مەڵهەم و کرێم بەرهەمدەهێنرێت. بەقسەی بەڕێوەبەرانی ئەو کارگەیە، کارگەکەیان توانیویەتی لەماوەی ساڵی یەکەمی کارکردنیدا زیاتر لە ١٠ جۆرە دەرمان بەرهەمبێنێت و پلانی ئەوەشی هەیە ١٢ جۆری دیکە بەرهەمبهێنێت.

### بەرهەمەکان

بەگوێرەی گوتەی بەڕێوەبەری کارگەی ئاوامیدیکا د. بارام رەسوڵ، ئەوان بۆ نەخۆشیگەلی وەک: تا، رۆماتیزم، گرێی گەدە، سکچوون و نەخۆشییەکانی ژنان، جۆری ڤیتامینەکان، کۆکە، ژانەسەر و هەوکردن دەرمانیان بەرهەم هێناوە.

د. بارام دەڵێ"ماوەی ساڵێکە لەو کارگەیە دەستبەکاربووین لەو ماوە کورتەدا توانیومانە دەرمان بۆ ئەو نەخۆشییانەی بەئاسانی بلاودەبنەوە دروستبکەین".

گوتیشی:"پێویستمان بەکاتە بۆ ئەوەی خۆمان بناسێنین بەخەڵک و متمانەی دکتۆرەکان بەدەستبێنین، ئەوانیش بگەنە ئەو باوەڕەی کە دەرمانی ئێمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دەرمانی ئەورووپی نییە".

گوتیشی"دکتۆرەکان تاقیکردنەوەی خۆیان کردووە لەسەر بەرهەمەکانی ئێمە و زۆر لێیرازین".

لەبارەی جۆری کەرستە سەرەتاییەکانی دروستکردنی دەرمانەوە دکتۆر بارام دەڵێ"کەرستە سەرەتاییەکان و پێویستییەکان هەمووی لەدەرەوە بۆماندێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێویستییانە کاتێک دێنەناو کارگەکەمان، ئێمە لەبەشی کوالیتی کۆنترۆڵی خۆمان بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە پشکنینیان بۆ دەکەین".

### کێن ئەوانەی دەرمانەکان دروست دەکەن؟

لەو کارگەیەدا ٣٦ پسپۆڕی تایبەتی کە ٤ کەسیان کوردن و ئەوانی دیکە بیانین کاردەکەن.

دکتۆر بارام، لەوبارەیەوە دەڵێ"دروستکردنی دەرمان پێویستی بە تەکنۆلۆژیایەکی بەرزە، بەداخەوە ئێمە لەهەرێمی کوردستان ئەو تەکنەلۆژیا بەرزەو ئەو کەسانەمان نییە کە شارەزاییان هەبێت لەو جۆرە تەکنۆلۆژیایە، بۆیە ناچاربووین لەدەرەوە پسپۆڕی شارەزا بێنین کە لانیکەم ماوەی ١٠ ساڵ کاری کردبێت لەکارگەی دروستکردنی دەرمان.

### پێویستە بازرگانی بەدەرمان کۆنترۆڵ بکرێت

سەبارەت بەپرسی بازرگانیکردن بەدەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان د.بارام، باسی لەمەترسییەکانی کۆنترۆڵنەکردنی ئەو دیاردەیەی کردو گوتی"ئەو دەرمانانە نازانرێت سەرچاوەکەی لەکوێ هاتووە. زۆرجار لەسەر دەرمانەکە نووسراوە ئەمە لەو وڵاتەوە هاتووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک راست نییە، چونکە ئەو وڵاتە خۆی ئەو جۆرە دەرمانەی نییە واتە هەر تەنیا بۆ بازرگانیکردن دروستکراوەو نێردراوەتە وڵاتی ئێمە کە زیانێکی زۆری بۆ هاووڵاتیان هەیە".

بۆچارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە کە دەرمانی دروستکراوی هەموو کارگەیەک دێتە هەرێم، دکتۆر بارام پێی باشە، حکوومەت نەهێڵێت هەموو کارگەیەک دەرمان بێنێتە ناو هەرێم و دەڵێ"یا لە دوو کارگەی دەستنیشانکراوەوە بێ یان بەو دەرمانەی ئێمە دروستی دەکەین بەکوالیتیەکی بەرز و ستانداردێکی جیهانی دەتوانین رێگا لەو ئاڵۆزییەی ناو بازاڕ بگرین. ئەوکات وڵاتەکەشمان سوودمەند دەبێت و ژێرخانی ئابووریمان دەبووژێنینەوە".

**داواکاری وەزارەتی تەندروستی سنووردارە**

بەڕێوەبەری کارگەی ئاوامیدیکا دەڵێ وەزارەتی تەندروستی هاوکاری پێویستی نەکردوون "وزەی کارگەکەمان ئەوەندە زۆرە کە دەتوانین بۆ هەموو هەرێم و شارەکانی دیکەی عێراق دەرمان بۆ کەرتی گشتی و تایبەت دابینبکەین، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو بەرهەمەی ئێستا هەمانە ٥٪ی وزەی خۆمان بەکاردێنین، چونکە ئەو لیستەی لەوەزارەتی تەندروستی بۆمان هاتووە، رێژەی داواکارییەکەیان زۆرکەمە، بۆ نموونە هەندێک حەب داوای چوار سەد هەزار دانەی لێدەکەن".

گوتیشی:"ئێمە خۆمان سێ ئامێرمان هەیە هەریەکەی لەکاتژمێرێک سێسەد هەزار حەب دروستدەکات. واتە ئێمە هەشت هەزار حەب لەکاتژمێرێک دروستدەکەین، کەواتە ئەمە بەشی نیو کاتژمێرە ئەمەش رەوا نییە بۆ وەزارتی تەندروستی لیستێک بۆ ئێمە بنێرێت بۆ چوارسەد هەزار حەب، ئەوەم قبووڵ نییە، چونکە لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی هەولێر سەرڤەیەکمان کرد، لەسەر ١٠٠ نەخۆش کەلە راوێژکاری دێنەدەرەوە لە٤٨٪ یان دەرمان وەرناگرێت ٢٣٪ لەسێ جۆرە دەرمان یەکجۆرە دەرمان وەردەگرێت، واتە ئەمە مانای ئەوەیە نەخۆشخانەکان دەرمانی تێدا نییە، واتە هاوکارییەکەی وەزارەتی تەندروستی زۆر سنووردارە".

## پرۆفایل

پرۆفیسۆر د.بارام مەجید رەسول لەدایکبووی سلێمانی لەساڵی ١٩٦٨ لەکۆلێژی دەرمانسازی لەبەغدا تەواویکردووە، لەسوید لەساڵی ١٩٨٢ دکتۆرای وەرگرتووە لەبەشی دەرمانسازی لە ١٩٨٣ لەکارگەی دەرمانی فارمیسیە کەئێستا کارگەی دەرمانی فایزەرە کاریکردووە لەسوید، لە٢٠٠٦ پرۆژەی دروستکردنی کارگەی ئاومیدیکای جێبەجێ کردووە گەڕاوەتەوە هەرێم لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ کارگەکەی دەستبەکاربووە.



کارگەی ئاوامیدیکا بۆ دروستکردنی دەرمان لە هەولێر

فۆتۆ: وارڤین

### ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاتر دەبێت

# نەخۆشخانەیەك بۆ چارەسەری ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان نییە

ئائێستا هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەچارەسەرکردنی بەکاربەرانی مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمدا نییەو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کردنەوەی نەخۆشخانەیەک بەپێویست دەزانن و ژمارەیەک بەکاربەریش خواستی ئەوەیان پیشانداوە خۆیان بخەنەژێر چاودێرییەوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئائێستا بەکارهێنەری ئەو ماددانە بەنەخۆش ناناسرێن، بەڵکو یاسا وەک "تاوانبار" مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و رەوانەی گرتووخانەیان دەکات.

تایبەت

لەدوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ەوە بەهۆی رەوشی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان و کرانەوەی سنوورەکانەوە دیاردەی بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکانەوە پەرەیسەندو بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەستی وارڤین کەوتوون زیاتر لە ٥٠٠٠ بەکاربەری ماددانە لەهەرێمدا هەن.

سەرۆکی رێکخراوی رۆشنبیری هۆشیاری دژی مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان ئیبراهیم رەمەزان لەلێدوانێکیدا، کەلە ژمارە ٢١ گۆڤاری وارڤین بڵاوکراوەتەوە رایگەیاند، هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناوچەکەدا، چونکە سنوورەکە شاخاوییەو کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.

بەگوێرەی ئاماری فەرمی وەزارەتی تەندروستی عێراق، ساڵی ٢٠٠٨ لە هەموو عێراق ٢٨ هەزار کەسی ئالوودەبوو بەو ماددانەوە هەبووە، ئەو ژمارەیە لەدوو مانگی یەکەمی ٢٠١٠ گەیشتووەتە زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس. سەرچاوەیەک کە لەبواری نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر کار دەکات بە (وارڤین)ی راگەیاند، "نزیکەی ٥٠٠٠ کەسی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر هەیە".

(ئ.م) گەنجێکی (٢٢) دەربارەی تووشبوونی بەمادده هۆشبەرەکان گوتی: "لەجگەرەکێشانەوە دەستمپێکرد، سەرەتا بۆ خۆشی خۆم بەکارمهێنا ئێستاش ئالوودەبووم و زۆر پەشیمانم لەوەی خۆم تووشی ئەو کارە کردووە، ماڵەوەمان دایک و باوکم هیچ بەکارەکەی من ئاگادارنین ئێستا کەمم کردۆتەوە، بەڵام ناتوانم تەرکی یەکجاری بکەم".

(ئ.م) داوا لەحکوومەت دەکات هەوڵبدات گەنجان لەزیانەکانی ئەو مادده هۆشبەرانە ئاگاداربکەنەوەو نەهێڵن گەنجی دیکەش قوربانی ئەو کێشەیە بێت.

(ب. ب) تەمەن ٢٠ ساڵان دەڵێ "لە بێئاگایی خۆمەوە ئالوودەی ئەو ماددانە بووم". ئەویش لەرێگەی تورکیاوە ماددەی سرکاری بەدەستدەگات و بەهۆی تێکەلاوی لەگەڵ هاورێکانی فێربووە.

ئەو کورە گەنجە گوتیشی "سەبارەت بەزیانەکانی ئەو ماددەیە هیچ ئاگادار نەبووم، ئازاری هەیە کاتێک دەیکێشم هەست بەئارامی ناکەم، بەڵام وەک جگەرە فێری بووم". ئەو گەنجە دەڵێت "زۆر پەشیمانم" و سەبارەت بەهەوڵدان بۆ چارەسەربوونی گوتی "زۆر حەزدەکەم چارەسەر بکرێم".

(ش. ه) گەنجێکی (٣٠ ساڵە): وەک خۆی گوتی لەئێران تووشبووەو ئێستاش لەبەرامبەر هەر گرامێک هەزار دۆلار پارەدەدات و ناتوانێت وازی لێبهێنێت "ئەگەر شوێنێک هەبێت بۆ چارەسەر بەدڵنیاییەوە من ئامادەم بچم و هەوڵی چارەسەکردنی خۆم بدەم".

ئەو گوتیشی "داوا لەلایەنی دەسەڵاتدار دەکەم بەشێوەیەکی جوانتر چاودێریمان بکەن وەک نەخۆشێک سەیرمان بکەن. هەوڵبدەن دووبارە رێگای ژیانمان رووناک بکەنەوە ئەوەک ئاماوین بەهۆی هەڵەیەکەوە بناڵێنین".

وێڕای داخوازی ئەو کەسانەی گیرۆدەی کێشانی ئەو مادده هۆشبەرانە بوون لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کردنەوەی نەخۆشخانەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە بەپێویست دەزانن.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان سالار محمود، کردنەوەی نەخۆشخانەیەک بەپێویست دەزانن و دەڵێ: "پێویستە بەجدی بیر لەوە بکرێتەوە، بنکەیەکی تەندروستی بکرێتەوە بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی لەگرتووخانەکان سزادراون جیابکرێنەوە لەزیندانییەکانی دیکە، چونکە ئائێستا هەموو زیندانییەکان لەگرتووخانە پێکەوەن".

گوتیشی: "گرنگە جێگایەک هەبێت مافی خۆیانە ئەو کەسانە وەک کەسایەتیەکی ئەکتیف بهێنرێنەوە ناو کۆمەڵگاو لەم دەردە رزگار بکرێن لەرێگای چاودێری پزیشک بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری ئاڵۆزبوونی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و خەڵکی دیکەش لەگەڵ خۆیان تووش بکەن".

بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالوودەبووانە سەرۆکی

www.netewe.com



لێژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان دەڵێ "پێویستە لەساڵی داهاتوودا کار لەسەر ئەوەبکرێت بەیاسایەک ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و بەکارهێنەرانی ئەو ماددە هۆشبەرانە لەشوێنێکی دیاریکراو بخرێنەژێر چاودێری تەندروستییەوە".

بەگوێرەی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی تاوەکو ٢٢-٨-٢٠١٠ لە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان ١٥٥ کەسی سزادراو هەیە بەهۆی بازرگانیکردن وبەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان (٨٥ لە سلێمانی ٣٨لەهەولێر ٣٢لەدهۆک) لەنێوان ئەو سزادراوانەشدا ٥ئافرەت هەن ٢لەسلێمانی،٢ لەهەولێر، ١ لەدهۆک.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەولێر (ئەحمەد ئەنجەدین) دەڵێ: "بەرنامەمان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان".

گوتیشی: "بەهۆی ئەوەی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەناو زیندانەکان نەبۆتە دیاردە بۆیە داتایەکی وردمان لەژێردەست نییە، ئەگەرچی لەهەموو جیهانیش بەرێگای جۆراوجۆر دەچێتە ناو زیندانییەکان".

راوێژکاری بەشی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی د.خالس قادر لەوبارەیەوە دەڵێ: "هەبوونی نەخۆشخانەیەکی فەرمی تایبەت بۆ ژیاندنەوەی ئەوکەسانەی ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بوون، زۆر گرنگە، بەڵام ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە".

گوتیشی "بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە لەهەرێمی کوردستان زیاتر بازرگانیکردن بەماددە هۆشبەرەکان هەیە، کەمتر بۆ بەکارهێنانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوە نییە مەترسی ئەوەمان نەبێت لەکوردستان زیاد بێت، بەداخەوە هەستدەکەین دیاردەکە روولە زیادبوونە".

هەروەها گوتی "ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین دوای تەواوبوونی پرۆژەیاسای مافی نەخۆشە دەروونییەکان، پرۆژە یاسایەکیش ئامادە بکەین بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەهاوکاری رێکخراوی (هارتلاند) بێگومان دوای ئەم پرۆژەیاسایە یەکێک لەکارە گرنگەکان دانانی نەخۆشخانەیەک دەبێت بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشانە".

سەبارەت بەنەبوونی نەخۆشخانەیەک د.خالس گوتی: "لەبەر دوو هۆ نەخۆشخانە نەکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی ئالوودەبووان کەمبووەو دووهەم بەهۆی باردۆخی کۆمەڵایەتییەوە یاخود چەندین هۆکاری دیکە بەکاربەرانی دەترسن دانبەوەدابنێن کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردێنن".

د.خالس قادر گوتیشی: "لەکاتی ئالودەبوون بەو ماددەیە کەسەکە تووشی لێدانی خێرای دڵ دەبێت و دواتر تووشی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەو دڵ و نەخۆشییە گوازراوەکان وەک هەوکردنی جگەر و ئایدز و نەخۆشی سیل کۆمەڵێک نەخۆشی دیکە دەبێت".

د.سامان ئەنوەر پزیشکی دەروونی لەبارەی کاریگەرییە دروونییەکانیەوە دەڵێ "ئێمە ئەوانەی ئالوودەبوون بەچاوی نەخۆش سەیریاندەکەین، بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان بەگوێرەی ماددەی ١٤ی یاسای سزادان، بەچاوی تاوانبار سەیری ئالوودەبوو دەکرێت، ئەمەش نەوەک چارەسەر، بەڵکو کێشەکە خراپتر دەکات".


گوتیشی: "زۆرجار کەسی بەکارهێنەری ئەو ماددانە خۆی تووشی نەخۆشی دەروونی وەک خەمۆکی و فۆبیاو شیزۆفرینیا بووەو لەئەنجامدا پەنای بۆ ئەو ماددانە بردووە، بۆیە پێویستە ئەو کەسانە بەچاوی نەخۆش سەیر بکرێن و حکومەت هەوڵبدات چارەسەریان بکات".


بۆچارەسەرکردنی ئالوودەبووان لەنەخۆشخانەدا د.خالس و د.سامان دەڵێن: پێویستە کەسی تووشبوو لەو ژینگەیە دووربکرێتەوە کەماددەی هۆشبەری لێدەستدەکەوێت و پێویستە لەبنکەیەکی تایبەتی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بمێنێتەوە، دەبێت چەند تیمێکی پزیشکی هەبێت کە پسپۆری دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی وچەند دکتۆرێکی دەماغ و هەناوی تێدابێت و بەردەوام چاودێری بکەن.

وەک ئەو پزیشکانە گوتیان ئالوودەبووان بەدووشێواز چارەسەر دەکرێن "چارەسەرێکیان بەدەرمان دەکرێت، "دەرمانی تایبەتیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی چیدی لەرووی جەستەییەوە لاشەیان داوای ئەو ماددانە نەکات، چارەسەرێکی دیکە لەرێگای دەروونییەوەیە کە پسپۆری دەروونی لەهۆکاری تووشبوونیان و ئاستی ئالوودەبوونیان دەکۆڵێتەوەو هەندێکجار واپێویستدەکات لەگەڵ خێزانی کەسەکە دابنیشێت و بەگوێرەی رێنمایی پێویست ئاراستە بکرێن".

سانە سلێمان

www.netewe.com







# ڕەنگکوێری ئەو نەخۆشییەی زیاتر پیاوان تووشی دەبن

لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ وارڤین د.تانگۆ زاهیر، شارەزا لەبواری چاو باسی لەوردەکاری نەخۆشی ڕەنگکوێری مرۆڤ دەکات و وێڕای باسکردنی هۆکار و نیشانەکانی باس لەچۆنیەتی چارەسەرکردنیشی دەکات.

## ڕەنگکوێری چییە؟

ڕەنگکوێری، واتە تێکەڵکردنی چەند ڕەنگێک، کە چاو ناتوانێت بیبینێ و ڕەنگەکە کۆنترۆڵ بکات. ئەم نەخۆشییە کەمتوانایی مرۆڤە لەوەرگرتن و جیاکردنەوەی ڕەنگەکان، مرۆڤەکان ناتوانن بەڕێکوپێکی ڕەنگەکان جیا بکەنەوە، بەڵام ئەمە لەڕاستیدا کوێر نییە، بەهیچ شێوەیەک ڕەنگکوێری پەیوەست نییە، بەتوانای بینینی مرۆڤ، بەڵکو پەیوەستە بە کرۆمۆسۆمەکانەوە.

زانای ئینگلیزی جون داڵتون، لەساڵی ١٧٩٨ یەکەم کەس بووە کە دەربارەی ئەو نەخۆشییە زۆر بەزانستی دواوەو خۆیشی نەخۆشی ڕەنگکوێری هەبووە.

هەستیارە ڕووناکی و ڕەنگەکان بەرپرسن بەرامبەر بینین و جیاکردنەوەی ڕەنگەکان. دوو جۆر هەستیارە ڕەنگ هەیە لە تۆڕی چاوی مرۆڤدا:

١.هەستیارە ڕەنگی (کۆن) کە هەستیارە بەرامبەر بینین لەڕۆژی ڕووناکدا.

٢. هەستیارە ڕووناکی ڕەنگ (ڕۆد) کە لێپرسراوە لەبەرامبەر بینین لەتاریکی.

جۆرەی یەکەم، بەڕێژەیەکی بەرچاو لەسەنتەری بینین لەچاودا دەبینرێت، بەڵام جۆری دووهەم لەلێوارەکانی تۆڕی چاودا دەبینرێت و هەروەها سێ جۆر لەهەستیاری ڕووناکی (کۆن) هەیە لەتۆڕی چاوی مرۆڤدا.

جۆرەها ڕەنگ دەتوانێ دەستنیشانبکرێت و ببینرێت ئەگەر بێت و چەندین جۆری جیاواز لەهەستیارە ڕووناکی (کۆن) سەیڤ بکرێت، ئەگەر بێت و یەکێک لەو سێ جۆرە لەکارکەوت، ئەوا مرۆڤ هێشتا دەتوانێ ڕەنگەکان ببینێت و لێکیان جیابکاتەوە. ئەمیش بەبەکارهێنانی دوو جۆری دیکەی هەستیارە ڕووناکی.

بەربڵاوترین جۆری ڕەنگکوێری بریتییەلە: جۆری سوور و سەوز بەڕێژەی (٩٩٪)، کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆپیسین، کرۆمۆسۆمی سەوز یان سوور.

لەکارکەوتنی کرۆمۆسۆمی لۆپیسن لەڕەنگی سوور پێیدەڵێن "پرۆتاپ"، جۆری سەوز پێیدەڵێن "دیوتیرانۆپ" لەجۆری شین پێیدەڵێن "ترایتانۆپ".

زۆربەی ئەو کرۆمۆسۆمانەی کە لێپرسراون بەرامبەر بەڕەنگکوێری کەوتوونەتەسەر کرۆمۆسۆمی جۆر (X) ئەمەش وادەکات ئەو نەخۆشییە بەڕێژەی بەرچاو لەڕەگەزی نێردا زۆرتر بەدیار بکەوێت وەک لەڕەگەزی مێینەدا.

ڕەنگکوێری دووجۆرە یا هەر لەسەرەتاوە لەڕێگەی کرۆمۆسۆمەوە دەگوزرێتەوە، یاخود لەئەنجامی تووشبوون بەنەخۆشی و بەکارهێنانی دەرمان و پارێزەوە مرۆڤ تووشی دەبێت.

ڕێژەی تووشبوون بەو نەخۆشییە لەنێوان نێرینەو مێینە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. ڕێژەی تووشبوون لەڕەگەزی نێردا نزیکەی ٣ تا ٤ لەسەدایە، بەڵام لەڕەگەزی مێینەدا نزیکەی (٠,١٪ تا ١٪) لەسەدایە.

## هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوون

١. شاری سپی ٢. لەناوچوونی سەنتەری بینینی چاو. ٣. بەدخۆراکی بەتایبەتی کەمی ڤیتامین (A.B.D) ٤. جۆرەها مادەی کیمایی ٥. بەکارهێنانی مادەی کحول بۆ ماوەیەکی درێژ ٦. ئاوی ڕەشی چاو. ٧. نەخۆشی شەکرە ٨. ئالزایمەر ٩. لوکیما ١٠. جۆرەکانی کەمخوێنی ١١. نەخۆشی پارکینسۆن ١٢. جۆرەها دەرمان لێپرسراون بەرامبەر ئەو نەخۆشییە، وەک: باربیوارنیەکان، دیمۆکسین، کلۆرکۆین، کولسینین، ڤیاگراو و چەندین دەرمانی دیکە.

## چۆنیەتی دەستنیشانکردن

چەندین پشکنین هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییە، لەهەموویان خێراترو باوتر لەڕێگای بەکارهێنانی (Ishiharabook)، کە ئەمە جۆرە کتێبێکە هێڵی لاری لێکێشراوە لەگەڵ ژمارەی بەڕەنگ لێنووسراوە، نەخۆشەکە بەگوێرەی ڕەنگەکە پەنجەی لەسەردادەنێت و لەگەڵ کێشانی، ڕەنگی هێڵەکەو ژمارەکە دەڕوات جا ئەوەی ڕەنگکوێری هەبێت ژمارەکە بەهەڵە دەخوێنێتەوەو ناتوانێت کۆنترۆڵی ڕەنگەکە بکات. ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ دەستنیشانکردن و تێستکردنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک.


زۆر گرنگە کەوازوو ئەو نەخۆشییە لەمرۆڤدا دەستنیشانبکرێت. هەروەها هەندێک کار هەیە پێویستە ئەو کەسانەی نەخۆشی ڕەنگکوێریان هەیە خۆیان لێ دووربخەنەوە وەک کاری (پزیشکی پێست، پزیشکی دەرمان پزیشکی کیمیاوی، دیزاینەر، شوفێر، فڕۆکەوان، پۆلیس، بۆیاغچی، کارەباچی، دەریاوان).

## چارەسەر

تائێستا بەهیچ شێوەیەک چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم نەخۆشییە نەدۆزراوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت، چاویلکەی تایبەتییان بۆ دروستدەکرێت ڕەنگەکانی وەک خۆی پێدەبینێت.

سانا سلێمان

www.netewe.com



# لادان یان ئاڵوودەبوونی سێکسی

## ئاڵوودەبوونی سێکسی بریتیەلە:

لادانی سێکسی، یاخود سێکسی نائاسایی، بەڵام بەشێوەی خووپێوەگرتنی لەرادەبەدەر و ئەنجامدانی زۆر بەشێوەیەکی کە کاریگەرانە سەر ژیانی رۆژانە.

یەکێتی نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەمریکا، ئاڵوودەبوونی سێکسی بەنەخۆشی هۆشی دانانێت. چونکە پێوەری دەستنیشانکردنی ئاڵوودەبوونی سێکسی دیارینەکراوە. بەڵام ئەو یەکێتییە گرفتەکانی رەفتاری پۆلێن دەکات بۆ چەند جۆرێک، کە پێیاندەگوترێت پارافیلیا "paaraphilia" باوترینیان ئەمانەن:

+ pedophilia حەز لەمنداڵکردن، واتا کەسێکی گەورە ئارەزووی ئەوە دەکات سێکس لەگەڵ منداڵ بکات.

+ exhibitionism خۆرووتکردنەوە لەبەر چاوی خەڵکی.

+ voyeurism بەدزییەوە سەیر کردنی جووتبوونی کەسانی دیکە.

+ masochism ماسۆشیەت ئەوەشیان واتا چێژوەرگرتنی کەسێک لە چەوساندنەوەو ئازاردانی بەدەستی کەسی بەرامبەری، خۆشی لەوەدا دەبینێ کە ئازاری خۆی بدات یان ئازاری بدەن.

+ sadism واتە چێژوەرگرتن لەئازاردان و دڵسەختی نواندن لەگەڵ هاوسەرەکەی لەکاتی سێکسکردندا.

+ transvestic fetishism ئارەزووجووڵان بەلەبەر کردنی جلی رەگەزی بەرامبەر.

## هۆکارەکانی تووشبوونی لادانی سێکسی:

بەشێوەیەکی گشتی چەندین هۆکار رێخۆشکەرن بۆ تووشبوون بەو گرفتە. لەوانە کەسی تووشبوو بۆ دەربازبوون لەکێشەی سۆزداری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی پەنا دەباتەبەر ئەو کردارە.

پەروەردەکردنی منداڵ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە. بۆ نموونە ئەو خێزانانەی منداڵی زۆریان هەیەو منداڵیان فەرامۆشکردووەو وەڵامی دروستی پرسیار و داخوازییەکانیان نادەنەوە، ئەوانە بەشێوەیەکی ناتەندروست گەورە دەبن و بیرکردنەوەی هەڵە لەمێشکیاندا دروست دەبێت. بڕوایانوایە کە هیچ کەسێک گرنگی پەوان نادات و کەسیش خۆشی ناوێن ئەو هەستەش وایانلێدەکات لەداهاتوودا نەتوانن بەئاسانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستبکەن. بەمەش گۆشەگیردەبن و خۆیان بەمرۆڤی تەواو نازانن.

ئەو هەستی ناتەواوییە بەئەنجامدانی چالاکی نائاسایی سێکسی و پەنابردنە بەر ماددە هۆشبەرەکان پڕ دەکەنەوە. بۆ نموونە هەندێک کەس هەرلە تەمەنی مێرمنداڵییەوە روودەکەنە سەیر کردنی وێنەی رووت و خووپێوەدەگرن و تەماشاکردنی فیلمی سێکسی دەبێتە بەشێک لە ژیانیان بەرادەیەک کە جیهانێکی ئەندێشەیی بۆ خۆیان دروستدەکەن و هەمیشە بەخەیاڵی خۆیان لەگەڵ باشترین کوڕ یان باشترین کچدا سێکس دەکەن. تەنانەت وایانلێدێت، بەتەواوەتی ئاڵوودەی ئەو جیهانە سێکسییە دەبن و ناتوانن لەگەڵ ناخۆشییەکانی جیهانی راستیدا بژین.

هەندێک لەوانەی تووشی ئەو جۆرە لادانە سێکسییە دەبن بەمنداڵی یان لە تەمەنێکی دیکەدا تووشی کارەساتێکی دەروونی - جەستەیی بوونەتەوە. وەک ئەوەی کە لەلایەن کەسێکەوە دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەری یان دایک و باوکی لە یەکتر جیابوونەتەوە یان دووربووە لەسۆزی کەسانی نزیکی.

و: شیلان یاسین

www.netewe.com





## وارڤین ئاشکرای دەکات

# بۆچی خەندە عەبدوڵلاو ئاشنا زرار وازیان لە گۆرانیگوتن هێنا؟

تایبەت

ئەگەرچی لەمچەند ساڵەی دوایی باس لەوەدەکرێ کورد پێشکەوتنی بەخۆوە دیوەو هونەرمەندانی ژنیش هاوشانی پیاوان دەتوانن بێنەناو بوارە جیا جیاکان، هونەریش بەدەر نییە لەو بابەتە. وەلێ خەریکە دەبێتە دیاردەو هونەرمەندانی ئافرەتی گۆرانیبێژ واز لەگۆرانیگوتن و کاری هونەری دێنن، لەم ریپۆرتاژەدا هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە دەخەینەروو.

**هونەر بۆ هەمووان**

هونەر، ئەو دنیا جوانەیە دەکرێ هەموو گەلان بەکەلتوور و زمانی جیاوازەوە لەیەکتر نزیکبکاتەوە، هەر بۆیەش زۆربەی گەلانی دنیا بایەخێکی یەکجار گرنگی پێدەدەن، دیاریشە کە کاراکتەرەکانی ناو هونەر نابێ تەنیا لەرەگەزێک پێکبێن، بەڵکو هونەر بۆ هەموانە وەک ناسر حەسەنی هونەرمەند دەڵێ "ئێمەی هونەرمەند ناتوانین بەبێ ئافرەت بیر لەکاری هونەری بکەینەوە"

**بۆشایی ئافرەت لە گۆرانی کوردی**

گەر چاوێکی خێرا بەمێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا بخێشێنینەوە ئەوا بۆماندەردەکەوێ کە بەبەراورد لەگەڵ پیاوان ژمارەی ژن کەم بووە، بەرادەیەک لە سەردەمە جیاوازەکاندا ژمارەیان پەنجەکانی دەست تێناپەڕێنن.

### هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی تازە

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ئازادی لەکوردستان ژمارەی ئافرەتان و کچانی گۆرانیبێژ رووی لەزیادبوون کرد، بەرادەیەک کۆمەڵێک گۆرانیبێژ هاتنە پێشەوەو ئامانجیان خزمەتکردن بوو بەهونەر بەبێ هیچ گوێدانێک بەقسەو قسەڵۆک و توانجەکانی کۆمەڵگا. هەر ئەو نەوەیەش بوون وایانکرد کە گەنجانی کورد لەگوێگرتن لەگۆرانی عەرەبی، تورکی، فارسی و بیانی دووربکەونەوەو گوێ لەبەرهەمی کوردی و خۆماڵی بگرن، کە پێشەنگی ئەو گۆرانیبێژانە مەرزیە فەریقی بوو.

### وازهێنان و دوورکەوتنەوە

دوای ئەو لێشاوە زۆرەی هاتنە پێشەوەی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ، بەداخەوە دیاردەی وازهێنان لەکاری هونەری دەستی پێکرد، دەستپێشخەری ئەو کارەش خاتوونی گۆرانیبێژ ئاشنا زرار بوو، کە وەک خۆی باسی دەکات لەبەر نەبوونی هاوکاری نەیتوانیوە لەکاری هونەری بەردەوام بێ "نەبوونی هاوکاری پێویست بۆ هونەرمەندان وادەکات واز لەکاری هونەری بێنم".

### ئاشنا بەس نەبوو "خەندە" ش هاتەسەر

ئەگەرچی وازهێنانی ئاشنا دەنگۆیەکی زۆری دایەوە، وەلێ بەپێی زانیارییەکانی وارڤین لەلایەن لێپرسراوانی هونەرەوە لەهۆکاری ئەو وازهێنانە نەپێچراوەتەوە، هەر بەماوەیەکی کەم دوای ئەوەش لە ٧-١١- ٢٠١٠ خەندە عەبدوڵلای گۆرانیبێژ بڕیاریدا تا ماوەیەکی دیارینەکراو واز لەگۆرانیگوتن بێنێ.

### سەلماندم توانام هەیە

خەندە عەبدوڵلا، کە ڕەوشێکی زۆر ناخۆش وایلێکرد واز لەکاری هونەری بێنێ، دووپاتیدەکاتەوە کەبە "٥" کاری هونەری سەلماندوویەتی توانای هونەری هەیە "لەماوەی ٧ ساڵ کارکردنم و بە ٥ بەرهەم سەلماندم کە توانای هونەریم هەیەو دەتوانم کاربکەم".

خەندە، باسیش لەوە دەکات کە بنەماڵەکەشی هاندەری بوونە "خێزانەکەم نەک ڕێگرم نەبوونە، بەڵکو هاندەر و پاڵپشتیشم بوون".

### دەمێکە ئەو کێشانەم هەیە

ماوەی چەند ساڵێکە هونەرمەندانی ژن دەناڵێنن بەدەست نەبوونی پاڵپشتی و هاوکاری لەلایەن حکوومەتەوە. خاڵێکی گرنگ لەهۆکارەکانی وازهێنانی خەندە، نەبوونی هاوکاری و پاڵپشتی بووە لەلایەن حکوومەت "بەداخەوە ماوەی ٧ ساڵە کاردەکەم کەچی ئائێستا بەپێی پێویست هاوکاری نەکراوم".

### یان کارنەکردن یان لەدەستدانی کەسایەتی

زۆرجاری واهەیە گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئەو هونەرمەندانەی کەسایەتی خۆیان پاراستبێ و تێکەڵی هەندێک یاری نەبووبن وەک پێویست کاریان بۆ نەکراوە. لەوبارەیەوە ژنە هونەرمەندێک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین بە وارڤینی ڕاگەیاند" ئاشنا زرار و خەندە عەبدوڵلا ئەگەر وەک کەسانی دیکە بوونایە، هاوکارییەکی باش دەکران. لەم وڵاتە یان دەبێ کارنەکەی، یانیش کاریکەی کێشەت بۆ دروست دەبێت".

### ژنانیش هۆکارن

ئەگەرچی خۆشیان دەزانن و بە ژمارە ژمارەیان زۆر کەمە، وەلێ ئافرەتان و کچانی گۆرانیبێژ یەکتر خەتابار دەکەن بەوەی کە بەشێکیان لەکەسایەتی هونەرمەندی ئافرەتیان داوە، بەشێوەیەک کە بووەتە عەیبەو حەیاچوون بۆ هونەرمەندانی دیکە. خەندە دەڵێ: "لەئێستادا کە کۆمەڵێک گۆرانیبێژ هاتوون هونەریان قێزەون کردووەو کاریان کردۆتەسەر کەسایەتی تەواوی هونەرمەندان".

> **خەندە عەبدوڵلا: لە ئێستادا کۆمەڵێک گۆرانیبێژ هاتوون هونەریان قێزەون کردووەو کارییان کردوەتە سەر کەساهیەتی تەواوی هونەرمەندان**

### "بە بوێرییەوە کارمکرد"

خەندە عەبدوڵلا، لە تەمەنی هونەری خۆیدا بەبەرهەمەکانی "هەڵەبجە، خەونی کیژۆڵەیەکی هەرزەکار، پەشیمانی، گومان، تەنیات کردم" هاتەناو جەماوەر و هەریەک لەگۆرانییەکانی "گومان، تەنیات کردم"ی کلیپ کرێو لەم بەرهەمانەدا بەشێوەیەکی زۆرباش لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێکرا. ئەو دەڵێ "بۆ جەماوەری خۆم سەلماندم توانای کارکردن و پێشکەشکردنی بەرهەمی جوانم هەیە".

لەو بەرهەمانەیدا ئەگەرچی بەشێوازێکی زۆر جوانی هونەری و کوردەوارییانە کاریدەکرد، بەڵام هاوکات دیوکی دیکەی کارەکانی بە بوێرییەوە دەخستەڕوو. بەتایبەتی لەگۆرانی "خەونی کیژۆڵەیەکی هەرزەکار" کە تێکستێکی د. کوردستان موکریانییەو باس لەخەونی کچێکی هەرزەکار دەکات کە بۆتە بووک، خەندە نایشارێتەوە ئەو ویستوویەتی وەک گۆرانیبێژێک زۆر بوێرانە کاربکات.

### وازهێنانیان زەرەرە بۆ هونەری کوردی؟

لەم گێرەپانە بەرینەی هونەردا لەوانەیە وازهێنان یان دوورکەوتنەوەی هونەرمەندێکی ئاسایی کارێکی وا نەکاتەسەر ڕەوشی هونەری کوردی. لەوبارەیەوە هونەرمەندێکی میوزیکژەن بۆ وارڤین گوتی "لەوانەیە زۆرجار وازهێنانی هەندێ هونەرمەند لەبەرژەوەندی ڕەوشی هونەریبێ، بەڵام ئەگەر ئەو شتە ببێتە دیاردەو هونەرمەندە باشەکان واز لەکاری هونەری بێنن ئەوە کارێکی باش نییە".

یەکێک لەبینەران و گوێگرانی خەندە، باس لەوە دەکات ئەگەرچی خەندە وەک گۆرانیبێژێ گۆرانی کەم بووە، بەڵام بەبڕوای ئەو خەندە، نەکەوتبووە ژێر کاریگەری زۆری و بۆری "وازهێنانی هونەرمەندان زەرەرێکی زۆر دەگەیەنێ بەو ڕێچکە جوانە هونەرییانەی کە هونەرمەندانی دڵسۆز گرتوویانەتەبەر".



www.netewe.com

# ئەسلیکا قادر:
# ئەرمەنەکانیش زوڵمیان لە کورد کردووە



سترانبێژ "ئەسلیکا قادر" لە یەریڤان/ ئەرمەنستان  فۆتۆ: وارڤین

تایبەت

هونەرمەندی کورد ئەسلیکا قادر کە چەندین ساڵ لەرادیۆی (ئێریڤان)دا بەکوردی گۆرانیگوتووەو شانۆی دروستکردووە، رایگەیاند کە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت، ئەو زوڵمەی کە تورک لەکوردی کردووە، ئەرمەنەکانیش لەکوردیان کردووە. ئەسلیکا، سەرۆکی ئەرمەنییەکان لیڤۆتەن و تەلعەت پاشای تورک بەیەک دەچوێنێت.

گۆرانیبێژی کورد ئەسلیکا قادر کە زۆر کەس لەرادیۆی ئێریڤانەوە گوێبیستی گۆرانییەکانی بوونە، بۆ دروستکردنی کلیپێک سەردانی ئامەدی کردو لەوێش بیروبۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ وارڤین باس کرد.

**وارڤین:** رۆژانی گەنجیت لەئەرمەنستان چۆن تێپەڕین. ئەوکات وڵاتپارێزی و کوردایەتی لەچ ئاستێکدا بوو؟

**ئەسلیکا:** لەبەرئەوەی زۆر وڵاتپارێز بووین، هەمیشە لەو غەریبییەدا بیری کوردستانمان دەکرد. ئەوکات سەرهەڵدانی مەلا موستەفای بارزانی دەستپێکردبوو. کوردانی رادیۆ ئێریڤانیش دەیانویست شتێک دروستبکەن و پشتگیری خۆیان بۆ بارزانی دەربڕین و بڵێن"ئێمەش لەگەڵ ئێوەین". راستە لەئەرمەنستان دەژیاین، بەڵام کورد بووین و وڵاتپارێز. هەمیشە دەمانویست کوردستان رزگار ببێت. لەگەڵ ئەو خەونانەدا گەورە دەبووین. دەمانویست بچینە ریزەکانی داواکارانی دۆزی کوردەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوکات یەکێتی سۆڤییەت هەبوو، ئێمە نەماندەتوانی ناوی کوردستان بێنین. چونکە بێجگە لەسۆڤییەت کەس نەیدەتوانی بڵێ"من وڵاتێکی دیکەم هەیە". ئەوکات سۆڤییەت گرنگییەکی گەورەی دەدایە کەلتووری گەلانی بچووک. بەتایبەتیش گرنگییەکی زۆری دەدایە کەلتووری کورد. کەسانێکی وەک حەجی جوندی، جەسیمی جەلیل، ئۆردیخانی جەلیل، قەناتی کوردۆ لەناو کورددا هەڵکەوتن.

www.netewe.com

**وارڤین: ئەوکات تۆ حەزت لە کوردستان بوو؟**

ئەسلیکا: بەڵی. ئەی چۆن حەزم لێینەبوو؟ هەمیشە دەمویست بزانم لەکوردستان چی ڕوودەدات. چونکە ئەوکات هێزی کورد زۆر پێشکەوتووبوو. لەهەموو شوێنێک لەماڵان، لەڕیستۆرانتەکان باس باسی مەلا موستەفای بارزانی بوو. باسی ڕزگاری کوردستان دەکرا. جۆشێکی گەورە کەوتبووە دڵی ئێمەی کوردی ئێزدی ئەرمەنستان. ئەوکات من منداڵ بووم. دەچوومە رادیۆی ئێریڤان. گەلەک مرۆڤی بە ئەزموون لەوێ کاریان دەکرد. عەگیدێ جەمۆ و چەندین مۆزیکژەنی دیکە لەوێبوون. گوێم لێدەگرتن و فێری هەندێک شت دەبووم.

**وارڤین: ئەرمەنییەکان چۆن سەیری ئێوەی کوردی ئێزدییان دەکرد؟**

ئەسلیکا: کاتێک کە سۆڤییەت هەبوو، ئەرمەنی نەیاندەتوانی بەچاوێکی خراپ سەیرمان بکەن. لەبەرئەوەی ڕووسەکان قانوونیان هەبوو، کەس نەیدەتوانی لەبەر ناسنامە، بڕوا و نەژاد سووکایەتی بەکەس بکات. بۆیە ئەرمەنییەکان نەیاندەوێرا هیچمان پێبڵێن. بەڵام بەداخەوە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت و کاتێک کە ئەرمەنییەکان جیابوونەوە ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دا. دەستیان بەزۆرداری و زوڵم کرد. لەهەرێمێک کە ٢٠ هەزار کوردی موسوڵمان لەگەڵ ئازەرییەکان دەژیان، ئەرمەنەکان بەزوڵم و زۆرداری دەریانکردن. بەشێوەیەکی وەحشییانە گشت ئازەرییەکان و پاشان کوردە موسوڵمانەکانیان دەرکرد. بەهەرزان ماڵی کوردەکانیان لێدەکرین، تاڵانیان دەکرد. دواتر نۆرەی کوردی ئێزدی هات. ڕۆشنبیرگەلێکی لاتیکی ئێمەیان وەک سەعید ئیبۆ کوشت. ئەو کورد بوو و دکتۆر بوو لەئەنستیتۆ وانەی دەگوتەوە. سەرۆکی پزیشکانی نەخۆشخانەیەک بوو. ئەو زوڵمەی تورکان پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت لەکوردیان کرد ئەرمەنیش کردیان. گەلەک ڕۆشنبیری کورد لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە کوژران. هێشتا کەس لەو حیساباتەی نەپرسیوەتەوە، کەس نازانێ کێ کوشتوونی.

**وارڤین: چەرکەزی ڕەش دەیگوت کەلە دەقێکی نهێنی ئەرمەنییەکاندا لە باکووری کوردستان باس لەدامەزراندنی ئەرمەنستانێکی گەورە کراوە. تۆ شتی وەهات بیستووە؟**

ئەسلیکا: بەڵی هەمیشە وادەڵێن. ئاتێستاش دەڵێن ئەو شوێنە خاکی ئێمەیە کەوتووەتە ژێردەستی کورد. کورد ئێمەیان قڕ کرد. دوژمنایەتی کورد دەکرا. ئێستا لەئەرمەنستان تەنیا یەک ماڵی کوردی موسوڵمان ماوەتەوە. لەبەر زوڵمی ئەرمەنەکان زۆربەی کوردە ئێزدییەکانیش کۆچبەر بوون. کاتێک هەموو ڕۆشنبیرەکانیان کوشتین ئەوە ئاماژەیەک بوو بۆمان. ئاماژەی "ئێرە بەجێبێڵن" بوو. سەرۆکی ئەرمەنەکان لیڤۆنتە گوتی "ئەو شتەی من کردم ئەوانەی پێشتری من لە ٧٥ ساڵدا نەیانتوانیبوو بیکەن. ئێمە وڵاتی خۆمان لە نەتەوە دواکەوتووەکان خاوێن کردەوە". گوشار و زوڵمی لەسەر نەتەوەکانی دیکەی بۆ خۆی وەک سەرکەوتنێک هەژمار دەکرد. ئەوکات پاسەکانی تەڵعەت پاشام بەبیرهاتەوە. دەیگوت: "با ئەرمەنییەکان سەبر بکەن. شتێک کە حەمید لە ٣٠ ساڵدا نەیکرد، من لە ٣٠ ڕۆژدا دەیکەم. ژنەکانیان، کچەکانیان، ماڵەکانیان و هەموو موڵکەکانیان بۆ ئێمە بەجێدەمێنێت. بەس وشەی ئەرمەنی لەمێژوودا دەمێنێتەوە".

**لەڕاستی چ جیاوازییەک لەنێوان لیڤۆنتەو تەڵعەت پاشا دا هەیە؟**

**وارڤین: تۆ چۆن دەستت بەگۆرانیبێژی کرد؟**

ئەسلیکا: من حەزم لێبوو و بەدەنگێکی نزم لەژێر لێوەوە گۆرانیم دەگوت. عەگید جەمۆ، لەدوورەوە گوێی لەدەنگم ببوو. من لەوێوە دەچوومە کۆشکی پیانۆژەنانی ئەرمەنییەکان. من لەوێ لەکۆڕاڵی ئەرمەنییەکاندا گۆرانیم دەگوت. عەگید پێیگوتم: "ئاسێ دەنگت خۆشە، بۆ دەیشاریتەوە؟". ئەوکات یادی ٢٥٠ ساڵەی شاعیرێکی بەناوبانگی ئەرمەن بوو کە ناوی سایات نۆڤا بوو. چونکە من لە قوتابخانەی ئەرمەنییەکاندا خوێندبووم، دەمتوانی زۆر بەباشی بەئەرمەنی گۆرانی بڵێم. هیچ کێشەیەکی زمانیم نەبوو. سایات نۆڤا بۆ ئەرمەنییەکان گەلەک گرنگە. داوایان لە من کرد کە دوو گۆرانی ئەو کە بۆ کوردی وەرگێڕدرابوون بڵێمەوە. من دوو گۆرانییەکەم بەناوەکانی "تا بمێنم" و "کەمانچە" گوتەوە. زۆر پێی سەرسامبوون.

**وارڤین: کاتێک کە گۆرانیت دەگوت، بنەماڵەکەت نارازییبوون یان نە؟**

ئەسلیکا: ڕاستە ئێمە لەسۆڤییەت دەژیاین، بەڵام دیسان لەناو کورداندا کۆنەپەرستی هەبوو. منیش کوردێکی ئێزدیم. بەڵام باوکم کەسێکی پێشکەوتوو بوو، منی ناردبووە خوێندن. دەمتوانی گۆرانیش بێژم. نەتەنیا بۆ من بەڵکو بۆ تەواوی ئەو ژنانەی وەک سوسیکا سیمۆ، زادینە شاکر، بەڵگە قادۆ کەلە ڕادیۆدا کاریان دەکرد بیریان لەشتی نەرێنی دەکردەوە. دەیانگوت: "زادینە شاکر لەرێی خۆی لایداوە، چووەتە کۆڕاڵ و ئەو ئێستا لەگەڵ ئەرمەنەکاندا گۆرانی دەڵێت". نەیاندەویست ئێمە مێردیشیان پێبکەین. ئێمەشیان بۆ کوڕەکانی خۆیان نەدەخواست. منیش وەها بیرم دەکردەوە ئەوەی منی ئەوێ، منیش هەرگیز نامەوێت. کەسی دواکەوتوو مێشکی دەخاتە چوارگۆشەیەکی تەنگەوە، من نامەوێ ئەو کەسە بیێتە مێردم.

**وارڤین: گەلەک کەس گۆرانی "وەڵاتێ مە کوردستانە" یان بەدەنگی تۆ گوێ لێبووە. دەتوانی باسی چیرۆکی ئەو گۆرانییە بکەی؟**

ئەسلیکا: عەگیدێ جەمۆ، زانی کە من گۆرانی باش دەڵێم، داوای لێکردم کەلە ڕادیۆ گۆرانییەک بێژم. زۆر خۆشحاڵ بووم. منیش شتێکی وەهام دەویست. چونکە من هەوڵی پێشخستنی خۆمم دەدا. لاپەڕەیەکی پێدام، ئەو لاپەڕەیە گۆرانی "وەڵاتێ مە کوردستانە" بوو. پاشان ئەو گۆرانییەم گوت و لەڕادیۆدا بڵاوکرایەوە، گەل زۆر کەیفی پێهات. خەڵکی بەبەردەوامی پەیوەندییان بە ڕادیۆوە دەکرد و داوای ئەو گۆرانییەیان دەکرد. پاش ماوەیەک من بەو گۆرانییە لەهەموو کوردستان ناوبانگم دەرکرد. ئەوکات نەمدەزانی خاوەنی ئەو گۆرانییە کێیە. هەر دەمگوت ڕەنگە خەباتکارێکی ڕادیۆ نووسیبێتی. بەڵام پاشان ئاشکرابوو کە ئەو گۆرانییە لە باشووری کوردستانەوە سەریهەڵداوە.



www.netewe.com

**وارڤین: ئەوکات چەند کاسێتت دەرکرد؟**

ئەسلیکا: ئەوکات کاسێت نەبوو. هەموو ئەو گۆرانییانەی کە من گوتوومەتەوە، لەرادیۆ بلاوبوونەتەوە. ئەوکات هیچ پارەیەکمان وەرنەدەگرت. وەک ئەرکێکی وڵاتپارێزی گۆرانیماندەگوت. نە کاسێت هەبوو و نە پلاق. زۆر کۆمپانیا دەنگی ئێمەیان لەرادیۆ وەردەگرت و وەک گۆرانییە بازێرییەکانی ئێریڤان بلاویاندەکردەوە.

**وارڤین: خۆشەویستیت کردووە؟**

ئەسلیکا: پیاوەکەم خوێندکاربوو، هەردووکمان لەزانکۆیەکدا دەمانخوێند. ئەو لەبەشی فەلسەفە بوو و منیش لەبەشی فیلۆلۆژی بووم. کوڕە کوردێکی دەلال لەپۆلەکەماندا هەبوو، دڵی پێمەوە بوو. هەمیشە داوای دەکرد کە زەواجی لەگەڵ بکەم. بەڵام من حەزم لێنەدەکرد. ناوی حەسۆ بوو، کوڕێکی دەلال بوو. جارێک پێمگوت، من تۆم ناوێت. بەڵام کوڕێک هەیە لەبەشی فەلسەفە، ئەوم خۆشدەوێت. ئەگەر داوام بکات، پێبێناڵێم نە. ڕۆژێک ئەو کوڕە (مێردەکەم) هاتە پۆلەکەمان و گوتی"دەتوانم دەقەیەک لەگەڵت قسە بکەم؟". منیش سووربووومەوە. لەدڵی خۆمەوە گوتم خەریکە دەکەومە زەوی. پاشان وەک گورگێکی هارم لێهات و هێرشم کردەسەر حەسۆ. پێمگوت تۆ بەوت گوتووە. بەڵام پاشان ئاشکرابوو کە ڕێکەوت بووەو حەسۆ هیچی پێنەگوتووە.

**وارڤین: دواتر چی بوو؟**

ئەسلیکا: کوڕێکی باڵابەرز بوو. پێکەوە قسەمان کرد. قبووڵم کرد. بەڵام لەبەر خوشکەکەم منیان بەشوو نەدەدا.

**وارڤین: بۆچی؟**

ئەسلیکا: چونکە خوشکەکەم لە من گەورەتر بوو و هێشتا مێردی نەکردبوو. تا ئەو مێردی نەکردبایە من نەمدەتوانی شوو بکەم. بەڵام دواتر گەیشتینە ئاواتی خۆمان. بەڵام مێردەکەم لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا لەبەر نەخۆشی دڵ گیانی لەدەست دا. کچ و کوڕێکم هەیە. ئەوان ئێستا لەئەڵمانیا دەژین و منیش لەلای ئەوانم.

**وارڤین: ئێوە بەئاسانی زەواجتان کرد؟**

ئەسلیکا: نە براکەم کێشەی زۆری دروست دەکرد. براکەشم لە زانکۆ دەرەشی دەخوێند. لەترسی ئەو نەماندەوێرا پێکەوە بچینە دەرەوە. دەچووینە هەر شوێنێک لە پێشمان ئامادەبوو. بەدزی دەچووینە کافتریاو دەرەوەی شار. من و خۆشەویستەکەم هەمیشە پێکەوە لەسەر سیاسەت قسەمان دەکرد. بەڵام دیسان براکەم بەدوام دەکەوت. دوو جار لێیدام. جاری سێهەم کە هەوڵیدا لێمبدات، خۆشەویستەکەم لێیدا. قاچی براکەمی شکاندبوو. بەهەرحاڵ چەندجار هاتەداوام و لەکۆتاییدا بنەماڵەکەم ڕازیبوون.

**وارڤین: تۆ هەرگیز سەردانی باشووری کوردستانت کردووە؟**

ئەسلیکا: نە. زۆر حەزم لێیە بچم. بەڵام باشووری کوردستان منی لەبیر کردووە. من لەدەرفەتەکانی ئەواندا نیم.

**وارڤین: ئەگەر بۆ میهرەجان و کۆنسێرت داوات لێ بکەن دەچی؟**

ئەسلیکا: من شتێکم بیستووەو لە زۆر کەسیشم بیستووە. دەڵێن باشووری تەنیا کچی گەنجیان دەوێت. بۆیان گرنگ نییە کە عەقڵیان هەبێ یان دەنگیان خۆشبێت. تەنیا گەنجیان دەوێت. ناشزانم واتایەکەی چییە؟ بۆیە پێمدەڵێن"تۆ بانگ ناکەن، لەبەرئەوەی کاتت بەسەرچووە". بەڕای من ئەگەر وابێت ئەوە کارەساتە. ژنێک کە بۆ نەتەوەکەی خۆی ڕەنجیداوە، زۆر زۆر زەحمەتی کێشاوە، ئەگەر ڕێزی لێنەگرن کارەساتە. تەنیا هونەرمەندە تورکەکان بانگ دەکەن. سەرەڕای ئەو قسانەش من پێمخۆشە بچمە باشووری کوردستان و ئەو ئەزموونە کە هەمە بیخەمە خزمەت گەلەکەمەوە.

**وارڤین: لەباکووری کوردستان بانگهێشتت دەکەن؟**

ئەسلیکا: بەڵێ. چەندینجار من لە کۆنسێرت و مێهرەجان و نەورۆزەکاندا بەشداربووم و گۆرانیمگوتووە.

**وارڤین: لەهونەرمەندی هیچت دەستدەکەوێت یان نە؟**

ئەسلیکا: نە سەرەڕای ئەو هەموو ماندوویەتییە، لەهونەرمەندی هیچ پارەیەکم بەدەستنەهێناوە. چەندساڵ لەمەوپێش لەنەورۆزدا چوومە فارقین و نەورۆزی ئەمساڵیش بڕێ پارەیان پێدام.

**وارڤین: تۆ بۆ کلیپێک هاتوویەتە ئامەد. بیستوومانە کێشەیەکت بۆ دروست بووە؟**

ئەسلیکا: چەندڕۆژ لەمەوبەر چووینە لای بەرپرسی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ئامەد واتە نەژاد یاروک. من بە پارەی خۆم هاتوچۆ دەکەم. ڕێگاو خواردن و هۆتێل زۆری تێدەچی. بەڵام هەندێک کێشە بۆ کلیپەکەم دروستبووە. لەبەرئەوەی بانکی ئەڵمانی لێرە نییە، نەمتوانی پارە دەربێنم. داوای ١٠٠٠ دۆلار هاریکاریم لە نەژاد یاروک کرد، پێیگوتم"بڕیارمانداوە هاریکاری هیچ هونەرمەندێک نەکەین". منیش گوتم باشە ئەگەر کەسێکی تورک بوایە وایدەگوت. باشە ئەی ئەگەر هاریکاری هونەرمەند نەکرێت هونەر چۆن پێشدەکەوێت. بۆیە ئەفەندی نەژاد سووربیبوەوەو وەک سڵقی سووری لێهات. گوتم کوڕی باش بۆ میللەتە، دیسان پێتناندەدەمەوە. من زۆر ناڕەحەت بووم. نامەوێ دەمم بکەمەوە. چونکە شتی خراپ دەڵێم. کە هونەرمەندێکی تورک عەرەب و بیانی بێن، پێیاندەڵێن"ئێوە سەر سەرا هاتن" و خۆشحاڵییەکی زۆر دەردەبڕن. بەڵام کاتێک کوردێک ڕوویانتێدەکات وەک ئەوەی دوژمنیان بێت سەیری دەکەن. ئێوە بۆچی خۆتان بەقوربانی خەڵکی دەکەن. حەیران هیچێک مەکەن، بەس بڵێن"بخێرهاتن". ئەوەندەی نەمابوو بە کاک نەژاد بڵێم کاکە بمبوورە ئەگەر پارەت دەوێت با پێتبدەم.

**وارڤین: ناوی کلیپەکەت چییە؟**

ئەسلیکا:"من نافن". بەشێوازی ئانگۆ دروستی دەکەم. دوو سێ کچ و کوڕ لە کلیپەکەدا پانتۆمیم دەکەن.

**ئەسلیکا قادر کێیە؟**

لەساڵی ١٩٤٥ لە ئاخدارانی ئەلەگەزی ئەرمەنستان لەدایکبووە. لەئێریڤان زانکۆی تەواو کردووەو پسپۆڕی زمانی ئەرمەنی و فارسییە. ٢٢ ساڵ لە ئەرمەنستان وانەی گوتووەتەوەو شەش ساڵیش لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرمەنستاندا کاری کردووە. پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت وەک کوردەکانی دیکەی سۆڤییەت ڕووی لە ئەورووپا کردووەو ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی.

www.netewe.com



# پرۆژەی تەلەفزیۆنەکەی هەڵکەوت زاهیر چی بەسەرهات؟

هونەرمەندی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر لەبەسەرکردنەوەیەکی کورتی وارڤیندا باس لەدوایین پرۆژە هونەرییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: لەهەوڵی ئەوەدام ئافرەتی گەنج بێنمە پێشەوە.

## ستافێکی ژمارەیان زۆر نییە

کە پرسیاری ئەو تەلەفزیۆنە لەهەڵکەوت زاهیر دەکەی و لەبارەی گەیشتن بەکۆی لێدەپرسی، هێمن و لەسەرخۆ دێتە قسەو بۆ وارڤینی ئاشکرای دەکات، کە لەو پرۆژەیەیدا کۆمەڵێک سەرمایەدار هاوکاری دەکەن و بەنیازی چەند پرۆژەیەکن لەو تەلەفزیۆنە"ماوەیەک دەبێ سەرقاڵی ئەم پرۆژەیەم، بەڵام لەهەموو هەنگاوەکانم بەبیرکردنەوەیەکی زۆر کارەکانم دەکەم وکارێکی جیاواز دەبێت. کۆمەڵێک سەرمایەدار لەم پرۆژەیەدا هاوکاریم دەکەن، تایبەت لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکان و بەرهەمهێنانی ئەلبومی هونەری و کلیپەکان".

هەڵکەوت، باس لەتایبەتمەندی کەناڵەکەیان و رێژەی ستافەکەی دەکات و دەڵێ دمیانەوێ تەلەفزیۆنەکەیان تەلەفزیۆنێکی هونەری بێ"ئێمە ستافێکین ژمارەمان زۆر نییە بۆ کاری ناو تەلەفزیۆن، هەوڵدەدەین خۆمان کارەکانمان جێبەجێی بکەین و وەک ناوەرۆکیش کەناڵێکی هونەری دەبێت".

## ئاریکی کریستاڵی تەواو کردووە

یەکێک لەو ناوانەی بەمدواییە هەڵکەوت زاهیر، کاری بۆی کردو کچە شانۆکارەکەی جارانی هێنایەناو دنیای گۆرانی و مۆسیقا کریستاڵە. هەڵکەوت، باس لەبەرهەمەکەی کریستاڵ دەکات"دوا پرۆژەم ئەلبومی هونەرمەند (کریستاڵ)ە لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە بەناوی (ئاریکی) سەرجەم کارەکانی تەواو بوون و تەنیا کاری چاپکردنی ماوەو کلیپێکیش ئامادەیە".

## کەس وەک ئەو خۆشینەویستووە

هەڵکەوت، بەردەوام دەبێ لەقسەکردن بۆ وارڤین و هەمدیس کارێکی دیکەی نوێی خۆی دەخاتەروو"هونەرمەند لۆکە دوای ئەوەی لەئەلبومی (هەبوونەبوو) سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا ئێستا بەنیازی بلاوکردنەوەی ئەلبومێکی دیکەیە بەناوی (کەس وەک تۆ خۆشینەویستووم) کە گرنگیمانداوە بەلایەنی مەقامات و لە ٧ تراک پێک هاتووە".

## شیعری گۆران و پیرەمێردی بەکارهێناوە

وێرای ئەوەی هەڵکەوت، زیاتر کار بەتێکستی سادە دەکات، وەلێ ئەمجارەیان لەئەلبوومی لۆکەدا کاری بە شیعرەکانی پیرەمێرد و گۆران و چەند شاعیرێکی دیکە کردووە"لەئەلبومەکەی لۆکەدا تێکستی شاعیرە گەورەکانم بەکارهێناوە وەک (پیرەمێرد و گۆران) هەروەها تێکستی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن کەناوی ئەلبومەکەیەو حەمەسەعید ئیبراهیم و خۆم و چەتۆ حەسەن) تێکستەکانی ترمان نووسیووە.

## دەشنێ و میرا و لۆکەو ئاسلی و نیلیسا بۆ ٢٠١١ ئامادەن

هەڵکەوت زاهیر، بەمتمانەوە باس لەپرۆژەکانی داهاتووی دەکات و دوای ئەلبوومەکانی"رێبین و عەشیر" دوو ستارەکەی پرۆگرامی ستۆدیۆی ئەستێران کاری دیکەی نوێی هەیە"ئەلبومی هەردوو هونەرمەندی لاو(رێبین و عەشیر) لەم ماوەیە بلاودەکرێنەوەو پرۆژەی زۆرمان هەیە بۆ ساڵی داهاتوو لەوانە هونەرمەند(دەشنێ موراد، میرا، لۆکە، ئاسلی و نیلیسا) کارەکانیان بۆ ساڵی ٢٠١١ ئامادەن.

## دیەوێ گەنج و بەتایبەتی ئافرەت بێنێتە پێشەوە

ئەگەرچی لەدیداری دیکەدا هەڵکەوت زاهیر رایگەیاندووە کە ئێستا ٢٠ کچ لەچاوەڕوانی ئەوەدان کاریان بۆ بکات، وەلێ لەکۆتایی دیدارەکەی وارڤین ئومێدی ئەوە دەخوازێ بتوانێ گەنج بێنێتە پێشەوە"هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدام ساڵانە گەنجی نوێتر بهێنمە پێشەوەو بەتایبەت ئافرەت بەگرنگییەکی زیاترەوە".



بەهرە سدیق



www.netewe.com

## پێم بڵێ ناوت چییە.. پێت ئەڵێم تۆ کێیت

# لەڕێگەی پیتەکانەوە کەسایەتیت بناسە




A: ئەو کەسانەی ناویان بەو پیتە دەستپێدەکات حەزیان لەکارکردنە، ئەوەی کە پلانی بۆ دادەنێن پێیدەگەن، بەڵام بێئارامن، تێگەیشتوو و سەرنجڕاکێش و ڕەوشتبەرزن، کەسانێکی کۆمەڵایەتی و هەست ناسکن، بەئاسانی بەدەم هەموو ئەو کەسانەوە ناچن کە لێیان نزیکدەبنەوە. بەسانایی بڕیارنادەن، درەنگ دەکەونە داوی خۆشەویستی و بڕیاریان بۆ هەمیشەیی دەبێت، هەرگیز ناتوانن خۆشەویستەکەیان لەبیر بکەن، گیانی تۆڵەکردنەوەیان تێدا نییە، بەپەرۆشن بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییان لەگەڵ کەسەکان.

B: کەسایەتی ڕۆمانسین، حەزدەکەن لەلایەن خۆشەویستەکانیانەوە دیارییان بۆ بیبردرێت، حەزدەکەن نازیان هەڵبگیردرێت. خۆشیان دەزانن چۆن نازی خۆشەویستەکانیان هەڵگرن، زۆر ئارام و لەسەرخۆن تائەو شتانەی دەیانەوێت بەدەستیبهێنن، دەتوانن زاڵبن بەسەر هەست و سۆزەکانیان، هەموو کات پێویستیان بەئەزموونی نوێ هەیە.

C: کەسانێکی کۆمەڵایەتین، بەسۆزن، هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان بەشێوەیەکی جدی بێت. وەک هاوڕێیەک سەیری خۆشەویستەکەیان دەکەن، زۆر هەستیارن، پێویستیان بەکەسێکە عاشقیان بێت، ئەگەر ئەو کەسەی ئەدۆزنەوە توانای ئارامگرتنی هەیە تا کەسێکی وا دەدۆزنەوە.

D: هەستێکی بەرزیان هەیە، ئەگەر ببینن کەسێک تووشی کێشە بووە، هەست بەناخۆشی دەکەن، زۆر هەوڵدەدەن چارەسەری بکەن، زۆرجار هەستی خۆشەویستی لایان دەبێتە ئیرەیی و مۆڵکداری. دەستڕەنگینن، سەربەخۆن، بەڵام زیرەکانە.

E: لەپێویستییە گرنگەکانیان ئەوەیە، قسەدەکەن، گوێیان لێبگیردرێت، گفتوگۆی جدی دەکەن، بەرەنگاربوونەوە زۆر گرنگە لەلایان، ئەگەر کەسێکیان خۆشویست زۆر بەوەفان، ئارەزوویان خوێندنەوەی کتێبە پێش خەوتن.

F: کەسانێکی بەهەستوسۆزن، لەکەسێکی گونجاو دەگەڕێن بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشی ژیانیان، کەسانێکن حەزیان لەخۆدەرخستنە، بەڵام ڕەسەنن، حەزیان لەسەیرکردنی دیمەنی ڕۆمانسیەت و تراژیدیە، زۆر بەخشندەن لەخۆشەویستی.

G: زۆر قورسە ڕازیکردنیان، ورد و چالاکن و هەست بەماندووبوون ناکەن.

H: یەکێک لەسیفەتەکانی ئەو کەسانە میهرەبانییە لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە خۆشیاندەوێن، کەسانێکی خۆشەویستن، بەسۆزن، سەرنجڕاکێش و بەهێزن، بەئاگان لەپەیوەندییەکانیان و بڕوایان بەوە هەیە، پێویستە مرۆڤ هەمووکات ئاگای لەخۆی بێت، هەوڵی زۆردەدەن بۆ گەیشتن بەلوتکە، کەسانی دیکە پشتیانپێدەبەستن لەکاتی ناخۆشییەکان.

I: لەخۆشەویستێک دەگەڕێن کەدڵیان خۆشبکات، ئارەزوویان گۆڕانکارییە، پەیوەندییە ڕەسمییەکان درێژە ناکێشێت لەژیانیان، چونکە حەزیان بەپابەندبوون نییە، دڵسۆزیش نین.

J: هێزێکی جەستەیی زۆریان هەیە، بەڵام بۆ چاککردن بەکاریناهێنن، ڕۆمانسین، سەرکەوتوون، بڕوایان بەخۆشەویستی نییە.

K: حەزدەکەن بەتەنیابن، مێشکێکی بازرگانییان هەیەو دەتوانن لەهەموو فێڵە بازرگانییەکان تێبگەن، بۆ دەستکەوتنی هاوبەشی ژیانیان توانای ئارامگرتنێکی باشیان هەیە، زۆر میهرەبانن ، دڵپاکن.

L: هاوبەشی ژیانیان گرنگی زۆر هەیە لایان، فەرهەنگێکی تایبەتیان هەیە بەخۆشەویستی، حەزدەکەن هاوبەشی ژیانیان زیرەک بن، ئەگەر وانەبێت هەست دەکەن کە ناتوانن بەردەوام بن

www.netewe.com

لەگەڵی، پێویستیان بەخۆشەویستییە.
M: رۆمانسی، شەرمن و سادەن، لەسیفەتەکانیان رەخنەگرتنی توند لەخۆشەویستەکانیان بۆگەیشتن بەمەبەستەکانیان، بەڵام قورسە هاوبەشی ژیانیان بدۆزنەوە، کە لەگەڵیان بگونجێت، خۆپەرستن و هەمووکات وابەستەکەن قسەکانی ئەوان راستە جاهەرچی بێت رووبەڕووبوونەوەو سزاکان، ویستی سەرەکییان سەرکەوتنە هەرچۆنێک بێت.
N: هەموو ئەو شتەی کە دەیانەوێت کەسێکە هەستوسۆزی خۆیان پێبدەن، بڕوای تەواویان بەسەربەستی هەیە، خۆشەویستێکی زۆر بەخۆشەویستەکەیان دەدەن.
O: زۆر حەزدەکەن بەشداری بکەن لەو چالاکییانەی کە بۆ خۆشی و کاتبەسەربردنە، بەڵام شەرمن و حەزناکەن ئارەزووەکانیان دەربخەن. دەتوانن تواناکانیان بۆ دروستکردنی سامانێکی زۆر بخەنەگەڕ. زۆر دڵسۆزن پێیانخۆشە خۆشەویستەکانیشیان وەک خۆیان بن، هەندێکجار هەستی خاوەنداریتی بەسەریاندا زاڵ دەبێت.
P: کەسانێکی پابەندن بەدابونەریتی کۆمەڵگا، ناتوانن بیر لەو شتانە بکەنەوە کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت بەسەر کەسایەتییان، حەزدەکەن هاوسەری ژیانیان گرنگی بەرووخساری بدات و زیرەکیش بێت لەهەمانکاتدا، لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەیان وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.
Q: توانایەکی زۆریان هەیەو حەزیان لەچالاکییەو گورجوگۆڵییە، ئەمەش وادەکـات پێش زۆر کەس بکەون، خووڕەوشتی کەسانی دەوروبەر رایاندەکێشێت، بۆ بەردەوامبوون لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی، پێویستیان بەگفتوگۆ هەیە.
R: خاوەنی کەسایەتی بەرزن، دەتوانن هەڵەی خۆیان چارەسەر بکەن، لەکەسانێک دەگەڕێن وەک خۆیان بن لەبیرکردنەوە، هەوڵدەدەن بۆ خۆشەویستەکانیان بسەلمێنن کە ئەوان شایەنی هەموو شتێکن.
S: ناتوانن زاڵ بن بەسەر هەستوسۆزیان بەتایبەت کاتێک کە بەڵێندەدەن، سیفەتی ئیرەیی و خاوەندارییان هەیە، حەزدەکەن هەمووکات دیاربن و دەرکەون. خۆپەرستن، دەتوانن هەموو رۆڵێک ببینن، زیرەکن لەبازرگانی، خۆشەویستی ژیانیان زۆر بەجدی وەردەگرن، دەتوانن چاوەڕوانی ئەوە بکەن تا کەسێکی گونجاو دەدۆزنەوە.
T: ئەو کەسانەی ناوەکانیان بەو پیتە دەستپێدەکات کەسانێکی هەستیاردوون و ناڕوونن، زۆرجاریش تووڕەن، بەڵام کاتێک دەکەونە نێو ژیانی خۆشەویستی چاکدەبنەوە، ناتوانن دەستبەرداری خۆشەویستییەکەیان بین، دەتوانن زۆر بەئاسانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە بهێڵنەوە وەک چۆن دەیانەوێت، بەڵام ناتوانن ناخی خۆیانی دەربڕین، زۆرجار ناچارن ئاراستی بڵێن، ئەوەش مایەی ئازاری خۆشەویستەکەیانە، زۆربەیجار پێداگری لەسەر قسەکانیان دەکەن، گوێ لەئامۆژگاری کەسانی دیکەش ناگرن.
U: کەسانێکی زۆر بەپەرۆشن، ئەوکاتەی لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیدان دەگەنە لوتکەی خۆشی، زۆر گرنگی بەروخسار دەدەن و حەزدەکەن هەموو کات دیاربن.
V: کەسانێکی لەسەرخۆن دەیانەوێت زۆر وردبینەوە لەو کەسانەی دەیانناسن، ناتوانن خاڵی بەهێزی و لاوازی ئەو کەسانە دیاری بکەن بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجیانڕاکێشن بۆ لای خۆیان، زیاتر لەو کەسانە نزیکدەبنەوە کە هەڵسوکەوتی سەیریان هەیە، ئامادەییەکی سەیریان هەیە بۆ ئەو بابەتانەی کەپەیوەندی بەبابەتی ترسناک هەیە.



W: زۆر شانازی بەخۆیان دەکەن، وشەی "نەخێر" قبووڵناکەن و پێداگری زۆر دەکەن لەسەر بڕیارەکانیان، بەتایبەت کە پەیوەندی بەخۆشەویستییەوە هەیە. ئەوکاتەی خۆشەویستی دەکەن زۆر پەیوەست دەبن بەخۆشەویستەکانیان، کەسایەتییەکی رۆمانسیان هەیە، ئەو بڕوابوونە زۆرەی بەخۆیان هەیانە وایلێکردوون، کە هەمووکات بەرەوپێش بچن.
X: ئەو کەسانە دەتوانن لەیەککاتدا دوو کار بکەن، چونکە توانایەکی باشیان هەیەو بەهرەمەندن و توانای بیرکردنەوەی زۆریان هەیە.
Y: کەسانێکی جێگیرن، هەوڵدەدەن بۆ خۆباشترکردن، ئەگەر نەتوانن کارێک بکەن بەو شێوازەی کە دەیانەوێت واز لەکارەکە دەهێنن، هەمووکات دەیانەوێ کاردانەوەی کەسانی بەرامبەر بزانن لەسەر ئەو کارانەی کە دەیکەن.
Z: کەسانێکی زۆر رۆمانسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر بەقورسی ئەوە دەردەخەن، هەوڵدەدەن خۆشەویستەکانیان دڵخۆشبکەن، کەسانێکی کۆمەڵایەتین، یارمەتی هەموو ئەو کەسانە دەدەن کە هەستدەکەن پێویستیان پێیانە.

ئا: ساکار رۆستەم

# دیکۆدرامایەک
# لەیلا قاسمی گەیاندە جیهان

لەیلا قاسم، یەکەم ئافرەتە لەمێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسێدارە دراوەو پێویستە ژنانی ئەمڕۆیش چاوی لێبکەن و مەبدەئی خۆیان نەدۆڕێنن. لەیلا قاسم، ئەو ژنە شۆڕشگێڕە بوو کە بەهۆی کوردایەتییەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسێدارەدرا. لەماوەی رابردوودا لەرێگای کارێکی دیکۆدرامییەوە ئەمیر تەهای دەرهێنەر لەیلا قاسمی بەسەرکردەوەو کردیە هەوێنی فیلمێکی دیکۆدرامی، ئەمیر تەهای دەرهێنەر لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ وارڤین دا قسە لەسەر ئەوکارەی دەکات.

**یەکەم ژنە شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتی ناڤین**

لەدەستپێکدا کاکە ئەمیر تەها، دەپرسی بۆچی لەیلا قاسم؟ بەسەرسامییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەمێژووی خەباتی هەر نەتەوەیەکدا کەسانی شۆڕشگێڕ هەن و هەموو شتێکیان کردووەتە قوربانی نەتەوەکەیان "لەیلا قاسم، کەسێکی لەخۆبردوو بوو سڵی نەدەکردەوە لەدوژمن و لەماوەیەکی کورتدا پەیوەندی کردووە بەکەسانی مافخواز و وێڵ بووە بەدوای ئازادی بۆ میللەتەکەی و توانی ببێتە هێمایەک بۆ بەرخودان. ئەمە هۆکارێکی گەورەیە کە هەوڵی ئەوە بدەم فیلمێکی لەسەر دروست بکەم، بیناسێنم و بڵێم ئێمەش وەک گەلانی دنیای پێشکەوتوو سیمبولی ئازادیخوازیمان هەیە".

ئەمیر، لەکارەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی لەیلا قاسمی شەهید، یەکەم ئافرەتە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بیروباوەری سیاسی لەسێدارەدرابێ و لەدنیاشدا لە ریزبەندی یەکەمەکاندایە "لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیلا قاسم، تاکە ئافرەتە لەسەر بیروباوەری شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانە رووبەڕووی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و رەگەزپەرست ببێتەوەو لەوپێناوەشدا دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەسێدارە بدرێ. چوارەم ئافرەتی دنیاشە کە بۆ مەهامەبەست


لەیلا قاسم


مەزاری لەیلا قاسم

مەزاری لەیلا قاسم

لەسێدارەدرابێ. دیارە ئەو کەسێک بوو لەرێزی کاروانی سەرفرازانی وەک جاندارک، زۆیا و کەسانی تر کە خۆیان بۆ نیشتمانەکەیان بەخت کرد".

**ویستم ئەیکەم، بەلام...**

کە ئەو فیلمە دەبینی ئەگەر زۆر وردنەبیتەوە هەستناکەی ئەمە دیکۆدرامایە، کەچی لەڕاستیدا دیکۆدرامایەو بەشێک لەدیمەنەکانی وێنەی گیراوەتەوەو نواندنی تێدا کراوە. دیارە بۆ کارکردن بەو ستایلەش ئەمیر، نەبوونی ئەرشیفی پارێزراو بەهۆکار دەزانێ "لەدەستپێکی کارەکەمدا گەڕان و سووڕانێکم بەزۆر بنکەی ئەرشیفی کرد ڤیدیۆیەکی ئەوکاتە یان وێنەیەکی فۆتۆگرافیم دەستکەوێ، بەڵام ئەوەی دەستکەوت تەنیا دوو وێنە بوو کەلە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆ یادی لەسێدارەدانەکەی دادەنرا. بەڕاستی سەرەتا دوودڵبووم، ویستم واز لەو کارە بێنم، بەڵام دواتر خۆشبەختانە توانیمان نزیکەی ٢٠

وێنەی هەمەڕەنگی پەیدا بکەین. وێنەیەکیان لەیلا، لەچوار ساڵی و وێنەیەکتریش لەسەرەتایی و ئەوانیتریشی لەئامادەیی و کۆلیژ تەنانەت چەند وێنەیەک لەگەڵ خانەوادەکەی. ئەمە زۆر خۆشحاڵتری کردم هەرلەو سۆنگەیەوە شیعرەکەی مامۆستا هێمن و لاوانەوەکەی هونەرمەند حەمەجەزا و چەند سەرچاوەیەکی نووسراو هەروەها گوتارێکی بەڕێزسی یەکەمی گروپەکەی لەیلا کە کاک مەسعود بارزانی بوو و هەروەها بینینی چەند کەسانێکی نزیک لەڕووداوەکە بڕیاری کارکردنم دا".

## ئەرشیفمان نییە

لەبارەی کارکردن لەوکارە دیکۆمێنتییەدا ئەمیر تەها، دەڵێ کورد لەڕووی ئەرشیفەوە میللەتێکی هەژارە "ئێمەی کورد لەڕووی ئەرشیفەوە زۆر هەژارین و نەمانتوانیوەو هەوڵی ئەوەماننەداوە کە چ بابەتی ڤیدیۆیی یان فۆتۆیی لەپێناو پاراستنی راستییەکان پەیدا بکەین و بۆ دنیای بسەلمێنین کە ئێمە بەچ قۆناغێکدا تێپەڕیوین".

ئەمیر، لەپاراستنی بەشێک لەئەرشیفەکان ڕۆڵی میدیا بیانییەکان بەئەرێنی دەزانێ "ئەگەر ئەو راگەیاندنە بیانییانە نەبوونایە هەندێ ڕووداو هەبوو نەماندەتوانی باسی لێوە بکەین، بۆیە دەڵێم ئێمە پێویستمان بەبنکەیەکی ئەرشیفە".

## ویستی خۆی بیکات، بەڵام فریای کەوتن

بۆ ئەم فیلمە دیکۆدرامیە بڕیار بووە دەرهێنەر لەسەر ئەرکی خۆی کاربکات، وەلێ فریای کەوتوون "لەسەرەتادا بڕیارمدابوو لەسەر ئەرکی خۆم واتە لەو مووچەیەی کە وەریدەگرم بیکەم، بەڵام دواتر لەڕێگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە بەڕێز دکتۆر کوردستان موکریانی و کۆسارخان پرۆژەکەیان بەدڵ بوو و هەوڵیاندا پارەیەکی زۆر تەرخانیان بۆ کارەکە دابینکرد، بەڵام داکۆکیکردنی ئێمە بۆ کارەکەو وەڵاتانی لایەنی مادی بووە جێی ڕەزامەندی نەک هەر کورد بەڵکو بینەری بیانیش".


## دیمەنی فیلمەکەی بەرێتە زۆرترین شوێنی دنیا

یەکێک لەو کارانەی ئەمیر تەها، کە تائێستا لەچەندین شوێن نمایشکراوە، فیلمی دیکۆدرامی "لەیلا قاسم هێمای بەرخوادان" بووە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەمیر تەها دەڵێ "باشترە بڵێین زۆر شوێن داوایانکردووە نمایشی بکەن، بەڵام دەرفەت نەبووە".

ئەمیر، لەقسەکانی بەردەوام دەبێ و ناوی ئەو شوێنانە دێنێ کە فیلمەکەی تێدا نمایشکراوە "هەولێر، سلێمانی، خانەقین، زاخۆ، لەندەن، چەندین شوێنتر و کەناڵی تەلەفزیۆنی وەک کوردستانتیڤی و چەند کەناڵێکیتریش نمایشکراوەو بەردەوامیشین لەنمایشکردنی، ئێمە دەمانەوێ ئەو کەسایەتییە وەک کەسێکی ئاسایی سەیرنەکرێت. ئەو بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ دەیتوانی نامەیەکی پەشیمانبوونەوە بداتە دەسەڵاتی عێراقی ئەوکات کە سەرۆکی وڵات داوای لێکردبوو، بەڵام ئەم بۆ مەبدەئەکەی خۆی ئەمەی نەکرد پێویستە ئەم فیلمە بچێتە سەرجەم ماڵی کورد و ببینرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ کەسانی وەک لەیلا قاسم گیانیان بۆ بەختکردووە".

## زۆر چاو لە لەیلا قاسم بکەن

ئەمیر تەها، لەدروستکردنی ئەو فیلمە ئامانجی خۆی هەبووە، زۆر راشکاوانەش دەیخاتەڕوو "پێویستە مرۆڤ بۆ مەبدەئەکەی خۆی هیچ کارێکی نادروست نەکا، هەوڵبدات ئەو پەیامە پیرۆزە شۆڕشگێڕییە، هونەرییە، کۆمەڵایەتییە یان هەر بوارێکیتر بە غەریزە کورتخایەنەکان نەگۆڕێتەوە. تەماشای ژیان و خەباتی ئەو ئافرەتە بەرزە بکرێ کە چۆن ژیانی خۆی دەستپێکرد وەک هێمنی شاعیر دەڵێ چۆن بووە قارەمانی میللەتی خۆی".



مەزاری لەیلا قاسم



ئەمیر تەها لەسەر مەزاری لەیلا قاسم



لەیلا قاسم

## "ئێوە شایستەی وڵاتی سەربەخۆن"

فیلمی دیکۆدرامی "لەیلا قاسم هێمای بەرخودان" لەفێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن نمایشکرا و لەنمایشی ئەم فیلمەدا کۆمەڵێک خەڵکی غەیرە کورد ئامادەبوونە. دەرهێنەر باس لەرای ئەوان دەکات و نایشارێتەوە کە ئەوانی بەخەباتی گەلی کورد ئاشنا کردووە "ئەوان زۆر بەباشی جاندارکیان دەناسی و دەیانزانی چۆن خەباتی کردو بووە ناوێکی پرشنگدار لەمێژووی خەباتی گەلەکەی لە فەرەنسا، بەڵام کە لەیلا قاسمیان بینی چەند بیانییەک لەدەورووبەرمدا کۆبوونەوەو داوای زانیاری زیاتریان سەبارەت بە لەیلا دەکرد، زۆر پێی سەرسامبوون و دەیانگووت ئێوە شایستەی وڵاتی سەربەخۆن".



بەشێک لە تابلۆکانی یۆهانس ڤێرمەیر

# ئاوڕێك لەمێژووی هونەری وێنەكێشان

سامان عەلی سابونچی

## یوهانس ڤێرمەیر

یەکێک بووە لەبلیمەت و ناودارەکانی سەدەی ئاڵتوونی وێنەکێشان و مێژووی هونەری هوڵەندا، ئائێستاش کارەکانی بەئاڵوز هەژماردەکرێن، بەهۆی ستایلی کارەکانی و ئەو رەنگ و رووناکییەی لەتابلۆکانیدا بەکاری بردوون، بەردەوام گرانترین رەنگی بەکارهێناوەو بۆ ئەنجامدانی تابلۆکانی ماوەی چەندمانگ و هەندێکجار سالانی پێچووە، بەگوێرەی ئامارکردن سالانە دوو تا سێ تابلۆی وێنەکێشاوە. ژیانێکی سەختی بەسەر بردووەو هۆکاری مردنیشی بۆ قەرزاربوون دەگەڕێندرێتەوە.

دەربارەی کاتی لەدایکبوونی یۆهانس ڤێرمەیر، زانیاری تەواو بەردەست نییە، تەنیا زانیاری ئەوەیە کە رۆژی ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٦٣٢ لەکڵێسەی پرۆتێستانت لەدێلفت ناونراوە (مەبەست لەناونان لەکڵێسە، کردن بەکریستیانە، یاخود یەکێک کە مردووە بەڕێدەکرێت و یەکێکی دیکە دەهێندرێتە شوێنی، بەگوێرەی مێژوو ئەم پرۆسێسە گۆڕانی بەسەرداهاتووەو دەکرێت لەحەوتەمین رۆژی لەدایکبوونەوە ئەم ئاونانە بکرێت، بەهەڵکێشانی منداڵەکە لەئاو لەلایەن قەشەوە).

باوکی ناوی "راینەر یانسز ڤۆس" بووەو فرۆشیاری قوماشی حەریر و بازرگانی تابلۆی هونەری بووەو دایکی ناوی "دینخێنیوم بالتێنس" بووە، لەساڵی ١٦٣١دا هاوسەرگیریان پێکهێناوەو لەساڵی١٦٤١دا ریستۆرانتێکیان بەناوی "مێخلین" کڕیووەو وازی لەکاری بازرگانی تابلۆ نەهێناوە، کاتێک لەساڵی ١٦٥٢ دا باوکی دەمرێت "یۆهانس" بەردەوامی بەکارەکەی باوکی دەدات و سەرپەرشتی ریستۆرانت و کارە بازرگانییەکەی دەکات، بەلام سەرکەوتوو نابێت.

لەگەڵ ئەوەی خۆی لەخێزانێکی پرۆتێستانت بووە، لەساڵی ١٦٥٣دا لەگەڵ "کاتێرینا بۆلنێس" کەکاسۆلیک بووە، هاوسەرگیری پێکدەهێنن. بەلام سەرەتا خێزانێکی بێگرفت نابن، جگە لەجیاوازی ئاینیان، خێزانی ژنەکەی دەوڵەمەندتر دەبێت لەخێزانی ڤێرمەر، ئەمەش کێشەی بەردەوامیان بۆ دروستدەکات و منداڵەکانیان بەناوی قەشە کاسۆلیکەکانەوە ناودەنرێن، لەباتی قەشەکانی پرۆتێستانت.

یەکێک لەتابلۆکانی رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە لەخۆدەگرێت، کە سەرەتای هاوسەرگیری تێیدا ژیاوە. دوای ماوەیەک پێکەوەژیان و دروستبوونی کێشەی ئابووری و ژیانێکی سەخت بەدەست نەبوونییەوە، بڕیاری گوێزانەوە بۆ ماڵی دایکی "کاتێرینا" دەدەن، کە ئەویش بێوەژنێکی دەوڵەمەندی تەنیاو ناوی "ماریا تینس" دەبێت و هەموو ژیانیان لەو ماڵە بەسەردەبەن. "ماریا"ی خەسووی





ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەریەکی بەرچاوی دەبێت لەژیانی هونەری ڤێرمەردا. نەک تەنیا کچە گەورەکەیان بەناوی ئەنکیەوە ناو دەنێن، بەڵکو هەموو هاریکارییەکی زلواکەشی دەکات بۆ خۆپێشخستن و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی بۆ چوونەناو جیهانی وێنەکێشانەوە. "یۆهانس" لەخێزانەکەی ١٤ منداڵیان دەبێت و سیان لەمنداڵەکانیان پێش خۆی دەمرن.

ساڵی ١٦٤٧ سەرەتای وانەی وێنەکێشان و کاری هونەری لای مامۆستاکەی "کارل فابریتیوس ١٦٢٢-١٦٥٤ مامۆستای بەناوبانگی هۆڵەندی" وەرگرتووەو لە ٢٩ی دیسێمبەری ١٦٥٣ دا، لە "خیلدا دی سان لوکە "ڕێکخراوی وێنەکێشان بووەتە ئەندام، بەڵام بەهۆی دەستکورتی و خراپی باری ئابورییەوە، بەردەوام نەبووەو نەیتوانیوە ئابوونەی مانگانە بدات، دواتر دەوڵەمەندێک بەناوی "پیتەر ڤان رویڤن" هاریکاری دەبێ و بەردەوام دەبێ لەسەر کارەکانی و ژمارەیەکی زۆر لەتابلۆکانی دەکڕێتەوەو باری ئابووری باشتر دەکات. لەساڵی ١٦٦٢ هەڵدەبژێردرێت بەسەرۆکی ڕێکخراوی وێنەکێشان و بۆ چەندین ساڵ سەرۆک دەمێنێتەوە. لەساڵی ١٦٧٢ دا فەرەنسییەکان کۆماری هۆڵەندا داگیردەکەن و کێشەی ئابووری و نەبوونی و گرینگیدان بەهونەرو کاری مێژوویی نامێنێت، نەک تەنیا بازاڕ، قوتابخانەو دوکانەکانیش داخران، ئەمەش بۆ ڤێرمەر کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت و لەدیسێمبەری ١٦٧٥دا بەتەواوەتی دەکەوێت و بۆ بژێوی ناچار دەبێت، قەرزێک بکات، تەنانەت هێندە قەرزداری سەموونفرۆشی سەرسووچی ماڵەکەیان بووە، بەبەخشینی تابلۆ قەرزەکەی پاککردووەتەوە. لەدوای مردنیشی پارەیەکی زۆر کەم و قەرزێکی زۆر بەجێدەهێڵێت، "کاتێرینا"ی خێزانی لەدۆکیۆمێنتێکدا، هۆکاری مردنەکەی بۆ خراپی باری ئابووری و ئەو قەرزکردنە دەگێڕێتەوەو بەمەرجێک ماڵی باوکی خاوەنی زەوییەکی زۆر بوونەو ئەو کێشە ئابوورییەی هۆڵەندا نەوانی تووشی ئیفلاسی کرد. ژنەکەی بۆ دانەوەی قەرزەکانی پێشنیاز بەئەنجومەنی شار دەکات، کە خانووەکەیان و تابلۆکانی لەباتی قەرزەکانی وەربگرن، لەکۆتاییدا تەنیا ١٩ تابلۆیان بۆ دەمێنێت و بۆ بژێوی خۆشیان ناچاردەبن ئەوانیش بفرۆشن.

باری تەندروستی یۆهانس ڤێرمەر، لەباشیدا دەبێت، لەناکاو دوای ڕۆژو نیوێک بەسەر نەخۆشکەوتنیدا، لە ١٥ی دیسێمبەری ساڵی ١٦٧٥ دا کۆچی دوایی دەکات و لەکڵێسەی "ڤێکیە" کۆنی دێلفت بەخاک دەسپێردرێت و دوای خۆی کێشەی زۆر بۆ خێزانەکەی و چەندین تابلۆ و ستایلی هونەری وێنەکێشان بۆ مێژوو جێدەهێڵێت.

بەدرێژایی مێژوو، چەندین هونەرمەندی دیکە، بەقۆستنەوەی ئەو باروودۆخەی ڤێرمەر پێشتر تێیدا ژیاوەو تابلۆکانی زۆربەی ون و بەرتەوازە بوون، هەستان بەدروستکردنەوە (تەزویر)ی تابلۆکانی و فرۆشتنی بەنرخی چاوەڕوانەکراو، بەرچاوترینیان، هونەرمەندی بەناوبانگ "پیتەر دێ هوخ ١٦٢٩-١٦٨٤ ئامستەردام هۆڵەندا" و مامۆستای بەناوبانگ و یەکێک لەوێنەکێشەکانی مێژووی هۆڵەندا "هان ڤان مەیخێرن ١٨٨٩-١٩٤٧ ئامستەردام"، کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بێجیاوازی، بەناوبانگترین تابلۆی بەناوی "ئێوارەیەک لە ئیماتوس" دەکێشێتەوە، لەساڵی ١٩٣٧ دا و بەناوی ڤێرمەرەوە نمایشی دەکات، ساڵی ١٩٣٨وەک یەکێک لەتابلۆ مێژووییەکانی هونەری هۆڵەندی ڕێزلێنان لەڤێرمەر، بەڕێزەوە دەخرێتە مۆزەخانەی "بۆیمانسی شاری ڕۆتەردام". دووساڵ پێش مردنی و لەساڵی ١٩٤٥ دا "هان ڤان" ئەو نهێنییە دەدرکێنێت، کە ئەو تابلۆیە خۆی کردوویەتی و ڕاستەکەی ڤێرمەر نییە، ئەمەش دەبێتە کێشەیەک بۆ چەند ساڵێک و نرخ و چوون بۆ مۆزەخانەکان، ڕوو لەدابەزین دەکەن و ناوبراویش بەر هێرشی ڕەخنە دەکەوێت.

www.netewe.com

# دووركەوتنەوە لە تۆ

كات: بەرزای فەرمانۆەر
شوێن: ئەو نشتیمانەی كەلە تۆەم دوو ئەفاتەوە
لە(نیشە)وە بۆ (تاقانەكەی دلی خۆم)...
سلاو وەك هەر كاتێكیتر ... ئەزانی پێمخۆشە لەپێش سلاوكردن بنووسم بۆت
كە چەند بیرت دەكەم؟ دووری تۆ چەند ئازارم ئەدات؟ چەندم خۆشەوێی؟ ئیتر
تۆ ناوی دەنێی هەرچی كەیفی خۆتە، ناوی دەنێی مەكر، بێتامی، خۆشەویستی،
ئەوینداری... ئەمەیان بۆ تۆ بەجێی دەهێلم.
گیانەكەم!

ئێستا كە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم زۆر زۆر بیرم دەكەیت، بەلام ناچاریش كە
نیگارییەكەم قبوول بكەیت ... ئەزانم تۆ ناتەوێ هیچكەس زەحمەت بدەیت
چ جا ئەو كەسە منیش بم!
تۆ هەموو جارێ پێمدەلێی ئەگەر ناسوودەبوونی تۆ بەمەرگی من بكردرێ دلنیابە
بۆت دەكرم ... بۆیە ئێستاش ئەم نیگارییەم قبوولدەكەی هەرچەند ئازاریشت
ئەدات، زۆر زۆریش ئەتانەت ئەتبینم ئەتپاتە لیواری مەرگ، هێندە قوول و سەختە
بەس هیچكاتێكیش نامەوێ هەولم لەگەل بدەی كە دەستی لێهەلگرم ... خۆ
ئەشزانی منیش چەند كەلەرەقم و زوو دەستبەرداری بەلێن نابم ...!
تۆ هەموو بەلێنێك لەپێناو خۆشەویستی مندا ئەشكێنی، بەس من هیچ بەلێنێك
لەپێناو هیچی تۆدا ناشكێنم ... بیرت ئەچی كەمن بەلێن بەخۆێن ئەنووسمەوە
... بۆ جێبەجێكردنی بەلێنێك قوربانی ئەدەم ئازادەی مردن/دووركەوتنەوە لەتۆ
جۆرێكە لەمردن، بەلام هەر قبوولی دەكەم ... ئەزانی بۆ؟
چونكە بەلێنمداوە؟ چەند بێتامم ئیتر ...
ئێستا ژیان سەختە، بەلام سەختتر لەئاستەنگەكانی ژیان دووركەوتنەوەمە لە تۆ
ئازیزم.
ئەمە بزانە كە ناچارم ئەوەندە كەلەرەقم تا بتوانم ئەویندارێكی راستەقینەبم
...
نامەوێ لاوازبم لەئاست هیچ تەگەرەیەكدا ... تۆش بەهێزبە ... من بۆ هەمیشە
لەگەلتم ... ئەزانم كە بۆت سەیرە كە بتوانم بێ تۆ بژیم ...!
گیانەكەی من .. لەجاران زیاتر خۆشمئەوێی و لەجاران زیاتر لەگەلتدا ئەدوێم ...
ئەها لەجاران زیاتر شێتم بەردەوام لەگەل ئارماییەكتدا ئەدوێم ...
دەدەی وەك هەمیشە چاوە نەرمەكانت هەلبێنەو خەندە بەرپالەكەت بكە،
دەدەی باشە ئیتر خەریكە دلم لەكەی بەناو ...!
بزانە كچێكی گەرمیانی بۆ ئەبەد خۆشتی گەرەكە
شاد بیت.



نیشتمان بێتاوا . كەلار



# کاتارینا بلوم

# بەدبەکارهێنانی میدیا لە ئاستێکی ترسناکدا

سیروان رەحیم

ناوی فیلم: ئابرووی لەدەستچووی کاتارینا بلوم

ناوی ئۆرژینال:

Die Verlorene Ehre der Katharina Blum

سیناریۆ: هاینریش بوێل، فۆلکەر شلۆندۆرف و مارگاریتە فۆن ترۆتا "لە رۆمانی ئابرووی لەدەستچووی کاتارینا بلوم"ی هاینریش بوێلەوە"

دەرهێنان: فۆلکەر شلۆندۆرف و مارگاریتە فۆن ترۆتا

وەڵاتی بەرهەمهێنەر: ئەڵمانیا

بەرهەمهێنەر: فیللی بێنینگەر

شوێنی وێنەگرتن: ئەڵمانیا

ساڵی پێشاندان: ١٩٧٥

کامێرا: جۆست فاکانۆ

موزیک: هانس فێرنەر هێنتزە

مۆنتاژ: پێتەر پرتزیگۆدا

١٠٦خولەک، رەنگاورەنگ

زمان: ئەڵمانی



www.netewe.com

بەرایی:

فیلمی ئابڕووی لەدەستچووی کاتارینا بلوم، کەلە ڕۆمانی "ئابڕووی لەدەستچووی کاتارینا بلوم"ی هاینریش بویلەوە" وەرگێڕاوە، بەرهەمێکە هەموو ئەوانەی لەبواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن، هەموو ڕۆژنامەوان و هەموو وەشانکارێک دەبێت بەوردی تەماشای بکات. پێویستە هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن ئەو فیلمە بەچاوی ڕوونەوە ببینن و لێیرامێنن و حاڵی بن لـەوەی بواری میدیا چۆن دەبێت بخرێتەکار و بەشێوازێک بەڕێوەبچێت. شێوازێک کە ئەگەر خاڵی نەبێت لەرق و گەماری، شێوازێک ئەگەر هەستی جوان و دەروونی پاکژ ڕێبەری نەکەن، ئەوا بێ سێ و دوو دەبن بەسەرچاوەی کارەسات.

هـــەردوو دەرهـێـنـەری ئـەڵـمـانـی ڤـۆلـکـەر شـلـۆنـدۆرف"١٩٣٩" و مارگاریتە ڤـۆن ترۆتا "١٩٤٢" ڕۆمانێکیان هەڵبژاردووە تا بیکەن بەبابەتی فیلم کە پەیان بەوە بردووە بابەتەکەیان بەردەوام بینین دەخوازێت. بابەتێکە پێویستە زۆرتر لەجارێک تەماشا بکرێت و زۆرتر لەجارێک بیری لێبکرێتەوەو مرۆڤ چەقی لەسەر بیەستێت، بەتایبەتیش بۆ کەسانی میدیاکار.

فیلمی ئابڕووی لەدەستچووی کاتارینا بلوم کارێکە شایستەو بەرهەمێکە لەبەرهەمە گرنگەکانی دیرۆکی سینەماو ئەدەبیات.

**ڕۆمان - فیلم**

دیارە لەنێوانی ڕۆمانەکەی نووسەری ئەڵمانی هاینریش بویل"هەڵگری خـەڵاتـی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات ساڵی ١٩٧٢"و فیلمەکەدا کۆمەڵێک جیاوازی هەن، بەتایبەتیش لەبواری ڕیزبەندی ڕووداوەکاندا. بەڵام ئەمە نەبووە بەهۆی ئەوەی ناوەڕۆک یان پەیامی ڕۆمانەکە نەگات. پەیامی ڕۆمانەکە سەبارەت بەتوندوتیژییە، بەتایبەتیش توندوتیژی کاتێک میدیا دەبێت بەسەرچاوەو بەهاندەری. یان ئەوکاتەی میدیا بەدەست کەسانێکەوەیە بۆ حەزی خۆیان یان ویستی تایبەتی خۆیان کەسانی دیکە تووشی ڕیسوایی دەکەن و بێهۆ ناویان دەزڕێنن. ئەو ڕۆژنامەوانانەی دەرفەتی ڕاگەیاندن بەد بەکاردەهێنن، دەبینن هاینریش بویل چۆن وەکو چاوگی گەورەی ترس و هۆکاری کارەسات پیشانیان دەدات. ئەوەی ڕۆژنامەوانێک، ڤێرنەر تۆتگس، بەسەر کاتارینا بلوم-ی دەهێنێت هۆکارە بۆ ئەوەی ڕووداوەکە هەم بەکوشتنی خۆی و هەم بەوێرانکردنی ژیانی ئەو خاتوونە پاکیزەیە کۆتایی پێبێت.

**ناوەڕۆک**

لودفیگ گۆتێنس لەئاهەنگێکدا کاتارینا بلوم دەبینێت و یەکتردەناسن. کاتارینا دڵی لەو پیاوە دەچێت و دەیباتەوە ماڵەکەی خۆی. هەردوو ئەو شەوە پێکەوە لەماڵی کاتارینا بەسەردەبەن. لودفیگ گۆتێنس بەرگومانە بەوەی بانکێکی تاڵان کردبێت. هەروەها گومانی ئەوەی لێدەکرێت بکوژ بێت. بۆیە لەلایەن پۆلیسەوە بەوردی چاودێریی دەکرێت. لەو سۆنگەیەوە لودفیگ دەبێت لە پەیوەندی کردنیدا بە هەمووانەوە زۆر ئاگادار بێت. بەبیانوی ئەوەی کە ئەو خاتوونە یارمەتی ئەو پیاوەی داوە تا لەتاریکی شەودا هەڵبێت، پۆلیس دەدەن بە سەر ماڵی کاتارینادا. بەشێوەیەکی کاتی کاتارینا دەگـرن، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن. بەڵام چ لێکۆڵینەوەیەک؟ بەشێوازێکی زۆر هەڕەشەکارانە، بەشێوازێکی وەها کە دەبێت بەمایەی دروستکردنی ترس لەدڵی ئەو خانمەدا. بێگومان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا زۆریش سووکایەتی پێدەکەن.

پۆلیس چۆن بەو کارەی زانیوە؟ ڕۆژنامەوانێک ئەو بەسەرهاتەی کردووە بە هەواڵ و یەکترناسینی کاتارینان و لودفیگ-ی بۆ خۆی کردووە بەبابەتی دروستکردنی هـەواڵ و مانشێتی وروژێنـەر. بێئەوەی ئەو ڕۆژنامەوانە هیچ بەڵگەیەکی لەلا بێت. کەچی ڕۆژنامەکە گومانکردن لە لودفیگ وەک ڕاستییەک بلاودەکاتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی گومانەکە، گومانێکە پوچ و لەخۆڕایی. لودفیگ ڕاسـتـە هـەنـدێ بەڵگەی لەشکری ئەڵمانی دەستکاری کـردووە، هـەروەها ڕاستە چەکی دزیوە، بەڵام نەکەسی کوشتووەو نەبانکیشی تـاڵان کـردووە. ڕۆژنـامـەکـە نـەک هـەر تـاوان دەداتـە پاڵ لودفیگ، بەڵکو کاتاریناش وەک هاوبەشی تاوان دەناسێنێت. کاتارینا کە تازە ئەو پیاوەی ناسیوە، بەڵام ڕۆژنامەکە بەردەوام وای بلاودەکاتەوە ساڵانێکە ئەو دووانە یەکتردەناسن. ئەو ڕۆژنامەیە بێهیچ هۆکارێک شەڕێکی گەورەی نـارەوا لـەدژی کاتارینا بەرپا دەکـات. لێرەوە مرۆڤ هەست بەترسناکی میدیا دەکات کاتێک بەد بەکاردێت. یاخود کاتێک ڕاگەیاندن بەدەست کەسانێکەوە بێت داماڵراو بن لەهەستی جوان و دەروونی پاکژ.

ئەو دەمەی میدیا بەدەست ئەو کەسانەوە بێت کارەساتی گەورەو ڕووداوی ماڵوێرانکەر ڕوودەدەن. هەموو ئەو کەسانەی کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بەکاتارینا قسەیان لەگەڵ دەکرێت، لێدوانەکانیان دەشێوێندرێت، یان تەواوی ئەو قسانە هەڵدەگێڕنەوەو بەو شێوەیە خۆیان مەبەستیانە دایدەڕێژنەوەو بلاوی دەکەنەوە.

**هەروەکو نموونەیەک:**

"کاتارینا کەسێکی ژیر و ڕوح سووکە؟" ئەو ڕستەیە کە لێدوانی کەسێکە کاتارینا دەناسێت و بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ئـەو پێناسەیەی داوە، لەلایەن ڕۆژنامەکەوە دەگـۆڕدرێت بەم ڕستەیە: "کاراکتەرێکی هەیە سارد و هەستیار و پڕ لە لێپرسینەوە".

یان "کاتێک کاتارینا ڕادیکاڵ بێت، کۆمەککاری ڕادیکاڵ بوونە، زۆر بەپلان و هۆشیارە". ڕۆژنامەکە ئەم ڕستەیەش وەها هەڵدەگێڕێتەوە: "کەسێکە لەهەموو پەیوەندییەکیدا ڕادیکالە، ئەو کەسێکە ئێمەی بەشێوەیەکی زیرەکانە فریو دا".

ڕۆژنامەکە ڤێرنەر تۆتگس-ی ڕۆژنامەڤانی کردووە بەچاودێری ئەم دۆزەی کاتارینا. ئەو ڕۆژنامەوانێکە دەروونی پڕە لە شەڕ و بەهۆی ئەو شەڕخوازییەوە خۆی و کاتارینا بەرەو هەڵدێری ترسناک بە کێش دەکات. ڕاپۆرت لەدوای ڕاپۆرت و بەدواداچوون لەدوای بەدواداچوون ئەو ڕۆژنامەیە ناوی کاتارینا زۆرتر دەزڕێنن. زۆرتر دڵی ئەو خانمە بێتاوانە بریندار دەکەن و ترسناکتر لە تۆڵەسەندنەوەی نزیک دەخـەنـەوە. خانمێک خاڵییە لەگوناه، بەڵام ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن ژیان و دەروونی کاول دەکەن.

پاش ئەوەی لودفیگ دیتەگرتن، کاتارینا بەڵێن بەو ڕۆژنامەوانە، ڤێرنەر تۆتگس، دەدات دیدارێکی سەبارەت بەڕووداوەکە لەگەڵ بکات. کاتارینا لەماڵەکەی خۆی چاوەڕوانی بارۆی ڕۆژنامەوانە، کاتێک دەگات، بەکاتارینا دەڵێت:

"با سەرەتا جارێک پێکەوە سەرجێیی بکەین، لێگەڕێ دەستپێک یەکێک بکەین، پاشان دەچینە سەر دیدارەکە".

بـەڵام کاتارینا لەوساتەدا، کە پێشتر هەموو شتێکی ئامادە کردووە، دەمانچەکەی دەردەهێنێت و ئەو ڕۆژنامەوانە دەکوژێت. ڕۆژنامەوانێک، نەک ڕاستی ئاشکرا نەکرد، بەڵکو درۆی دابەش کرد و بوو بەهۆکاری کارەسات.


# کاتارینا بلوم




لە ڕۆژنامەکە هاتووە کە لەدوا وێستگەیدا، کاتارینا هەوڵی خۆکوشتن دەدات. بەڵام لەفیلمەکەدا چیرۆکەکە لەگۆڕستان بە وتەی بەڕێوەبەری ئەو وەشانخانەیە کۆتایی دێت کە ڕۆژنامەکەی لێدەردەچێت. ئەو بەڕێوەبەرە کرداری کوشتنەکە لەلایەن کاتارینا بلومەوە بەکردەوەی "هێرش دژی ئازادی ڕاگەیاندن" دەنرخێنێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێ بەردەوام دژی ئەو هێرش و هەڵوێستانە بێت بەرانبەر بە میدیا.

**کۆتایی:**

لەم بەرهەمەدا کە بەکوشتنی ڕۆژنامەوانەکەو گرتنی کاتارینا بلوم کۆتایی بەچیرۆکەکە دێت. کوشتن و گرتنێک کە ڕۆژنامەوانی چەواشەکار و کین لەدڵ سەرچاوەیەتی، ڕۆژنامەوانێک چەکی دوو دەمی ڕاگەیاندن بەو دیوەدا بەکاردەهێنێت کە نەک بەرچاوی جڤاک و مرۆڤەکانی ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بەرەو ئەشکەوتە تاریکەکانی ڕق و لێکتێنەگەیشتن بەکێشیان دەکات. نموونەی ئەو ڕۆژنامەوانانە کەم نین. گەلێ وەها پێویست نییە بۆ ئەوەی ترسی ئەو بیرکردنەوەیە لەخۆمان بەدوور بگرین، ناچارین هەمیشە ئاگاداری ئەو شێوازە ناجۆرەی کاری ڕۆژنامەوانی و ئەو کەسانە بین کە لەڕووبەری میدیادا چالاکن، ئەو ڕۆژنامەوانانەی دەتوانن کەسانی دیکە بەئاسانی بریندار بکەن و بیانکەن بەبابەتی ڕیسوایی و ئاوزڕاندن.




www.netewe.com

# کام سەرۆکوەزیران پارێزەری ژنێکی تاوانلێکراو دەبێت؟

وارڤین:

ئەوکاتەی جەستەی خوێناوی ژنێکی زامدار زمانی گێڕانەوەی رووداوێکی حەقیقییەو چاو، دەست و سەری شوێنی رێژنەی گوللەیە..! پرسیار بۆ پێگەی ژن چییەو وەڵامی بەرپرسانی پەیوەندیدار چییە؟. ئەی ئەوانەی خۆیان بە بەرگریکاری ژن و لایەنگری مافی ژنان ناساندووە وەڵامیان چییە؟. ژنێک ٢٠ ساڵ چیرۆکی لێدانی لەلایەن هاوسەرەکەی پێیەو لەکۆتایی ٢٠ ساڵ لە ئازاریش بە فیشەک لەلایەن براکەیەوە سڵاوی مەرگی لێکراوە، وەڵامی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چییە؟. ئەی ژنێک دوای گوللەبارانکردن سیناریۆی کوشتنی بۆ نووسرابێت و تێیدا هاتبێت کە خۆی خۆیی کوشتووە لەکاتێکدا ئەو هێشتا زیندووبێت چۆنە. ئەی وەڵامی دادگاو داواکاری گشتی چییە؟ ژنێک تاوانلێکراوبێت وماڵێک نەبێ تێیدا بژیت، جگە لەوەی بەبریندراری لەژووری گرتووخانەیەک دانرابێ و هیچ لایەنێکیش بەهانایەوە نەیەت، وەڵامی پاسەوانانی ژنپارێزی چییە؟. ئەمانە هەمووی رووداوگەلێکن بەسەر ژنێک بەناوی کوردستان هێنراوەو ئێستاش لەکونجی گرتووخانەی چاکسازی ژنان لەهەولێر دانراوە. لەخوێندنەوەی ئەو کەیسە چەند بۆچوونێک دێتەئاراوەو لێرەوە شرۆڤەی دەکەین:

١. با لەکابینەی پێنجەوە دەستپێبکەین و بڵێین ئایا سەرۆکوەزیرانی ئەوکات نێچیرڤان بارزانی کە بەهۆی بەرگری لەژنان وەک یەکێک لەهۆکارەکان لەپاڵ چەند هۆکارێکیتر، دکتۆرای فەخری لەزانکۆی واشنتن –جیفرسنی ئەمریکا پێبەخشراو، دواتر لەلایەن رێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال ستایشی هەوڵەکانی کرا، دوای ئەوەی وادەی سەرۆکوەزیرانی لەکابینەی پێنجیش تەواوبوو گوتی «ئەوکاتەی دەستیش لەسەرۆکوەزیران هەڵدەگرم زیاتر بایەخ بەپرسی ژنان دەدەم»، ئایا ئێستا کە لەپۆستی سەرۆکوەزیران نییە چ وەڵامێکی بۆ کوردستانی زامدار هەیە کە کەس لەخۆیی ناگرێت و کەسیش نییە بەرگری لێ بکات؟. ئایا تەنیا ئەو کاتە نێچیرڤان بارزانی بەرگری لەژن دەکرد کە لەسەر کورسی سەرۆکوەزیران بوو؟ یان کەسێکی نییە چاودێری رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی بۆبکات و پێیبڵێت ژنێک ئەمە واقیعیەتی و تۆش ئاگات لێی نییە؟.

٢. لەکابینەی شەش کە ئێستا د.بەرهەم ساڵح سەرۆکوەزیرانیەتی وەڵامی ئەو بۆ ئەو دیمەنە تراژیدییەو چەندەها دیمەنی هاوشێوەی کوردستان چییە؟. لەوکاتەی بڕیاربوو سەرۆکوەزیران ئەنجوومەنی باڵای خانمان دابمەزرێنێت کە نەکرا، خۆ ئەگەر ئەنجوومەنێکی ژنانیش نەبێ دەتوانرێت بەرێگەیەک لەرێگەکان بەهانای کەیسێکی وەک کوردستانی بریندارەوە بێت و لەو مەینەتە رزگاری بکات کە تائێستا تاوانبارانی دەستگیر نەکراون.

٣. رێکخراوی ژنان و ئەوانەی بەناوی ژنەوە بەردەوام لەسەر شاشەی میدیاکانەوە قسەدەکەن ؟ لەکوێن و هەڵوێستیان چییە؟ ئایا تەنیا کاری ئەوان سیمینارگرتن و قسەکردن و شیرینیبەخشینەوەیە؟ یان بەهاناهاتنی کەیسێکی وەک کوردستان و گوشارخستنەسەر لایەنی پەیوەندیدار، ئەرکی راستەقینەی ئەوانە؟؟.

٤. یەکێک لەچالاکوانانی ژن لەسلێمانی کە شەڵتەری ژنانی هەیە بەسۆزەوە باوەشی بۆ ئەوە کردەوە کە ئەو ئامادەیە رووداوەکەی کوردستان بگەیەنێتە سەرۆکوەزیرانی کوردستان، بەڵام بۆ رۆژی دواتر کە بڕیاربوو پەیوەندی بکاتەوە نەک وەڵامی نەبوو بەڵکو هەر دەنگیشی نەما وەک ئەوەی ئامادەنەبێ گوێبیستی هەواڵی ئەو رووداوەش بێت. لێرەوە دەپرسین کام سەرۆکوەزیران پارێزەری ژنێکی تاوانلێکراوی وەک کوردستان دەبێت؟ سەرۆکوەزیرانی پێشوو یان سەرۆکوەزیرانی ئێستا؟. یان کوردستانی زامدار ئەوە چارەنووسیەتی و لەوادەی سەرۆکوەزیرانی داهاتووشدا دەنگی کوردستانەکان بەنەبیستراوی دەمێنێتەوە.

www.netewe.com